خەبات

XEBAT

تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە

رۆژنامەیەکی سیاسیی رۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە

ژمارە (5721) دووشەممە 1ی نیسان 2019 «16» لاپەڕە «500» دینار

سەرۆک بارزانی پێشوازی لە سەرۆکی پارتی تورکمان ئیللی دەکات



دوێنێ یەکشەممە 31ی3ی2019 لە سەلاحەددین سەرۆک مەسعود بارزانی پێشوازی لە ڕیاز ساری کەهیە سەرۆکی پارتی تورکمان ئیللی کرد. لە دیدارەکەدا سەرۆکی پارتی تورکمان ئیللی سوپاسی هەڵوێستەکانی سەرۆک بارزانیی کرد لە پشتگیریکردنی مافی تورکمان و پێکهاتەکانی تر لە قۆناغە جیاجیاکان و نووسینەوەی دەستووری عێراق و هەروەها لە ژیانی سیاسیی هەرێمی کوردستاندا.
هەر لەو دیدارەدا جەخت لە لێکتێگەیشتن و ڕاوێژی لایەن و پێکهاتەکان بۆچارەسەرکردنی کێشەکان کرایەوە. هەروەها ئەوەیش دووپات کرایەوە کە بەرژەوەندیی هەموو نەتەوە و ئایینەکان لە دژایەتیکردنی توندڕۆیی و کارکردن بۆ پێکەوەژیان و برایەتی و تەبایی نێوانیان دایە.
پەیوەست بەچارەنووس و بارودۆخی کەرکووکیش تەئکید لەوە کرایەوە کە کەرکووک پێویستە ببێتە نموونەی پێکەوەژیانی ئایینی و مەزهەبی و نەتەوەیی و پاراستن و بەڕێوەبردنی کەکووکیش بەدەست خودی کەرکووکییەکانەوە بێت.

وەزارەتی دەرەوەی ئێران: ڤیزای نێوان عێراق و ئێران هەڵدەگیرێت

بەهرام قاسمی گوتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئێران ئاشکرای کرد کە لە ڕێککەوتی 1ی 4ی2019 ڤیزای نێوان ئێران و عێراق هەڵدەگیرێت و گەشتکردنی هاوڵاتییان بێ بەرانبەر دەبێت. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**

پارتی: بەشداری هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک ناکەین



بەرپرسی ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی کەرکوک-گەرمیانی پارتی دیموکراتی کوردستان، ڕەتیدەکاتەوە کە پارتی بەشداری هەڵبژاردنی داهاتووی ئەنجوومەنی پارێزگاکان لە کەرکووک بکات، ئەگەر دۆخی پارێزگاکە ئاسایی نەکرێتەوە. لەچاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ دەنگی ئەمەریکا، کەمال کەرکووکی دەڵێت: تا دۆخی سیاسی و ئەمنی و ئیداری کەرکووک ئاسایی نەکرێتەوە، بەشداری هەڵبژاردن لە کەرکووک ناکەین.
(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)

خەڵکی مووسڵ داوا دەکەن پێشمەرگە بگەڕێتەوە مووسڵ و دەوروبەری



ئەندامێکی لیژنەی نەزاهە لە پەرلەمانی عێراق ئاشکرای کرد، لێکۆڵینەوە لە گەندەڵییەکانی مووسڵ هێشتا بەردەوامە و دەشڵێ، خەڵکی مووسڵ داواکاریی سەرەکیان ئەوەیە پێشمەرگە بگەڕێتەوە مووسڵ و دەوروبەری.
(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)

تورکیا

لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ڕووبەڕووی بەربەستی سەخت دەبێتەوە

ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەمیشە گەرمترین ناوچەی کێشەیە، ئێستا بە دۆخێکدا تێدەپەڕێ لە هەموو سەردەمێکی تر کێشمەکێشی زۆرترە و ململانێکان لە نێوان پاوانخوازیی ئێران، سەپاندنی زلهێزیی تورکیا و هەوڵی ڕکابەریی سعوودیە، گەیشتووەتە لووتکە و ئەمەریکاش لەو ناوەندەدا یاریی بە شەڕەکەیان دەکات و نایەوێ هیچیان بڕووخێن و هیچیشیان ببێتە زلهێزی بالا. **(زیاتر لە ل5 بخوێنەوە)**

دانپیانانی باندێکی تاوانکاری لە شاری هەولێر بڵاو دەکاتەوە

بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی هەولێر ڕاگەیاندراوێکی بڵاوکردەوە کە تێیدا دەستگیرکردنی باندێکی تاوانکاری پێنج کەسیان لەشاری هەولێر ئاشکرا کرد بە ناوەکانی (ف،س،خ) و (ح،ح،خ) و (ه،ع،ع) و (ن،ع،ن) و (س،ج،س) کە لە ماوەی ڕابردوودا 20تاوانی دزی و ڕێگری کردن و هەڵکوتانە سەر مااڵنیان ئەنجامداوە، لەو تاوانانەش بڕی 6830 گرام زێڕ و 7 ئۆتۆمبێل و 9400 دۆلار و 41 مۆبایل و 3 ماتۆرسکیل وچەند کەلوپەلێکی دیکەشیان دزیوە. **(زیاتر لە ل4 بخوێنەوە)**



زوزانا کاپوتۆڤا

بە سەرۆکی سلۆڤاکیا هەڵبژێردرا

زوزانا کاپوتۆڤا لە خولی دووەمی هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی سلۆڤاکیا سەرکەوتنی بەدەستهێنا و بە سەرۆکی ئەو وڵاتە هەڵبژێردرا. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**

چالاکی «کاتژمێری جیهان» لە ڕوسیا بەڕێوەچوو

لە چەندین شاری جیهان و لەچوارچێوەی چالاکی "کاتژمێری جیهان"دا، ڕووناکیی ژمارەیەک لە باڵەخانە و شوێنە گرنگەکان کوژێندرانەوە. **(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)**

هەڵبژاردنی شارەوانییەکان لە باکووری کوردستان و تورکیا بەڕێوەچوو



دوێنێ یەک شەمە 2019/3/31 لە باکووری کوردستان و سەرجەم شار و شارۆچکەکانی تورکیا هەڵبژاردنی شارەوانییەکان بەڕێوەچوو کە هاوڵاتییان بۆ ماوەی 5ساڵ نوێنەرانی خۆیان دیاری کرد.
لە هەڵبژاردنی دوێنێ 57 ملیۆن دەنگدەر بەرپرسانی ئیدارە خۆجێییەکان مافی دەنگدانیان هەبوو، کە بۆ ماوەی 5 ساڵ نوێنەرانی خۆیانیان دیاری کرد. هەروەها 12 پارتی سیاسی بەشداربوون لە کێبرکێکەدا، لە سەرتاپای تورکیادا 57 ملیۆن دەنگدەر ناویان تۆمار کرابوو و لەسەر 194 هەزار و 390سندوقیش دەنگیان دا. یەک ملیۆن و 156 هەزار دەنگدەریش کە 18 ساڵیان تەواو کردووە بۆ یەکەمجارە بەشداریان لە هەڵبژاردندا کرد. لەم هەڵبژاردنەدا 7 پارتی باکووری کوردستان پاڵپشتی لە کاندیدەکانی پارتی دیموکراتی گەلان (هەدەپە) دەکەن و پێشتر ڕێککەوتن، ئەو پارتە سیاسییانە دەیانەوێ زۆرینەی دەنگی شارەکانی باکووری کوردستان بۆ هەدەپە مسۆگەر بکەن. لەو هەڵبژاردنەدا سەرۆکی گەورە شارەوانی، سەرۆکی شارەوانی، ئەندامانی ئەنجوومەنی شارەوانی، موختار و دەستەی ریشسپیان لە شارەکانی باکووری کوردستان و تورکیا هەڵدەبژێردرێن.
تا ئامادەکردنی ئەم هەواڵە، ئەنجامە بەراییەکان بەم شێوەیە بوو: ئاک پارتی: 46.6٪ ، جەهەپە: 30.9٪ ، هەدەپە: 3.5٪ ، ئی پارتی: 6.5٪ ، مەهەپە: 5.7٪ ، سەعادەت: 2.1٪ .



پەیامی پیرۆزبایی سەرۆک بارزانی بەبۆنەی سەری ساڵی نوێی بابلی ئاشووری و جەژنەکانی ئەکیتۆ

پەناوی خودای بەخشندە و میهرەبان

بەبۆنەی هاتنەوەی سەری ساڵی تازەی بابلی ئاشووری و جەژنەکانی ئەکیتۆ، گەرمترین پیرۆزبایی خۆم ئاراستەی خوشک و برایانی کلدان سریان ئاشووریی کوردستان و عێراق دەکەم و هیوای شادی و بەختەوەرییان بۆ دەخوازم.

لەو بۆنەیەدا جەخت لە قوڵترکردنی کولتووری پێکەوەژیان و ئاشتی و برایەتی لەنێوان هەموو پێکهاتەکانی کوردستان دەکەینەوە و بە تایبەت خوشک و برا مەسیحییەکان لەوە دڵنیا دەکەمەوە کە کوردستان وڵاتی خۆیانە و نابێ زێدی باب و باپیرانی خۆیان جێ بهێڵن و پێویستە هەموومان وڵاتی خۆمان پێکەوە بەرەو پێشەوە ببەین.

ئومێدی ئەوەیش دەخوازم ئاوارە و پەنابەرەکان بەزووترین کات بگەڕێنەوە سەر ماڵ و حاڵی خۆیان لە پارێزگای نەینەوا و ناوچەکانی تر. هیوادارم ساڵی تازەتان پڕ بێ لە خۆشی و کامەرانی و هەموو جەژنەکانتان بە ئاشتی و ئاسوودەیی بە ڕێ بکەن.

مسعود بارزانی
31ی3ی2019

مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان


بەبۆنەی (85)مین ساڵیادی دامەزراندنی پیرۆزبایی لە حزبی شیوعی عێراق دەکات

مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان لە بروسکەیەکی پیرۆزباییدا 85ـەمین ساڵیادی دامەزراندنی حزبی شیوعی عێراق لە سکرتێر و ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و کۆمیتەی ناوەندی پیرۆز دەکات و ئەمەش دەقە بروسکەکەیە:

بەڕێز/رائید فەهمی سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی حزبی شیوعی عێراق
بەڕێزان/ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و کۆمیتەی ناوەندی..

بەبۆنەی(85)ەمین ساڵیادی دامەزراندنی حزبە خەباتگێڕ و دێرینەکەتان گەرمترین پیرۆزبایی لە ئێوە و کادیر و ئەندامان و لایەنگرانی حزبەکەتان دەکەین، ئومێدەوارین هەمیشە لە پێشکەوتن و سەرکەوتندا بن و لە خەباتی نەپساوەی خۆتان بەردەوام بن لەپێناو بەدیهاتنی گشت ئامانجە ڕەواکانی گەلانی عێراق و مافەنیشتیمانی و دیموکراسییەکان و بنیادنانی دوارۆژێکی ئارام و بەختەوەر بۆ سەرجەم گەلانی عێراق.

حزبی شیوعی یەکێکە لەو حزبە ڕەسەنانەی بەدرێژایی کاروانی خەباتی سیاسی و میژوویی خۆیدا داکۆکیکەرێکی دڵسۆز بووە لە مافە ڕەواکانی خەڵک و ستەملێکراوان و شانبەشانی هێزو لایەنە سیاسییەکانی دیکە دژ بە ڕژێمە سەرکوتکارەکان ڕۆڵی کاریگەر و گرینگی خۆی بینیوەو لەو ڕێگایەشدا قوربانی و شەهیدی زۆری داوە، کە مایەی شانازییە بۆ میژووی خەباتی ئازادیخواز و دیموکراسیخوازانەی عێراق.



پارتیمان، پارتی دیموکراتی کوردستان، وەک هاوپەیمانێکی بەردەوامی خەبات و تێکۆشانمان، هەردەم ئەو کاروانە سەرفرازەی ئێوەی بەرزنرخاندووە و دەنرخێنێت، هەر لەسەرەتای بەرپابوونی شۆڕش و بزاڤی رزگاریخوازی گەلەکەمان بەرابەرایەتی (بارزانی نەمر)وەک داڕێژەری کۆڵەگە پتەوە هاوبەشەکانی ئەو هاوخەباتییە و، کارکردنی لەمەودواش بۆ پتەوکردن و بەهێزکردنیان لەپێناو ئازادی و دیموکراسی و ئاشتیدا. ئەمڕۆ لەو هەلومەرجە نوێیەی عێراقدا پێویستە و ئەرکی سەرشانی گشت پارت و لایەنە سیاسییە دڵسۆزەکانە لە هێزە نیشتیمانی و پێشکەوتنخواز و دیموکراسییەکان هاوهەڵوێست بن بۆ چارەسەرکردنی کێشە و گیروگرفتەکان، دیارە ئەمەش لەڕێگای کارکردن بۆ دەستەبەرکردنی مافە دەستوورییەکان و چەسپاندنی بنەماکانی دیموکراسی و بەرقەرارببوونی ئاشتەوایی و سەقامگیریی دێتە دی، هەروەها دانان بەتەواوی مافە نەتەوایەتی و مەزهەبی و ئایینییەکان لەسەر بنەمای یاسا و دەستوورێکی ئەوتۆ مافی تەواوی نەتەوەوگەلانی وڵاتەکە زامن و جێبەجێ بکات.

جارێکی دیکە بەبۆنەی (85)ەمین ساڵیادی دامەزراندنی حزبەکەتان پیرۆزبایتان لێدەکەین و ئاواتەخوازین ئەو دەرفەتە هەوێنی زیاتری یەکڕیزی و تەبایی و برایی نێوان حزب و لایەنە سیاسییەکان بێ، دووبارەش جەخت دەکەینەوە سەر هاوپەیمانیی و دۆستایەتی بەهێز و لەمێژینە و ڕەگداکوتاوی نێوانمان و سووربوون لەسەر پتەوکردنی پرەنسیشە ڕاست و دروستەکانی خەبات و تێکۆشانی مەدەنیانە و دیموکراسیانە و بەدیهێنانی ئامانجە هاوبەشەکانمان.

سڵاو لە گیانی پاکی شەهیدانی ڕێگای ئازادی و سەرفرازی..

مەکتەبی سیاسی
پارتی دیموکراتی کوردستان
2019/3/31

پڕۆژە بۆ دۆخی کەرکووک پێشکەشکراوە و گفتوگۆی لەسەر دەکرێت

د.کەمال کەرکووکی: بەشداری هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک ناکەین



بەرپرسی ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی کەرکوک- گەرمیانی پارتی دیموکراتی کوردستان، ڕەتیدەکاتەوە کە پارتی بەشداری هەڵبژاردنی داهاتووی ئەنجوومەنی پارێزگاکان لە کەرکووک بکات، ئەگەر دۆخی پارێزگاکە ئاسایی نەکرێتەوە.

لەچاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ دەنگی ئەمەریکا، کەمال کەرکووکی دەڵێت: تا دۆخی سیاسی و ئەمنی و ئیداری کەرکووک ئاسایی نەکرێتەوە، بەشداری هەڵبژاردن لە کەرکووک ناکەین.

جەختیشیکردەوە، پرۆژە بۆ دۆخی کەرکووک پێشکەشکراوە و گفتوگۆی لەسەر دەکرێت، تا ئەنجامی گفتوگۆکان دەرنەکەوێن، بڕیاری بەشداری لەکەرکووک نادەین.

بەپێی گوتەی کەمال کەرکووکی، هەموو لایەنەکان بە ئەمەریکی و نەتەوە یەکگرتووەکانیشەوە لە هەوڵدان بۆ ئەوەی هەڵبژاردن لە کەرکووکدا نەکرێت، تا ئەوکاتەی هەڵێکی وا دەرخسێندرێت هەموو لایەنەکان پێی ڕازی بن. دکتۆر کەمال کەرکووکی، بە پێویستیزانی پێش ئەنجامدانی هەڵبژاردن، تۆماری دەنگدەران پاک بکرێتەوە و ئەنجوومەنی پارێزگاش کارا بکرێتەوە. بە بڕوای دکتۆر کەمال کەرکووکی، ناوچەکانی ڕۆژئاوای کەرکووک چەند ساڵێکە لەژێر کۆنترۆڵی داعشدان، گوتی: بۆیە نازانین کێ مافی دەنگدانی هەیە؟ کێ نییەتی و کێ خەڵکی ناوچەکەیە و کێ لە جێگەی تردە هاتووە؟ دەبێت ئەمانە لە یەکتری جیا بکرێنەوە.

ئەندامێکی ئەنجوومەنی نوێنەران داوا لە عادل عەبدولمەهدی دەکات ڕێککەوتنی «خۆرعەبدوڵا»ی ساڵی 2016 لەگەڵ کوێت هەڵبوەشێنێتەوە

خەبات-مەریوان نەقشبەندی:

عالیە نسەیف ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەران حەیدەر عەبادی سەرۆکوەزیرانی پێشووی عێراقی بە فڕۆشتنی خاکی عێراق و خیانەت لە وڵات تۆمەتبار دەکات و دەڵێ ڕێککەوتنی حکوومەتی پێشووی عێراق لەگەڵ کوێت بۆ نۆژەنکردنەوەی بەندەری خۆرعەبدوڵا کە دەکەوێتە سەر سنوری نێوان کوێت و عێراق زیانی گەورە بە سەروەری و ئابووری عێراق دەگەیەنێت و کوێت دەکاتە شەریکی عێراق لە تاکەبەندەری ئاوی لەسەر کەنداو.

عالیە نوسەیف ڕەخنەی توند لە هەر یەکە لە حەیدەر عەبادی سەرۆکوەزیران و ئیبراهیم جەعفەری وەزیری دەرەوەی پێشووی عێراق دەگرێت و داوا لە عادل عەبدولمەهدی سەرۆکوەزیرانی ئێستای عێراق دەکات کە ئەو ڕێککەوتنەی ساڵی 2016 حەیدەر عەبادی لەگەڵ کوێت کردوێتی هەڵبوەشێنێتەوە و دەشڵێت هەر لەگەڵ دروستبوونی دەوڵەتی عێراقەوە بەندەری خۆرعەبدوڵا خاکی عێراق بووە و هیچ بیانوویەک نییە بۆ ئەوەی کوێت بکەیتە شەریک لەگەڵ وڵاتەکەمان لە تاکە بەندەری ئاوی عێراق لەسەر کەناوداوە و دەشڵێت هەر لەگەڵ کوێت هەڵبوەشێنێتەوە و بە سەرۆکی ئەو وڵاتە هەڵبژێردرا. بەپێی ئەنجامی جیاکردنەوەی 95 لەسەدای دەنگەکانی خولی دووەمی هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی سلۆڤاکیا، زوزانا کاپوتۆڤا 58 لەسەدای دەنگەکانی بۆ خۆی مسۆگەر کردووە و پێش ڕکابەر و کاندیدی پارتی ئاراستەی دیموکراتی و کۆمەڵایەتی دەسەڵاتدار، ماروس سێفکۆڤیچ کەوتووە کە 41 لەسەدای دەنگەکانی بەدەستهێناوە.

جێی باسە لە خولی یەکەمی هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی سلۆڤاکیا کە لە میانی ئەم مانگەدا بەڕێوەچوو، زوزانا کاپوتۆڤا 40 لەسەدای دەنگەکانی بەدەستهێنابوو و لە بەرامبەر ماروس سێفکۆڤیچ 18 لەسەدای دەنگەکانی بەدەستهێنابوو. زوزانا کاپوتۆڤا بوو بە یەکەم ئافرەت کە دەسەڵاتی سەرۆکایەتی سلۆڤاکیا بگرێتە دەست.

لەسەر کەنداو کە شادەماری ئابووری عێراقە و دەشڵێت کوێت بەم ڕێککەوتنە هیچ سوودێکی ئابووری دەستناکەوێت و دەڵێت تەنیا بۆ ئازاردانی عێراق و عێراقییەکان ئەم ڕێککەوتنەی لەگەڵ عێراق کردووە و لە ئەنجامی لاوازی حکوومەتی حەیدەر عەبادی ئەم ڕێککەوتنەی کردووە.

هیچ بڕە پارەیەک بۆ وەرگرتنی قیزا لە سەردانیکاران وەرناگیرێت

قیزای نێوان عێراق و ئێران هەڵدەگیرێت

خەبات-ئاژانسەکان: گوتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئێران ڕایدەگەیەنێت: لە سەرەتای مانگی داهاتوودا، قیزا لە نێوان ئێران و عێراق هەڵدەگیرێت و گەشتکردنی هاوواڵاتیان بێ بەرانبەر دەبێت. هاوکات ڕوونیکردەوە بڕیاری هەڵگرتنی قیزای نێوان هەردوو وڵاتەکە، لە دوای سەردانی بەرپرسانی باڵای هەردوو وڵاتی ئێران و عێراق دێت و گوتیشی: بە پێچەوانەی هەندێک لە بۆچوون، قیزای نێوان ئێران و عێراق دەمێنێت، بەڵام هیچ بڕە پارەیەک بۆ وەرگرتنی قیزا لە سەردانیکاران وەرناگیرێت. بەپێی ئامارەکانی کە ئێران خستوویەتەڕوو لە کۆتایی ساڵی 2018 نزیکەی دوو ملیۆن سەردانیکاری عێراقی، سەردانی ئێرانیان کردووە و هاوکات ساڵی 2017 زیاتر لەچوار ملیۆن و 400 هاووڵاتی ئێرانی سەردانی عێراقییان کردووە کە بەشی هەرە زۆری ئەو سەردانانە بۆ شوێنە پیرۆزەکانی شیعەکان لە باشووری عێراق بووە.

بووە یەکەم ئافرەت دەسەڵاتی سەرۆکایەتی وڵاتەکەی بگرێتە دەست

زوزانا کاپوتۆڤا بە سەرۆکی سلۆڤاکیا هەڵبژێردرا



زوزانا کاپوتۆڤا لە خولی دووەمی هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی سلۆڤاکیا سەرکەوتنی بەدەستهێنا و بە سەرۆکی ئەو وڵاتە هەڵبژێردرا. بەپێی ئەنجامی جیاکردنەوەی 95 لەسەدای دەنگەکانی خولی دووەمی هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی سلۆڤاکیا، زوزانا کاپوتۆڤا 58 لەسەدای دەنگەکانی بۆ خۆی مسۆگەر کردووە و پێش ڕکابەر و کاندیدی پارتی ئاراستەی دیموکراتی و کۆمەڵایەتی دەسەڵاتدار، ماروس سێفکۆڤیچ کەوتووە کە 41 لەسەدای دەنگەکانی بەدەستهێناوە.



سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە شاندێکی پەیمانگەی ئەمەریکی بۆ ئاشتی دەکات

ئێوارەی دوێنێ یەکشەممە 31/3/2019بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان، پێشوازی لە خاتوو نانسی لینبۆرگ سەرۆکی پەیمانگای ئەمەریکی بۆ ئاشتی و شاندێکی یاوەری کرد.
لە دیدارێکدا شاندی میوان خۆشحاڵیی خۆیان بە سەردانی هەرێمی کوردستان دەربڕی و سوپاسی هاوکارییەکانی حکوومەتی هەرێمیان کرد بۆ کار و چاالکییەکانی نووسینگەکانیان و پێشوازیکردن لە ژمارەیەکی زۆری ئاوارە و پەنابەرانی شەڕی داعش، هەروەها جەختیان لەوە کردەوە کە لەگەڵ حکوومەتی هەرێم هاوکار دەبن بۆ دروستکردنەوەی متمانە لەو ناوچانەی ئاوارەکان لێی هاتوون و نیگەرانییان بۆ نەگەڕانەوەیان بەهۆی نەبوونی ئاسایش و خزمەتگوزارییەوە لە ناوچەکانیان دەربڕی و لەمبارەیەوە دیالۆگێکی جددییان لەنێوان دەزگاکانی حکوومەت و خەڵکی ناوچەکەدا بە پێویست زانی.
لای خۆیەوە بەڕێز سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان سوپاسی ئەو سەردانەی کرد و دڵنیای کردنەوە کە حکوومەتی هەرێم هەموو هەوڵێک بۆ دروستکردنەوەی متمانە و دیالۆگ لەنێوان پێکهاتە جیاجیاکان بەمەبەستی گەڕاندنەوەیان و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری دەدات.
بەڕێزیان پوختەیەکیشی دەربارەی پرۆسەی سیاسی لە عێراق و هەوڵەکان بۆ دروستکردنی پەیوەندییەکی باش لەنێوان حکوومەتی عێراق و هەرێمی کوردستاندا پێشکەش کرد کە بەهێزەوە چەند کێشەیەک چارەسەر کراون و لە داهاتووشدا لەسەر کێشەکانی دیکە گفتوگۆ دەکرێت، هەروەها ئاماژەی بە هەوڵەکانی پێکهێنانی کابینەی نوێی حکوومەتی هەرێمی کوردستان کرد و دووپاتی کردەوە کە هەوڵێکی جددی لەنێوان الیەنەکاندا هەیە بەمەبەستی پێکهێنانی کابینەی نوێ لە داهاتوویەکی نزیکدا.
تاوتوێکردنی دۆخی ناوچەکە و دوا پێشهاتە سیاسییەکان و دۆخی ئاوارە و پەنابەران لە هەرێمی کوردستان، الیەنێکی دیکەی دیدارەکە بوو.



نێچیرڤان بارزانی پێشوازی لە فەخری کەریم دەکات

ئێوارەی دوێنێ یەکشەممە 2019/3/31 بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان، پێشوازی لە بەڕێز فەخری کەریم سەرۆکی دەزگای مەدا بۆ ڕۆژنامەوانی و ڕۆشنبیری و هونەرەکان کرد.
لە دیدارەکەدا دوایین پێشهاتەکانی گۆڕەپانی عێراق و کوردستان، پێویستیی بەردەوامیی هەوڵەکان بۆ یەکخستنی هەڵوێستی هێز و الیەنە سیاسییەکانی کوردستان بەمەبەستی بەشداریپێکردنی هەموان لە هێنانەدیی ئامانجە هاوبەشەکان، بەردەوامیی هەڵسانەوە و پێشکەوتنی هەرێمی کوردستان، ئەرک و ئامانجە بەپەلەکانی قۆناغی داهاتوو بە شێوەیەک کە دەستکەوتەکان بەهێزتر دەکات و بەدیهێنانی ئەو ئامانجانەی لە پرۆگرامی حکوومەتدان بۆ باشترکردنی ژیانی هاوواڵتیان و بەدیهێنانی خواستە ڕەواکانیان، خرانە بەر باس و گفتوگۆ.
لە بەشێکی دیکەی دیدارەکەدا گرنگیی بەردەوامیی هەنگاو و هەوڵە ئەرێنییەکانی سەرکردایەتیی هەرێمی کوردستان و حکوومەتەکەی بۆ زیندووکردنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان هەرێم و حکوومەتی فیدراڵ لە چوارچێوەی دەستوورو و هەمو ئەو فاکتەرانەی دەبنە مایەی چەسپاندنی بنەمای ڕاستودروستیی پەیوەندیی نێوان هەردووال ، دووپات کرایەوە.

بەرپرسێکی باڵای ئێران دان بە خراپی بارودۆخی ئابووری وواڵتەکەی دەنێت

جێگری سەرۆکی پەرلەمانی ئێران، مەسعود پزیشکیان، ئاشکرایکرد دۆخی ئابووریی وواڵتەکەی لە سەردەمی جەنگی نێوان ئێران-عێراق خراپترە. لە میانی کۆبوونەوەیەکدا کە لە تارانی پایتەخت لەژێر ناونیشانی "بەرەنگاربوونەوەی بەردەوامی سزاکان" مەسعود پزیشکیان گوتارێکی پێشکەشکرد و ئاماژەی بەوەکرد ئێران لە ڕووی ئابووریییەوە بە ڕۆژانێکی سەختدا تێدەپەڕێت و ڕایگەیاند: بە بڕوای من پێویستە ناوەندی جەنگی ئابووری لە وڵات پێکبهێنرێت. دۆخی ئابووری ئێستا لە سەردەمی جەنگی نێوان ئێران- عێراق خراپترە.

لێژنەی نەزاهە: ڕەوشی مووسڵ گەیشتووەتە ئاستێکی مەترسیدار و گەندەڵییەکی زۆریش کراوە

خەڵکی مووسڵ داوادەکەن پێشمەرگە بگەڕێتەوە مووسڵ و دەوروبەری



ئا/ قائید میرۆ

ئەندامێکی لێژنەی نەزاهە لە پەرلەمانی عێراق ئاشکرای کرد، لێکۆڵینەوە لە گەندەڵییەکانی مووسڵ هێشتا بەردەوامە و دەشڵێ، خەڵکی مووسڵ داواکاریی سەرەکیان ئەوەیە پێشمەرگە بگەڕێتەوە مووسڵ و دەوروبەری.
هەندرین لەزگین دۆسکی، ئەندامی لێژنەی نەزاهە لە پەرلەمانی عێراق، بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاندووە: بەپێی ڕاپۆرتی لێکۆڵینەوە لە گەندەڵییەکانی مووسڵ بۆ گەیشتن بە ڕاستییەکان، گەندەڵییەکی زۆر کراوە لەو پارێزگایە و تا ئێستاش لێژنەکە بەردەوامە لە کارەکانی، ڕەوشی مووسڵ گەیشتووەتە ئاستێکی مەترسیدار، هەر ئەوەش بووە هۆکار فەرمانی دەستگیرکردن بۆ پارێزگار و ژمارەیەک بەرپرسی مووسڵ دەربکرێت و بڕیارە دادگایی بکرێن، هەموو ئەوانەی تۆمەتبارن بە کەیسی گەندەڵیی مووسڵ ژمارەیان زۆرە و بەڕێوەبەر و بەڕێوەبەری گشتی تێدان و هەمووشیان لادراون لە پۆستەکانیان و دادگاییش دەکرێن. لەبارەی دانانی پارێزگاری نوێوە، ئەندامەکەی لێژنەی نەزاهە دەڵێت: لە ڕووی یاساییەوە پێویستە ئەنجوومەنی پارێزگای نەینەوا پارێزگارێک هەڵبژێرێت، بەاڵم ئەنجوومەنی نوێنەرانیش ڕۆڵی دەبێت لە پرسی دانانی پارێزگارێک بۆ مووسڵ. بڕیار بوو دوای شەڕی داعش بودجەیەکی باش و پڕۆژەی زۆر بۆ خەڵکی مووسڵ دابین بکرێن تا شارەکە لە پاشماوەی شەڕ پاک بکرێتەوە و خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکانی ژیان بگەیەنن بە دانیشتووانەکەی، بەاڵم وەک هەندرین دۆسکی ڕوونی کردەوە: مووسڵ تا ئێستا بێخاوەنە، بە تایبەتی دوای شەڕی داعش ڕەوشێکی ئاڵۆزی بە خۆوە بینیوە و لە ڕووی خزمەتگوزارییەوە هیچی بۆ نەکراوە. بەهۆی هەڵوێستی هەرێمی کوردستان لە نەهامەتییەکانی مووسڵ و گەیاندنی هاوکاری بۆیان، خەڵکی پارێزگاکە داوای گەڕانەوەی پێشمەرگە بۆ مووسڵ دەکەن، ئەو پەرلەمانتارەش گەڕانەوەی پێشمەرگە بەچارەسەر دەزانێت و دەشڵێت: باشترین چارەسەر بۆ هێورکردنەوەی ڕەوشی مووسڵ، گەڕانەوەی هێزەکانی پێشمەرگەیە ،چونکە نەمانی هێزی پێشمەرگە لە مووسڵ و دەوروبەری، کاریگەرییەکی زۆری پێوە دیار بوو لە ڕووداوەکانی ماوەکانی ڕابردوو، هەتا خەڵکی ناوچەکەش خۆیان داواکاریی سەرەکییان ئەوەیە کە پێشمەرگە بگەڕێتەوە ناوچەکانی مووسڵ و دەوروبەری لەگەڵ پۆلیسی ناوخۆ، کە خەڵکی ناوخۆی مووسڵ بن و ڕەوشەکە کۆنترۆڵ بکەن.
هەر پەیوەست بە جێگیرکردنی پێشمەرگە لە مووسڵ، هەندرین دۆسکی ئاماژەی بۆ ئەوە کرد: وەک هەنگاوی یەکەم کاریگەری لسەر ڕەوشی مووسڵ بە گشتی و بە تایبەتی ڕەوشی ئەمنی دەبێت، دواتر هەبوونی هێزی پێشمەرگە لەو سنوورانە، دڵنیایی دەبەخشێت بە خەڵک و ئیدارەی مووسڵ تا بە بێ ترس بژین، تەنانەت گەر پێشمەرگە لە مووسڵ بێت، گەندەڵکارانیش ناتوانن بەو شێوە بەربالوە گەندەڵی بکەن.

چالاکی «کاتژمێری جیهان» لە ڕووسیا بەڕێوەچوو



لە مۆسکۆی پایتەختی ڕووسیا لەچوارچێوەیچالاکی "کاتژمێری جیهان"دا، ڕووناکیی ژمارەیەک لە باڵەخانە و شوێنە گرنگەکان کۆژێندرانەوە.
لەچوارچێوەی چالاکی کاتژمێری جیهاندا کە لە الیەن وەقفی پاراستنی ژیانی سروشتیی (WWF)ەوە بە مەبەستی ڕاکێشانی سەرنجی هاوواڵتیان بۆ گۆڕانی کەشوهەوا و کێشەکانی ژینگە ڕێکخرابوو، بۆ ماوەی کاتژمێرێک ڕووناکیی هەرێکە لە کۆشکی کرملین، کڵێسای ساینت ڤاسیل، هۆڵی بۆڵشۆی بۆ شانۆ، یاریگای لۆژنیکی و باڵەخانەکانی حکوومەت و پەرلەمان و ژمارەیەک لە پارکەکان بۆ ماوەی یەک کاتژمێر کوژێندرانەوە.
بەڕێوەبەری بەرنامەکانی ژینگە لە وەقفەکە، ڤیکتۆریا ئیلیاس لە گوتەیەکدا ئاماژەی بەوەکرد کە لە نزیکەی 800 شاری ڕووسیا ئەم جووڵانەوەیە پشتیوانیی دەکرێت.

مووسڵ.. دەستگیرکردنی سێ ئەندازیار لە دۆسیەی ڕووداوی بەلەمە ژێرئاوکەوتووەکە

ئەنجوومەنی باڵای دادوەریی لە عێراق ڕایگەیاند، سێ ئەندازیار بە هۆی ئەوەی پێشر ڕەزامەندییان لەسەر وەگەڕخستنی بەلەمە ژێرئاوکەوتووەکە لە ڕووباری دیجلە لە شاری مووسڵ نیشاندابوو، دەستگیرکران.
لە 21ی ئەم مانگەدا، بەلەمێک بە 200 سەرنشینەوە لە ناوچەیەکی گەشتیاریی ڕووباری دیجلە لە شاری مووسڵ ژێرئاو کەوت و بە هۆیەوە زیاتر لە 100 کەس خنکان و هێشتا دەیانی دیکەش بێ سەروشوێنن. لە ڕاگەیەندراوێکدا، ئەنجوومەنی باڵای دادوەریی ئاماژەی بەوەداوە کە لیژنەی لێکۆڵینەوە لە ڕووداوەکەی ژێرئاوکەوتنی بەلەمەکە ڕایگەیاندووە جگە لە دەستگیرکردنی خاوەن دووڕگە گەشتیارییەکە لەگەڵ کۆڕەکەی، هەروەها سێ ئەندازیاری بە هۆی ئەوەی پێشر ڕەزامەندییان لەسەر وەگەڕخستنی بەلەمە ژێرئاوکەوتووەکە نیشاندابوو دەستگیرکراون.
ئەنجوومەنی باڵای دادوەریی باسی لەوەشکردووە کە لیژنەکە لێکۆڵینەوەیەکی تێروتەسەلی لەبارەی شوێنی ڕووداو کردووە، دۆسیەی تایبەتیشی سەبارەت بە قوربانیان و زیانلێکەوتووانی ڕووداوەکە ئامادەکردووە بە ئامانجی تەواوکردنی ڕێکارە یاساییەکان.

خەبات دانیشانی باندێکی تاوانکاریی لە شاری هەولێر بڵاو دەکاتەوە

ئەو باندەی ئاسایشی هەولێر بە بڕیاری دادوەر ڕای گرتوون بۆ «خەبات» چیرۆکی تاوانەکانی خۆیان دەگێڕنەوە

خەبات: کارزان حەیدەر - فۆتۆ: عومەر خدر

ڕۆژی 19ی ئاداری 2019 بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی هەولێر ڕاگەیاندراوێکی بڵاوکردەوە کە تێیدا دەستگیرکردنی باندێکی تاوانکاری پێنج کەسیان لەشاری هەولێر ئاشکرا کرد بە ناوەکانی (ف،س،خ) و (ح،ح،خ) و (هـ،ع،ع) و (ن،ع،ن) و (س،ج،س) کە لە ماوەی ڕابردوودا 20تاوانی دزی و ڕێگریکردن و هەڵکوتانە سەر مااڵنیان ئەنجامداوە، لەو تاوانانەش بڕی 6830 گرام زێڕ و 7 ئۆتۆمبێل و 9400 دۆلار و 41 مۆبایل و 3 ماتۆرسکیل وچەند کەلوپەلێکی دیکەشیان دزیوە.



بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی هەولێر دەڵێ:"لە هەندێک لەو تاوانانەی ئەنجامیانداوە، تۆمەتبارەکان خۆیان وەک پیاوانی ئاسایش ناساندووە، بەاڵم دوای دەستگیرکردنیان دەرکەوت کە هیچ پەیوەندیەکیان بە دەزگاکانی ئاسایشەوە نییە.

بەپێی ئەو زانیارییانەی لە بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی هەولێر دەستمان کەوت، تۆمەتبارەکان لەبەردەم دادوەری لێکۆڵینەوەدا دانیان بە تاوانەکانیان ناوە، بەپێی ماددەی 443ی یاسای سزاکانی عێراقیش کە دادوەر لەسەری سەپاندوون، تۆمەتبارەکان ڕاگیراون و لێکۆڵینەوەیان لەگەڵدا دەکرێت.

لەگەڵ ڕاگەیاندراوەکەدا ئاسایشی هەولێر بەڵێنی بە خەڵکی پایتەخت داوە کە هەمیشەچاو کراوە بن بۆ پاراستنی سەر و ماڵیان.

د.تاریق نوری: ڕێگری لە زیادبوونی ڕێژەی تاوان دەکەین

جگەلەو ئەفسەرە گەنج و ئەکادیمی و بەتوانایانەی لە ڕیزی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ پارێزگاری لە هێمنی و ئارامی پایتەخت دەکەن، بەڕێوەبەری ئاسایشی هەولێریش دەڵێ: بە توانای ئەفسەران و تەواوی هێزەکانی ئاسایش هەوڵدەدەین ڕێژەی تاوان بەشێوەیەک کەمدەکەینەوە نزیک ببێتەوە لە سفر.

د.تاریق نوری بەڕێوەبەری ئاسایشی هەولێر کەسی یەکەمی دەزگاکە بۆ (خەبات) گوتی:چەندی کوردستان پێشدەکەوێ، دەزگاکانی ئاسایش پتر بەهێز دەبن و ئەفسەران و هێزەکانیان پێشدەکەون و بەهێزتر دەبن،بۆیە مانگانە بەپێی ئاماری تاوانەکان جموجۆڵەکانیان ڕێک دەخەن.

بەڕێوەبەری ئاسایشی هەولێر گوتی: یەکێک لەو باندانەی هەوڵیاندا ئارامی پایتەخت بشێوێنن، ڕێگریمان لێ کردن و لە ماوەیەکی کورتتدا دەستگیرمان کردن، ئەو ئەرکەش وەکو هاوکاری پۆلیس جێبەجێ دەکەین جگەلە ئەرکی فەرمی خۆمان کە ڕووبەڕووبونەوەی تیرۆر و ماددە هۆشبەرەکانە لەگەڵ ساختەکاری لە دراو و کاری نایاسایی دیکەی ئابووری.

تۆمەتبار ھ،ع،ع: ئێشم زۆر باشبوو، هاوڕێکانم منیان خەڵەتاند


بەپشتیوانی بەڕێوەبەری ئاسایشی هەولێر ژنێکی لەشفرۆش لەگەڕەکی (ا) شاری هەولێر، لەوێ پارەو دەمانچەو ژنەکەشمان هێنا بۆ ئەوەی لەگەڵی ڕابوێرین، جگەلەو ماڵەش، چوویەنە سەرچەند ماڵێکی دیکەش بە هەمان شێوە، هەموو ئەو پارانەمان لێیان دەسەند کە لەڕێگەی ئیشەکەوە دەستیان کەوتبوو.


ئەو تۆمەتبارە ئاشکرای کرد کە دوو لە ئەندامانی باندەکە بە ژمارەی نەناسراوی مۆبایل، تەلەفۆنیان بۆ ماڵە لەشفرۆشەکان دەکرد و خۆیان وەک پیاوی دەوڵەمەند دەناساند، دەیانگوت ئەمشەو میوانتان دەبین و پارەتان بۆ دێنین، بەو شێوەیە هەڵیان دەخەڵەتاندن و دەچوینە سەریان، هەرچی پارەو پولیان هەبوو لێمان دەسەندن.

لەبارەی دزینی ئۆتۆمبیلیشەوە، ئەو تۆمەتبارە گوتی: لە ئیسکان بووم یاریم بە مۆبایلەکەم دەکرد، هاوڕێیانی گرووپەکە پەیوەندیان پێوە کردم و گوتیان بمانبە چەمچەماڵ دوو سەد دۆالرت پێ دەدەین، کەچووم هەڵیانم گرت، لەنێو ئۆتۆمبێل لەڕێگا بەمنیان گوت کە ئۆتۆمبێلێکی کیایان دزیوە، لەگەڵ ئەوەشدا چەند تاوانێکی دیکەشم ئەنجامداوە، سەرباری ئەوەی جارێکی دیکە 7 ڕۆژ لەسەر شەرکردن گیراوم.

تۆمەتبار ح،ح،خ: ئێمەچاوساغیمان بۆ باندەکە دەکرد

یەکێکی دیکە لەو تۆمەتبارانەی هێزەکانی بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی هەولێر دەستگیری کردووە، تۆمەتبار (ح،ح،خ) بوو کە خۆی و خێزان و خوشکەکەیچاوساغیان بۆ باندەکە کردووەو پلانی تاوانەکانیان داڕشتووە، وەک ئەوەی تۆمەتبارەکە خۆی بۆ (خەبات) گوتی: لەدایک بووی 1993 م و یەک منداڵم هەیە، لە خێزانەکەشم جودا بوومەتەوە، یەکەمجار لەسەر فرۆشتنی ئەتاریەک گیرام، دوای ماوەیەک ئازاد کرام، ئەوکات نەمزانی ئەتاریەکە دزراوە، خۆم ئاسنگەر بووم و کارم باشبوو، بەاڵم خێزانەکەم زۆر فشاری لەسەرم دروستکرد و دەیگوت: پارە پەیدا بکە و بمبە ئەوروپا، بۆیە بەو زانیارییانەی خێزانەکەم بە یەکێک لە ئەندامانی باندەکەی دا بە هاوکاری خوشکەکەم کە لەنێو ماڵەکە کارەکەر بوو، بەوەی ماڵەکە دەوڵەمەندن و پارەی زۆر دەکەن بەخێر، لەگەڵ ئەوەی دووجار ژنەکەم بۆ پارە وەرگرتن چۆتە ماڵەکەو پارەیان پێی داوە، باندەکە چوونە سەر ماڵەکە کە خاوەنەکەی ڕێکخراوێکی هەبوو، هەرچی پارەو زێڕی هەبوو لەگەڵ مۆبایل لێیان دزین، منیش لە بەرامبەر ئەو چاوساغی و پلاندارشتنە بڕی یەک دەفتەر دۆالرم وەرگرت.







تۆمەتبار س،ج،س: ئافرەتمان بۆ خەڵەتاندنی خەڵک بەکار هێناوە

یەکێکی دیکەش لەو تاکتیکانەی بۆ خەڵەتاندنی خەڵک و دزینی ماڵیان، باندەکە بەکاریان هێناوە، ئافرەتێک بووە کە لە کافتریایەکی ئەوان کاری کردووە.

س،ج،س تۆمەتبارێکی دیکەیە کە لە بەرانبەر دادوەردا دانی بە تاوانەکەی خۆی ناوە و بۆ (خەبات)چیرۆکی تاوانەکانی خۆی گێڕایەوە و گوتی: لەدایکبووی 1992ی هەولێرم، ژنی یەکەمم تەاڵقداوەو دوو منداڵم لێیە هەیە، ژنی دووەمیشم حاجیەو ئێستا منداڵەکانم لای ئەون، خۆم وەستای کاشی بووم، لەکاتی ئیشکردن ڕۆژێک کۆسەرەکەم شکا و بەر تەنگەم کەوت و بە سەختی بریندار کردم، دوای ئەوە نەمتوانی هەموو ئیشێک بکەم، پاشتر بوومە شوفێری تریلەی کەسێک و بارم پێی دەگواستەوە، خاوەنی تریلەکەش ئیفلاسی کرد و تریلەکەی نەما، ڕۆژێک هەر خاوەنی ئەو تریلەیە لەبەر دەرگای ماڵ هاتە الم و گوتی: ئۆتۆمبێلێک هەیە لە گەڕەکی ئیسکان، وەرە بیبەین،کە ڕازی بووم و بە یەکەوەچووین، دیتم کۆاڵنی چەند خزمێکەو ئۆتۆمبێلەکەش جۆری کیایە، منیش گوتم: ئەوە ماڵی چەند خزمێکی لێیەو ناتوانم ئەو ئۆتۆمبێلەت لەگەڵ بدزم، بەاڵم باندەکەمان ئۆتۆمبێلەکەیان برد و لە دیانا (سۆران) فرۆشتیان و 600 دۆالریشیان بەمندا، دواتر ئۆتۆمبێلێکی مەرزیەشمان دزی لەڕێگەی ئەو ئافرەتەی کە لە کافتریایەکی دوو لە ئەندامانی باندەکە کاری دەکرد، ئەوان کچەکەیان تێگەیاندبوو کە کەسێکی پارەدار لە کافتریاکە بخەڵەتێنێ و لەگەڵی بچتەوە ماڵ بۆ ڕابواردن و خاوەن ماڵەکە سەرخۆش بکات، شەو گرووپی باندەکە(ن) یان نارد دوای من و گوتی: براەدران کچەکەیان ناردۆتە ماڵێک و لە ماڵەکە مەشروب دانراوەو سەرخۆشیان کردووە، هەر کچەکە دەرگامانی بۆ کردەوەو ئۆتۆمبێلەکەمان دزی کە لە جۆری تۆیۆتا مەرزیە بوو، ئەو ئۆتۆمبێلە بە 7500 دۆالر فرۆشراو و 1500 دۆالریان لەو پارەیە بەمن دا، جگە لەو جارە، سێ جاری دیکە بە تاوانی شەڕ و ئاژاوە نانەوە گیراوم.

تۆمەتبار ف،س،خ تەسلیم بە پۆلیس کراوە

بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی هەولێر ئاشکرای کرد کە یەکێک لە تۆمەتبارەکانیان بەناوی(ف،س،خ) تەسلیم بە بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی هەولێر کردووە و ئێستا لەالیەن ئەوان ڕاگیراوە لەگەڵ ئەوەی لەبەردەم دادوەری لێکۆڵینەوە دانی بە تاوانەکانی خۆی ناوە و یەکێک بووە لە ئەندامانی باندەکە و بەشداری تاوانەکانی گرووپەکەی خۆی کردووە.



بروکسل.. خۆپیشاندانی هاوواڵتیانی بەلژیکا لە دژی قەدەغەکردنی (کوشتنەوەی حەاڵل)

تورکیا

لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست ڕووبەڕووی بەربەستی سەخت دەبێتەوە



دکتۆر حوسێن ئیبیش:
دەبێ جێگرەوەی بنکەی ئەنجەرلیک کارا بکرێت و هاوپەیمانی و هاوکاریی سەربازی کەم بکرێتەوە



ئا: زانکۆ جاف - خەبات

رۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەمیشە گەرمترین ناوچەی کێشەیە، ئێستا بە دۆخێکدا تێدەپەڕێ لە هەموو سەردەمێکی تر کێشمەکێشی زۆرترە و ململانێکان لە نێوان پاوانخوازیی ئێران، سەپاندنی زلهێزیی تورکیا و هەوڵی رکابەریی سعوودیە، گەیشتووەتە لووتکە و ئەمەریکاش لەو ناوەندەدا یاریی بە شەڕەکەیان دەکات و نایەوێ هیچیان بڕووخێن و هیچیشیان ببێتە زلهێزی بااڵ.

دەربڕینگەوتنی ئەمەریکا

دکتۆر حوسێن ئیبیش تۆیژەر لە پەیمانگەی وڵاتانی کەندااوی عەرەبی لە واشنتن، پێیوایە ئەمەریکا دەرنگ بە پیلانەکانی ئێران و تورکیای زانیوە، بە تایبەتی تورکیا و لە ڕاپۆرتێکدا کە بۆ ئاژانسی "بلۆمبێرگ"ی ئەمەریکی نووسیوە، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، نەخشەی ناوچەکە لە ماوەی 10 ساڵی ڕابردوودا بەسەر دوو سەنگەردا دابەش بووە: هاوپەیمانیەکی پاڵپشتی ئێران، لەگەڵ گرووپێکی لەوە گەورەتر، بەاڵم پەرشوبااڵو دۆی پیلانەکانی ئێران. ئەو دەڵێ: هەندێک وای بۆ دەچن کە ئەمە دابەشبوونی مەزهەبگەرایی نێوان شیعە و سوننە بێت، ئەمەش قسەیەکی گەمژانەیە!

ئەو تۆیژەرە پێی وایە، دابەشکردنی کێشەکانی ڕۆژهەاڵتی ناوەڕاست بەسەر دوو مەزهەبدا، ڕاستییەکە دەشێوێنێ، بەڵگەکەشی دروستبوونی هاوپەیمانییەکی سێیەمە، جیاواز لەو سەنگەرانەی پێش خۆی کە سەنگەرێکی سوننیی عەرەبی زاڵ بوو، ئەمیان سەنگەری سوننیی تورکیایە کە هاوپەیمانی تایبەتی خۆی و پێگە و قورسایی سیاسی و سەربازیی بەهێزی لە ناوچەکەدا هەیە. ئیبیش نووسیویەتی، لە ماوەی شەڕی سووریا، سعوودیە، میسر، ئیمارات، ئوردن و ئیسرائیل لایەنی دژ بە ئێران بوون، ئەمانە لە ساڵی 2011ەوە لەگەڵ تورکیا یەکیان گرتووە، ئەمەش بەهۆی خاڵی هاوبەشی نێوانیان کە دژایەتیکردنی بەشار ئەسەدە کە پشتیوانە گەورەکەی ئێرانە، بەاڵم ئەم هاوپەیمانییە گەورەیە لە کانوونی یەکەمی ساڵی 2016 کۆتایی هات، ئەو کاتەی شاری حەلەب بە تەواوی تەواوی کەوتە ژێردەستی ڕژێمی سووریا، لەو کاتەوە تورکیا هاوڕێ عەرەبەکانی بەجێهێشت و ڕووی لە ئێران و ڕووسیا کرد، بۆ ئەوەی هێزی پەیدە و دەسەاڵتی کورد لە باکووری سووریا نەهێاڵێ و هەموو ئامانجی خۆی لەمەداچڕ کردەوە، ئێدی لەمەوە تورکیا وەک دوژمن مامەاڵەی لەگەڵ ئێران نەکرد و هەندێکجاریش بوونە هاوبەش.

خۆبەهێزکردنی تورکیا

ڕۆڵی تورکیا لەچەقی هاوپەیمانیی نوێی ڕۆژهەاڵتی ناوەڕاست بەرەو هەڵکشان ڕۆیشت، دوای ئەوەی هەریەک لە سعوودیە، ئیمارات، بەحرێن و میسر، دەرگاکانیان بە ڕووی قەتەردا لە 2017 داخست، ئەمە وایکرد تورکیا لە ڕێی دەوحەوە بە تەواوی خۆی بخزێنێتە ولاتانی عەرەبی کە بنکەیەکی سەربازیی فراوانی لەوێ هەیە. قەتەریش کە خۆی هاوپەیمانی ئێرانە، هۆکارێکی تر بوو بۆ پتەوکردنی پێوەندیی تاران و ئەنکەرە و گرێبەستێکی ڕاکێشانی غازی بەدوای خۆیدا هێنا.

ململانێکانی تورکیا

تۆیژەرەکە پێی وایە، ئەم جوواڵنەی تورکیا دەیکات، پێی دەبێتە هێزێکی هەرێمیی گەورە هاوشێوەی ئێران و بگرە لەوانەیە کاریگەرییەکانی لە داهاتوودا لە ئێرانیش زیاتر بێت، بەمەش دوای نیو سەدە لە هەوڵدان بۆچوونە ناو یەکێتی ئەورووپا، ئێستر بێمنەت دەبێ چونکە ڕێبەکی تری بەهێزی ئابووری و سەربازی و ستراتیژی دۆزیوەتەوە و دەبێ بیریشمان بێت، ئەندامی هاوپەیمانیی ناتۆیە و هێشتا لە کۆمەاڵگەی نێودەوڵەتی ناوی وەک وڵاتێکی وێرانکەر هاوشێوەی ئێران نەزراوە، بەاڵم هەمووشی دەزانێ لە هەر کاتێکدا بێت دەتوانێ ببێ بەوەی کە دەیەوێت.

پاوانخوازی تورکیا

ئەم هەنگاوانەی تورکیا بۆ گەیشتن بە بڕیار بەسەر هەموو ئەو ناوچانەی پێشتر لەژێر دەسەاڵتی دەوڵەتی عوسمانیدا بوون،چیتر بە شاراوەیی نییە و ئەوەتا سلێمان سۆیلۆ وەزیری ناوخۆی ئەو وڵاتە لە گوتارێکی جەماوەریدا گوتی: ئێمە تەنیا تورکیا نین، ئێمە دیەشق، حەلەب، کەرکووک، قودس، مەکە و مەدینەین. لە یەکەم هەنگاوی پاوانخوازیی ئێراندا وەکچۆن بەرپرسانی دژە تیرۆری ئەمەریکی ئاشکرایان داخستووە و دەبێ بیریشمان بێت، ئەندامی هاوپەیمانیی ناتۆیە و هێشتا لە کۆمەاڵگەی نێودەوڵەتی ناوی وەک وڵاتێکی وێرانکەر هاوشێوەی ئێران نەزراوە، بەاڵم هەمووشی دەزانێ لە هەر کاتێکدا بێت دەتوانێ ببێ بەوەی کە دەیەوێت.

پاوانخوازی تورکیا

ئەم هەنگاوانەی تورکیا بۆ گەیشتن بە بڕیار بەسەر هەموو ئەو ناوچانەی پێشتر لەژێر دەسەاڵتی دەوڵەتی عوسمانیدا بوون،چیتر بە شاراوەیی نییە و ئەوەتا سلێمان سۆیلۆ وەزیری ناوخۆی ئەو وڵاتە لە گوتارێکی جەماوەریدا گوتی: ئێمە تەنیا تورکیا نین، ئێمە دیەشق، حەلەب، کەرکووک، قودس، مەکە و مەدینەین. لە یەکەم هەنگاوی پاوانخوازیی ئێراندا وەکچۆن بەرپرسانی دژە تیرۆری ئەمەریکی ئاشکرایان کردووە، نەخشەی داهاتووی تورکیایان بینیوە کە بەسرە و بەشێکی سعوودیەش لەخۆ دەگرێ.

ڕەجەب تەیب ئەردۆغان سەرۆکی تورکیا، زۆر بە ڕاشکاوی لە گوتارێکدا گوتی: تورکیا تاکە وڵاتە شیاوی ئەوە بێت سەرکردایەتیی جیهانی ئیسالمی بکات، ئەمەش بەپێی تۆیژەرەکە، ڕاگەیانراوێکی ڕاستەوخۆیە بۆ بێهێزیی عەرەبستانی سعوودیە و کۆماری ئیسالمیی ئێرانیش. ئەمساڵیش لە کۆنگرەیەکی گەورەدا لە ئیستانبوڵ، هەموو هێزە ئیخوانەکانی دنیایان کۆ کردەوە، بۆ ئەوەی بانگەشە بۆ زلهێزی و ڕابەرایەتیی تورکیا بکەن.

نیگەرانییەکانی ئیسرائیل

ئیسرائیل و وڵاتە عەرەبییە دۆستەکانی وەک ئیمارات، میسر و بەحرێن)، لە دۆخێکی دڵەڕاوکێ و ترسدان بەرانبەر هەڵسوکەوت و سیاسەتەکانی تورکیا و ئەو هێزە ئیسالمییەی بە هاوکاریی قەتەر دروستی کردووە،چونکە ئەوان نزیکیشن لە ئێران و مەترسییە گەورەکە ئەوەیە، هاوپەیمانییان لەگەڵ ئەمەریکا شکست بهێنن.

ئەمەریکاچی دەکات.؟

دۆناڵد ترەمپ سەرۆکی ئەمەریکا بەرانبەر ئەم هەموو جموجووڵانەی تورکیا هەڵوێستەکانی ڕژد نەبوون و بە خاوی مامەاڵەی لەگەڵ دەکات، هیچ بەڵگەیەکیش نییە کە جۆن بۆڵتۆن ڕاوێژکاری ئاسایشی نیشتمانی و مایک پۆمپیۆ وەزیری دەرەوە هەڵوێستێکیان دەربڕیبێ، وێڕای ئەوە هەموو هۆشدارییەی دیپلۆماسی و پسپۆڕە ئەمنییەکانی پێشتر لە ژێر ئیدارەی ترەمپ کاریان کردووە. بەاڵم ئەمەچی دەگەیەنێ؟ ئایا ئەمەریکا هێشتا لەو مەترسییە تێنەگەیشتووە، یان شتێکی لەژێر سەردایە ؟

دکتۆر حوسێن ئیبیش تۆیژەر لە پەیمانگەی وڵاتانی کەندااوی عەرەبی لە واشنتن وەاڵم دەداتەوە دەڵێ: ئەمەریکا هەر دەبێ هەڵوێستی ڕژد بنوێنێ و دژایەتیی خۆی بە ئاشکرا بۆ تورکیا دەربڕێ کە دژی بەرژەوەندییەکانی خۆیان و ئیسرائیل و وڵاتانی عەرەبی دەجوواڵنەوە، بۆ ئەمەش دەبێ جێگرەوەی بنکەی ئەنجەرلیکی باشووری تورکیا کارا بکرێت و هاوپەیمانی و هاوکاریی سەربازی کەم بکرێتەوە.

BBC NEWS

بەهۆی بااڵوکردنەوەی هەواڵێکی درۆوە
BBC داوای لێبووردن دەکات

دامەزراوەی میدیایی بەریتانیا BBC بەهۆی هەواڵێکی درۆوە کە بااڵویکردبووەوە، داوای لێبووردنی لە سەرۆکی ئۆکراینا پێترۆ پۆرۆشێنکۆ کرد و قەرەبووکردنەوەی ئەو زیانانەی پەسەندکرد کە بووەتە هۆکاری دروستبوونی کێشە بۆ سەرۆکی ئۆکراینا. لەڕاگەیەندراوێکدا BBC وەبیریهێنایەوە، مانگی ئایاری ساڵی ڕابردوو لەهەواڵێکدا بانگەشەی ئەوەیانکردووە، بۆ دڕێژکردنەوەی ماوەی کۆبوونەوەیەکی سەرۆکی ئۆکراینا پۆرۆشێنکۆ و سەرۆکی ئەمەریکا دۆناڵد ترەمپ، بڕی 400 هەزار دۆلار پارە دراوە.

لەڕوونکردنەوەکەدا جەختکراوەتەوە کە دواتر ئەو هەواڵە لە ماڵپەڕەکەیان سڕاوەتەوە کە بانگەشەی ئەوەی کردووە، پارەکە دراوە بە پارێزەری پێشووی ترەمپ مایکڵ کۆهێن.

لەدەقی ڕوونکردنەوەکەی BBCدا هاتووە، "بانگەشەکەی سەبارەت بە کۆبوونەوەکەی مانگی حوزەیرانی 2017 ڕاست نەبوو".

هەروەها ڕوونکردنەوەکە ئاماژەی بەوە داوە، هەواڵەکە لە گەشتێکی هەواڵەکانی BBCدا لە بەریتانیا بااڵوکراوەتەوە و لەدەقەکەیدا هاتووە، "بەهۆی ئەو کێشانەی ڕووبەڕووی بەرێز پۆرۆشێنکۆ بووەتەوە، داوای لێبوردن دەکەین. قبوڵیشمان کردووە قەرەبووی بکەینەوە وخەرجییەکانی دادگاش بدەین".

پەرلەمانی بەریتانیا، بۆ سێیەمین جار ڕێککەوتنی بڕێکزێتی ڕەتکردەوە



پەرلەمانی بەریتانیا، بۆ سێیەمین جار ڕێککەوتنی بڕێکزێتی ڕەتکردەوە و دەرگای لەسەر جیابوونەوەی بەریتانیا لە یەکێتی ئەورووپا لە بەرواری 12ی نیسان کردەوە. پەرلەمانتاران بە 344 دەنگی نەخێرو 286 دەنگی بەڵێ ڕێککەوتنی بڕێکزێتیان ڕەتکردەوە.

بەپێی ئەو دانوستانەی لەگەڵ یەکێتی ئەورووپا ئەنجامدراوە، جیابوونەوەی بەریتانیا لە یەکێتییەکە بۆ 12ی نیسان دواخرا.

پەرلەمانی بەریتانیا لە 15ی کانوونی دووەم و 12ی ئادار بە دەنگێکی زۆر ڕەتکردبووەوە.

40 بنکەی ئەتۆمی لە عەرەبستانی سعوودی بنیات دەندرێت
مۆڵەتی فرۆشتنی تەکنەلۆجیای ئەتۆمی بە سعوودیە بااڵو دەبێتەوە



دەنگۆی هەماهەنگی و هاوبەشیی ئەمەریکا لەگەڵ سعوودیە لەبواری وزەی ئەتۆمدا دوای کۆژرانی ڕۆژنامەنووسی سعوودی جەمال خاشقچی لە کۆنسوڵخانەی وڵاتەکەی لە ئیستانبوڵ، ڕەخنەی زۆری لێگیرا و ئێستاش دەنگۆیەکی دیکە لەبارەی ئەو هاوبەشییەوە بااڵبووەتەوە. بەپێی هەواڵێکی ماڵپەڕیDaily Beastەوەزارەتی وزەی ئەمەریکا مۆڵەتی داوە بە هەندێک لە کۆمپانیا ئەمەریکییەکان، بۆ فرۆشتنی تەکنەلۆجیای ئەتۆمی بە سعوودیە. لەهەواڵەکەدا ئاماژە بەوە دراوە، بەرپرسانی وەزارەتی وزەی ئەمەریکا وەاڵمی پرسیاری Daily Beastیان نەداوەتەوە.


دەنگۆی فرۆشتنی پیتێنەری ئەتۆمی بە سعوودیە کە بانگەشە دەکرێت لەلایەن گرووپێک لە بەرپرسانی خانەنشینی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمەریکا، کە یەکێک لەوان ڕاوێژکاری پێشووی ئاسایشی نەتەوەیی ماکڵ فلینە، بااڵکراوەتەوە و بەوپێیە بڕیارە 40 بنکەی ئەتۆمی لە سعوودیە بنیاتبنرێت، بەاڵم لەئێستادا پلانەکە بەو جۆرەیە کە بە دوو بنکەی ئەتۆمی دەستپێبکەن.

ئەرکی سکرتێری گشتی ناتۆ تا ساڵی 2022 دڕێژ کرایەوە

وڵاتانی ئەندام لە ناتۆ بڕیاریاندا ماوەی ئەرکی سکرتێری گشتی ناتۆ، یانس ستۆڵتنبێرگ تا 30ی ئەیلوڵی ساڵی 2022 دڕێژ بکەنەوە. بەپێی ئەو ڕاگەیەندراوە نووسراوەی لەاڵیەن ناتۆ بااڵوکراوەتەوە، ماوەی ئەرکی سکرتێری گشتی ناتۆ، یانس ستۆڵتنبێرگ تا 30ی ئەیلوڵی ساڵی 2022 دڕێژ کراوەتەوە لە کاتێکداچاوەڕێ دەکرا ئەرکی ناوبراو لە 300ی ئەیلوڵی 2020 کۆتایی پێببێت.

هەر لە ڕاگەیەندراوەکەدا ئاماژە بە گوتەکانی ستۆڵتنبێرگ کراوە بەوەی کە ئاماژەی یە خۆشحاڵی خۆی لەمبارەیەوە کردووە و گوتوویەتی: لەم قۆناغەدا کە ڕووبەڕووی گەورەترین تاقیکردنەوەی ئەمنی دەبینەوە، زۆر پەرۆشم بە کارکردن لەگەڵ هاوپەیمانان لەبارەی بە مۆدێرن کردنی ناتۆ. جێی باسە ستۆڵتنبێرگ کە بۆ دووەمین جار ماوەی ئەرکەکەی دڕێژ دەکرێتەوە، لە ساڵی 2014 لە شوێنی ئەندەرس فۆغ ڕاسموسن دەستبەکاربوو.

خەبات و مێژوو تێکۆشانی حزبی شیوعیی لە قۆناغە جیاجیاکان پرۆپایەخ وەسف کرا



بەبۆنەی 85مین ساڵیادی دامەزرانی حزبی شیوعی کوردستان، عەلی حوسێن بەرپرسی مەکتەبی پەیوەندییەکانی کوردستانی و عێراقی پارتی دیموکراتی کوردستان بەیاوەری بەرپرسی دیسکی پارتە کوردستانییەکان و ئەندامانی مەکتەبی سیاسی حزبی شوعیی کوردستانی لە شاری هەولێر کرد، لەلایەن د. کاوە مەحمود سکرتێری حزبی شوعیی کوردستان و ئەندامانی مەکتەبی سیاسی پێشوازی کران.

لە دیدارێکدا عەلی حسێن بەرپرسی پەیوەندییەکان بەناوی مەکتەبی سیاسی و ئەنجومەنی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان پیرۆزبایی ئاراستەی سکرتێرو ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و تەواوی حزبی شوعیی کوردستان کرد، هاوکات خەبات و مێژوو تێکۆشانی حزبی شیوعیی لە قۆناغە جیاجیاکان پرۆپایەخ وەسف کرد و تەئکیدی کردەوە پارتی هەمیشە بە پێگەیەکی بەرزو هاوخەبات و هاوپەیمان لە حزبی شوعیی کوردستان دەزانێت و هەڵوێست و پەرۆشیان بۆ پرسە نەتەوەیی نیشتمانییەکان، جێگای بایەخی هەموو لایەک بووە.

مەحمود دەرویش لە گەلەری میدیای شاری هەولێر پێشانگایەکی گەورە وێنەکێشان بە بەشداری 45 هونەرمەندی کورد و عەرەب کە گوزارشتیان لە ژیانی سیاسی و کۆمەلایەتی کوردستان و فەلەستین دەکرد لەخۆگرتبوو، کردەوە .

کونسلی گشتی فەلەستین لە کوردستان بەم بۆنەوە وتەیەکی پێشکەش کردو وێرایی تیشک خستنە سەر پیرۆزی خاک ولات بۆ هەرنەتەوەیەک، هاوکات ستایشی پێشمەرگەو حکومەتی هەرێمی کوردستان و ئەو ئاسایش و کەش و هەوا دیموکراسی و پێکەوە ژیانی پێکهاتەکانی کردو لەم بارەیەوە تەئکیدی کردەوە هەرێمی کوردستان جێگای پێکەوە ژیانی هەموو پێکهاتە جیاوازەکانی بووە ئەم نمونە جوانەش لای ئێمەو ناوچەکەش رەنگی داوەتەوە.

پارێزگای دهۆک

41 بنکەی بایۆمەتریی دەنگدان دەکرێنەوە

لە پارێزگای دهۆک ژمارەیەک بنکەی تۆماری بایۆمەتری بە ڕووی دەنگدەراندا کراونەتەوە، بەڕێوەبەری ئۆفیسی پارێزگای دهۆکیش لە کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی عێراق دەڵێت، ناوی کارمەندان بگەڕێتەوە بۆ دامەزراندن، 41 بنکەی بایۆمەتری دەکرێنەوە.

یووسف سەلمان، بەڕێوەبەری ئۆفیسی پارێزگای دهۆکی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی عێراق ئاماژەی بۆ ئەوە کرد: لە ئێستادا 10 بنکەی کۆمسیۆن لە سنووری پارێزگای دهۆک کراونەتەوە بۆ بەڕێوەبەچوونی پرۆسەی بایۆمەتریی دەنگدەران، ڕۆژانە هاوواڵتیان بە مەبەستی خۆتۆمارکردن بەپێی سیستەمی نوێ سەردانی ئەو بنکانەی کۆمسیۆن دەکەن.

بەڕێوەبەری ئۆفیسی پارێزگای دهۆک، بە مااڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاندوە: بە هۆی نەبوونی کارمەندەوە نەمانتوانیوە ژمارەی بنکەکان زیاد بکەین، بەاڵم ناوی کارمەندان بۆ دامەزراندن ڕەوانەی ئۆفیسی نیشتیمانی کراوە لە بەغدا و هەرکاتێک فەرمانی دامەزراندنیان گەڕایەوە، ژمارەی بنکەکانی بایۆمەتری دەگەیەنینە 41 بنکە.

ئەو بەرپرسەی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان دەڵێت: ناوی 60 کارمەند بۆ دامەزراندن بە شێوەی گرێبەست لە بەغدان و چاوەڕێی گەڕانەوەی ناوەکان دەکەین، کە بڕیارە لە ئایندەیەکی نزیکدا بگەڕێنەوە، بەاڵم کاتی گەڕانەوەی دیار نییە، لەبەر ئەوەش کردنەوەی بنکەی زیاتر بەندە بە دامەزراندنی ئەو کارمەندانەوە.

سەلمان داواشی لە هاوواڵتیانی سنووری پارێزگای دهۆک کرد، خۆیان تۆمار بکەن لە سیستەمی بایۆمەتریی دەنگدان و گوتی: ئەوانەی تەمەنیان گەیشتووەتە قۆناغی یاسایی و ئەوانەشی پێشتر بە هەر هۆکارێک بەشداریان لە بایۆمەتریدا نەکردووە، دەرفەتە بێن خۆیان تۆمار بکەن تا مافیان لە هەڵبژاردنەکانی داهاتوودا نەفەوتێت.

دوای سێ ساڵ لەکار وەستانی نەخۆشخانەی گشتی پیران کەوتەوە بواری جێبەجێکردنەوە



خەبات ـ مسلم دژلەمەری:

سێ ساڵ لەمەو بەر بە بڕیارێکی وەزارەتی تەندروستی بڕیاردرا نەخۆشخانەیەگی گشتی لە ناحیەی پیران بکرێتەوە، بەاڵم لەبەر قەیرانی دارایی ماوەی زیاتر لە سێ ساڵە کارەکانی ئەم نەخۆشخانەیە وەستاون، لەم بارەیەوە غەفور ئەحمەد ماڵە سوار قایقامی قەزای مێرگەسور تایبەت بە خەبات ڕایگەیاند: وەک هەواڵێکی دڵخۆشکەر بۆ دانیشتوانی ناحیەی پیران و دەوروبەری ڕادەگەیێنین بە بڕیارێکی وەزارەتی تەندروستی هەرێمی کوردستان لەم ڕۆژانە کارەکانی تەواوکردنی نەخۆشخانەی گشتی پیران دەست پێدەکەنەوە. وەئەوەشی خستەڕوو ماوەی سێ ساڵە لەبەر قەیرانی دارایی تەواوکردنی ئەم نەخۆشخانەیە وەستاوە و کاری بیناسازی لە تەواوبوندایە کە دەتوانم بڵێم تەنها 40 لە سەدای کاری تەواوبونی ماوە کە بەمەش خزمەتێکی باش دەبێت بۆ دانیشتوانی ئەم سنوورە و هەروەها ئەمەشی ڕاگەیاند کە لە هەولدانێکی بەردەوامن بۆ وەرگرتنی ڕەزامەندی ودروستکردنی دوو نەخۆشخانەی لەمجۆرە لەسنوری هەردوو ناحیەی مەزنێ و شێروان مەزن.

هەموو ساڵێک بەرلە هاتنی وەرزی زستان هەڵمەتی خاوێنکردنەوەی ئاوەڕۆکان دەست پێ دەکەین

بەڕێوەبەری ئاوەڕۆکانی هەولێر: تیمەکانی خاوێنکردنەوەی ئاوەڕۆکان بە هاوکاری تیمەکانی بەرگری شارستانی و تیمەکانی سەر بە هەر شەش شارەوانی و شارەوانی هەولێر و ژینگە پارێزی لە ئامادەباشی تەواو دان بۆ هەر ئەگەرێکی دروستبوونی لافاو



ڕاپۆرت/سەید فاتیح بەرزنجی:

ئەندازیار سروود عەبدولمەجید بەڕێوەبەری ئاوەڕۆکانی هەولێر دەربارەی هۆکاری گیرانی ئاوەڕۆکان و دروست بوونی لافاوی ئەو چەند ڕۆژانەی دوایی تیمی ئێشکگری بەردەوام بۆ حاڵەتە نەخوازراوەکان و حاڵەتی دروستبوونی لافاو لەناو گەڕەکەکان و گیرانی ئاوەڕۆکان تیمەکانمان لەشاری هەولێر ئێشکگری شەوانە هەیە و تیمەکانی خاوێنکردنەوەی ئاوەڕۆکان بەهاوکاری تیمەکانی بەڕێوەبەرایەتی شارەوانی ژینگە پارێزی و تیمەکانی سەر بە هەر شەش شارەوانی ناو گەڕەکەکان و تیمەکانی سەر بە بەڕێوەبەرایەتی بەرگری شارستانی لە ئامادەباشی تەواو دانە بۆ ئەگەری دروست بوونی لافاو هەموو ئەو تیمانە شەو و ڕۆژ لە ئەرکدانە.



بەڕێوەبەری ئاوەڕۆکانی هەولێر بۆ خەبات ڕونیکردەوە: هەموو ساڵێک بەرلە هاتنی وەرزی زستان و باران بارین دەست دەکەین بە خاوێنکردنەوەی ئاوەڕۆکان بۆ ئەوەی لەکاتی بارانی بە خۆر ئاوەڕۆکان نەگیرێن بەداخەوە لەبەر کەمی ڕادەی هوشیاری هاوواڵتیان و فڕێدانی زبڵ و پاشماوە بۆ ناو ئاوەڕۆکان وادەکات کە ئاوەڕۆکان بگیرێن بۆیە ئاو لە شەقامەکان و کۆچە و کۆڵانەکان کۆ دەبێتەوە ئەگەرچی تیمە ئێشکگرەکانی خاوێنکردنەوەی ئاوەڕۆکان شەو و ڕۆژ لە ئامادەباشیدان بۆ هەرئەگەر و پێشهات و دروستبوونی لافاو لە هەرشوێنێک بێت دەمودەست ئەو تیمانە دەگەنە شوێنی مەبەست و فریای حاڵەتەکان دەکەون

ئەو شەوانەی باران ببارێت تیمەکانی ئاوەڕۆکان بەردەوام لە ئامادەباشیدان

ئەندازیار سروود عەبدولحەمید بەڕێوەبەری ئاوەڕۆکانی هەولێر ڕونیکردەوە: لەکاتی باران بارین ئاوەڕۆکان بەهۆی زبڵ و پاشماوە دەگیرێن هەر بۆیە هەموو ساڵێک بەرلە هاتنی وەرزی زستان و باران بارین دەست دەکەرێت بە خاوێنکردنەوەی هەموو ئاوەڕۆکان لە شاری هەولێر و دەوروبەری جگە لەوەش بەپێی توانا هەوڵی ئەوەش دەدەین ئەو سەرە مەنهۆڵانەی کە دزراون سەرە مەنهۆڵیان بۆ دابنێینەوە بۆ ئەوەی کێشە بۆ هاوواڵتیان دروست نەکات لێرەوە جێی خۆیەتی ئاماژە بەوە بدەین و داوا لە هاوواڵتیان بکەین کە پارێزگاری لە سەرە مەنهۆڵەکان بکەین چونکە سامانێکی نیشتیمانییە و نابێ بدزرێن بەداخەوە هەندێ هاوواڵتی نەفس نزم ماوە ماوە هەوڵی دزینی سەرە مەنهۆڵەکان دەدەن بۆیە پێویستە ئەو کەسانەی کە ئەو سەرە مەنهۆڵانە دەدزن پێویستە بدرێنە دادگ او لێپرسینەوەیان لەگەڵدا بکرێت لەبەر ئەوەی بەدزینی ئەو سەرە مەنهۆڵانە زیان بە ئاوەڕۆکان و زیانیش بە هاوواڵتیان دەگەیەنێت و کێشەیان بۆ دروست دەکات لەوەتەی ئەو بەڕێوەبەرایەتییە دامەزراوە توانیومانە ژمارەیەکی زۆری تۆری ئاوەڕۆ لە شاری هەولێر دروست بکەین ئەگەر ئەو هەموو ئاوەڕۆیانە دروست نەکرابوایە ئەوا ئێستا کێشەی زۆر بۆ هاوواڵتیان دروست دەبوو جگە لەوەش لەشەقامەکان و کۆچە و کۆڵانەکان لافاو دروست دەبوو لەگەڵ فراوانبوونی شاری هەولێر و زۆربوونی ژمارەی دانیشتوانەکەی بە هەوڵ و کۆششی حکومەتی هەرێمی کوردستان و وەزارەتی شارەوانی توانراوە ژمارەیەکی زۆری تۆری ئاوەڕۆ لەشاری هەولێر دروست بکرێت بەتایبەتی لە گەڕەکە تازەکان هەر کە شەقامەکان دروست دەکرا ئەوا تۆری ئاوەڕۆش دروست دەکرا لەسەر بودجەی پەرە پێدان یاخود بودجەی وەزارەتی شارەوانی پرۆژەی ئاوەڕۆ دروست کراون بەاڵم هێشتا شاری هەولێر پێویستی بە پرۆژەی زیاتری ئاوەڕۆ هەیە ئەوەتا لە گەڕەکە کۆنەکان پێویستە ئاوەڕۆکان تازە بکرێتەوە بەتایبەتی هەبوونی کێشەی ئاوەڕۆلەبەرئەوەی ئاستی ئەو کۆڵانانە نزمە یاخود نزیکی ئاوەڕۆی سەرەکی سندوقیەکانن بۆیە لەگەڵ هەر باران بارینێکی بەخوڕ ئەو ئاوەڕۆیانزوو پڕ دەبن لە ئاو جا ئەگەرهاتوو ئەو ئاوەڕیانە زبڵ و پاشماوەی تیا بێت ئەوا ئاوێکی زۆر لەوکۆڵانانە کۆدەبێتەوەو ئەو ئاوەڕۆیانە ناتوانن بەزوویی ئاوەشۆری ئەو ئاوە بکات بەاڵم تیمەکانمان خۆبەخشانە هەموو کاتێک لە ئامادەباشیدانەوبەردەوام لە ئێشکگرتندان بە هاوکاری لایەنە پەیوەندیدارەکانی وەکو بەڕێوەبەرایەتیەکانی بەرگری شارستانی و شارەوانیەکان وئاودێری هەولێرو هاتوچۆو پۆلیس وقایقامیەت و چەندین دامودەزگای دیکە شەوانە تابەیانی ئەو تیمانە لە حۆم وەکو بەڕێوەبەری ئاوەڕۆکان تابەرەبەیانی لە ئێشکگرتن دابم و خزمەتی هاوواڵتیان بکەم و هەوڵماندا هەموو ئەو ئاوەڕۆیانەی کە گیرابوون پاکیان بکەینەوە تا لافاو دروست نەبێت لەگەڕەکی گڵکەندی سێتاقان عەمباریکی کۆکردنەوەی ئاومان دروست کردووە لە ژێر باخچەکەی ئەوێ و ئەو شوێنە بۆتە بازرگانی و بالەخانەکان بەرز بوونەتەوە بۆیە زیانەکان کەمترە و لەگەڕەکی ژێر پردی سەیداوەش پەمپ دانراوە بۆ ئاوەشۆرکردنی ئاوی باران و شوێنەکە کەندە و لەوەتەی ئەو پەمپانە دانراوە لە ژێر ئەو پردانە ئاوەشۆری ئاوی باران دەکرێت وئەندازیارانی ئێشکگریدانەو لیژنەی بەرەنگاربوونەوەی لافاو هەموو کاتێک شەوو ڕۆژلە ئەرکدایە بۆ هەر ڕووداو پێشهاتێک ئەگەر ڕووبدات ئەوا لەحزمەتی هاوواڵتییاندایە داواش لە هاوواڵتییانی چەند گەڕەکێکی ناو شاری هەولێر دەکات هاوکاری تیمەکان بکات و چێتر زبڵ و پاشماوە فڕێ نەدەنە ناو ئاوەڕۆکان بۆئەوەی لەکاتی هەرباران بارینێکی بەخوڕ ئەو ئاوەڕۆیانە نەگیرێن و ڕەچاوی ڕێنماییەکان بن و زبڵ فڕێ نەدەنە ناو ئاوەڕۆکان و هەوڵیش دەدەین لەکاتی لافاو فریای هاوواڵتیان بکەوین تا زیانەکانیان کەمتر بێت لەکاتی باران بارینی ئەو چەندڕۆژانەی دواییدا لەماوەی ئەو چەند شەوانە تابەرەبەیانی

ئاوەڕۆی هەولێر لە کاتی باران بارین و دروستبوونی لافاو لەئەرکدان بۆئەوەی ئاوی باران لە ژێر ئەو بەرزە پردانە کۆنەبێتەوەو لافاو لەژێر ئەو پردانە دروست نەبێت لە ئەندەرپاسی جیهان هەندێ ئاو کۆدەبووەوە ئەوەش چارەسەرکراوژمارەی پەمپەکان زیادی کردو بوو بە نۆ پەمپ لەو حاڵەتەدا ئاوی باران کۆنابێتەوە لەکاتی زستاندا لافاو لە چەندین وڵاتی دونیا دروست دەبێت و چارەسەری بۆ دەکرێت ئەگەرهاتوو ئاوەڕۆکان زبڵ و پاشماوەی زۆری تیا بێت ئەوا ئاوەڕۆکان دەگیرێن

لە پلانی ئایندەدا ژمارەیەک پرۆژەی ئاوەڕۆ ئەنجام دەدرێت

دواتر هەرلە دریژەی ئەو ڕاپۆرتەدا ئەندازیار سروود عەبدولمەجید بەڕێوەبەری ئاوەڕۆکانی هەولێر سەبارەت بەپلانی داهاتوویان گوتی: لەماوەی ساڵانی ڕابردوودا لەبەر قەیرانی نەتوانراوە پرۆژەی خزمەتگوزاری ئەنجام بدرێت بەتایبەتی پرۆژەی ئاوەڕۆ هەربۆیە وەکو بەڕێوەبەرایەتی ئاوەڕۆکانی هەولێر لەپلانماندایە چەندین پرۆژەی ئاوەڕۆی سندوقی دروست بکەین لەو هەموو شوێنانەی کە پێویستی بە ئاوەڕۆ هەیە بۆی ئەنجام دەدەین تائەو پرۆژانە ئەنجام دەدرێن پێویستە هاوواڵتیان هاوکاریمان بکەن بۆئەوەی زبڵ و پاشماوە فڕێ نەدرێتە ناو ئاوەڕۆکان.

www.xebat.net
دووشەمە 2019/4/1 ژمارە (5720)



بەڕێوەبەرانی ئەوقاف و کاروباری ئایینی دهۆک و بەڕێوەبەری حەجی پارێزگای دهۆک دەست بەکاربوون

دوێنێ یەکشەمە 2019/3/31 لەدیوانی وەزارەت و بە ئامادەبوونی د. پشتیوان سادق وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئایینی بەوەکالەت و د. دیار جباری بەڕێوەبەری گشتی کارگێڕی ودارایی بەوەکالەت لە مەراسیمێکدا هەردوو بەڕێوەبەری تازەی ئەوقاف و کاروباری ئایینی پارێزگای دهۆک و بەڕێوەبەری حەجی پارێزگای دهۆک دەستبەکار بوون، تیایدا ڕێبەر حەجی ئەحمەد وەک بەڕێوەبەرەی ئەوقافی دهۆک و سەرمەد جەمیل سالح وەک بەڕێوەبەری حەجی دهۆک دەست بەکار بوون. لە وتەیەکدا وەزیری ئەوقاف پیرۆزبایی خۆیی ئاراستەی هەر دوو بەڕێوەبەرانی تازە کردو هیوای سەرکەوتن و سەرفرازی لەکارەکانیان بۆ خواستن.

هەروەها ئاماژەیدا کە پێویستە بەڕێوەبەرانی تازە هەموو هەوڵێکیان بخەنەگەر بەئامانجی خزمەتکردنی هاووڵاتییانی ئازیز و مامۆستایانی ئایینی بەرێز و سەرجەم پێکهاتەکانی پارێزگای دهۆک.



بەڕپرسی لقی 24ی سەفین: هەڵوێستی مامۆستایان لەبیرناکەین

دوێنێ یەکشەمە31ی ئاداری 2019 لە درێژەی کۆڕوکۆبوونەوەکانیدا، هیوا ئەحمەد مستەفا ئەندامی سەرکردایەتی و بەرپرسی لقی4 سەفینی پارتیمان،سەرپەرشتی کۆبوونەوەیەکی فراوانی مامۆستایانی سنووری شەقلاوە و دەوروبەری و سەرجەم ئۆرگانەکانی ڕێکخستنی لیژنەی ناوچەی مامۆستایانی کرد.

هیوائەحمەد مستەفا تیشکی خستەسەر بارودۆخی هەنووکەیی هەرێمی کوردستان و ڕایگەیاند: دوای ئەو دانیشتنانەی کە پەڕلەمان ئەنجامیداون، ئێستا هەنگاوەکانی پێکهێنانی حکومەت خێراتر کراون و ئێمە وەکو پارتی پێمانباشە هەموو حزبەکان بەشدارین لەگەڵمان لە پێکهێنانی کابینەی نوێەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ زیاتر خزمەتکردن بە خەڵکی کوردستان، هەر بۆیەش نابێت لەوە زیاتر پێکهێنانی حکومەت بخایەنێ و درێژەبکێشێ.

ئەنجوومەنی پارێزگای هەولێر پڕۆژەی دانەوەی پاشەکەوتی مووچە ئاڕاستەی پەرلەمانیش دەکاتەوە

جێگری سەرۆکی لیژنەی دارایی لە ئەنجوومەنی پارێزگای هەولێر گوتی: نووسراوی گەڕاندنەوەی پڕۆژەی دانەوەی پاشەکەوتی مووچەی فەرمانبەران ئامادە کراوە و ئاڕاستەی حکومەتی دەکەن، دواتریش بۆ پەرلەمان ڕەوانەی دەکەن بۆ ئەوەی بەیاسایی بکرێت. خانزاد مام وسوو رایگەیاند: دوای ئەوەی هەفتەی ڕابردوو ئەنجوومەنی پارێزگای هەولێر کۆ بووەوە و تێبیدا بڕیاری دا دووبارە پڕۆژەی گەراندنەوەی پاشەکەوتی مووچەی فەرمانبەران ئاڕاستەی حکوومەت بکات بە هۆی باش بوونی دۆخی ئابووریی هەرێمی کوردستان، لە ئەنجوومەن نووسراوەکە ئامادە کراوە و لە ڕێگەی وەزارەتی داراییەوە ئاڕاستەی حکوومەت دەکرێت بۆ ئەوەی کاری لەسەر بکات.

مام وسوو گوتیشی: جگە لە حکوومەت، ئاڕاستەی پەرلەمانی کوردستانیشی دەکەین، بۆ ئەوەی ئەو پڕۆژەیە لە پەرلەمان بکرێتە یاسا و حکوومەت پابەند بکات پاشەکەوتی مووچە بداتەوە، چونکە ئەوە مافی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستانە و پێویستە بدرێتەوە.

بەپێی پڕۆژەکە پێویستە حکوومەتی هەرێمی کوردستان مانگانە لەگەڵ مووچەدا بڕێکی پارەی پاشەکەوتکراو بۆ فەرمانبەران بگەڕێنێتەوە و ئەو قەرزانەی حکوومەتیش لای فەرمانبەرانە، لە پاشەکەوتەکە کەم بکرێتەوە، کە حکوومەت تا ئێستا حەوت مووچەی تەواو و 33 پاشکەوتی لایە.



بەرزبوونەوەی ئاستی ئاوی زێبی گەورە (فۆتۆ: سەید مەجید بەرزنجی- 2019/3/31)

پرسەو سەرەخۆشی

بۆ خانەوادەی عوسمانی مەلا تاهیر

بە خەم و پەژارەیەکی زۆرەوە، هەوالّی کۆچی دوایی هەڤال، عوسمانی مەلا تاهیرمان پێگەیشت کە لایەنگر و دلّسۆزێکی پارتیمان بوو لە شاری سلێمانی. بەم بۆنەیەوە، پرسە و سەرەخۆشی خۆمان ئاراستەی خانەوادەی بەڕێزیان دەکەین و لە خوای گەورە داواکارین جێگەی بەهەشتی بەرین بێت و خوای گەورە سەبوریتان بدات.

خەبات

لە پێناو گەیاندنی پەیامی پاراستنی گۆی زەوی لە پاشماوە و پیسکەرە ژینگەییەکان و گەرمبوونی گۆی زەوی و کاریگەریان لە سەر مرۆڤ

هەولێر.. ڕۆژی جیهانی کاتژمێری زەوی بەرز نرخێندرا

ڕاپۆرت/سەید فەرهادین ـ سەبریە یوسف:

دوێنێ یەکشەمە 2019/3/31 بە بۆنەی ڕۆژی زەوی، بەڕێوبەرایەتی خزمەتگوزاری و ژینگەپاریزی بەشدار بوو لە ڕۆژی جیهانی کاتژمێری زەوی کە لە هەولێر بەڕێوەچوو کە لەلایەن ڕێکخراوی ئاڤیاری هۆشیاری ژینگە و ڕێکخراوی ئاڤیا کوردستانی و ڕێکخراوی ژینگەی سەوز بە هاوبەشی لە شارەوانی هەولێر و بە ئامادەبوونی ژمارەیەک بەرپرسی حزبی و حکومی و چالاکوانان و ژینگەدۆستان ڕێکخرابوو.

زەوی بەرزنرخێندرا.

دواتر خەلاتی وێنەی سرووشتی کوردستان بەسەر ژمارەیەک بەڕێوەبەری شارەوانی دابەش کرا.

هەروەها لە گەرمیان، ڕێکخراوی ژینگەدۆستانی گەرمیان بە هاوکاری دیوان مۆڵ لە شارۆچکەی کەلاری ناوەندی ئیدارەی گەرمیان بۆ بەرزڕاگرتنی ڕۆژی جیهانی کاتژمێری زەوی، بە دروشمی هەسارەی زەوی هی هەموومانە با بیپارێزین، لە مەراسیمەکەدا لە پینناو گەیاندنی پەیامی پاراستنی گۆی زەوی لە پاشماوە و پیسکەرە ژینگەییەکان و گەرمبوونی گۆی زەوی و کاریگەریان لە سەر مرۆڤ، ڕۆژی جیهانی کاتژمێری مەراسیمێکیان ئەنجامدا بە کوژاندنەوەی ڕووناکی کارەبا و داگیرساندنی چەندین مۆم.

ئازاد ئەحمەد، سەرۆکی ڕێکخراوی ژینگەدۆستانی گەرمیان، بەخەباتی ڕاگەیاند: شەی ڕابردوو چالاکی کاتژمێری زەوی، بە ئامانجی بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری ژینگەیی لە کوردستان، دەربارەی پاراستنی هەسارەکەمان، و بۆ بە کۆمەڵ پێکهێنانی ژینگەیەکی تەندروستی سەوز، بۆ هەموو پێکهاتە زیندووەکانی سەر زەوی، کۆکردنەوەی کۆمەڵگەی جیهانە بۆ پیشاندانی ئەوەی کە بیرۆکەیەکی سادە دەتوانێت بەدەستبهێنرێت، و چۆن جوڵانەوەیەکی تاکەکەسی دەبێتە هۆی سەرسوڕمان.

گوتیشی: هەروەها دوێنێ شەو کورتە فیلمێک سەبارەت بە ڕۆژی جیهانیی زەوی لە ڕێگای داتاشۆوە نیشاندراو لە کۆتاییشدا بۆ ماوەی چەند خولەکێک ڕووناکی کارەبای مۆڵەکە کوژێندرانەوە و چەندان مۆم داگیرسێنران.

چالاکی کاتژمێری زەوی بۆ یەکەم جار لە شاری سیدنی ئوسترالی ئەنجامداوە، لە 31ی ئازاری 2007 کە تێیدا دوو ملیۆن و دوو سەد هەزار کەس و دوو هەزار و سەد پێگەی بازرگانی هەستان بە کوژاندنەوەی ڕووناکی و ئامێرە ئەلیکترۆنییەکان، ئەوانەی کە پێویست نەبوون، بۆ ماوەی کاتژێرێک.





72هەمین سالیادی لە سێدارەدانی پێشەوای کورد قازی محەمەد و هاوڕێیانی لە مەیدانی چوارچرای شاری مەهاباد



هەڤاڵانی بارزانیی نەمر یادەوەرییەکانی خۆیان لەکاتی بەرگری کردن لە کۆماری کوردستان لە مەهاباد دەگێڕنەوە و بەسەربەرزییەوە باسی ڕۆڵی پێشەوا قازی محەمەد و ژنەڕاڵ بارزانیی نەمر لە کۆماری کوردستان لە مەهاباد دەکەن



خەبات: سەفەر یوسف میرخان ژاژۆکی

کۆماری کوردستان لەمەهاباد ئەو دەسکەوت و قۆناغە مێژوویییەی کورد کە بۆ هەمیشە وەک سەروەرییەکی مەزن هەموو گەلی کوردستان شانازی پێوە دەکات. یەکێک لە خەسڵەتە گرنگەکانی کۆماری کوردستان مۆرکە بەرفراوانە نەتەوەییەکەیەتی، کە تیایدا کوردانی باشوری کوردستانیش بە سەرکردایەتی ژنەڕاڵ مستەفا بارزانی نەمر بەشداریان کردووە... چوونی لەشکری بارزانییەکان بە سەرۆکایەتی شێخ ئەحمەدی بارزانی و بارزانیی نەمر بۆ کوردستانی ڕۆژهەڵات و بەشداریان لەبەرگری کردنیان لە کۆماری کوردستان لە مەهاباد ئەو دەسکەوت و قۆناغە مێژوویییەی کورد کە بۆ هەمیشە وەک سەروەرییەکی مەزن هەموو گەلی کوردستان شانازی پێوە دەکات. ئەمڕۆ **72**هەمین سالیادی لە سێدارەدانی پێشەوای کورد قازی محەمەد و هاوڕێیانی لە مەیدانی چوارچرای شاری مەهاباد لە بیرەوەری چەند پێشمەرگە و هەڤاڵانی بارزانیی نەمر بەشداربووی ڕووداوەکە بۆ خوێنەرانی ئازیزی ڕۆژنامەی خەبات دەخەینە ڕوو.

لە گوندی لێرەبیری سەربەدەڤەری بارزان چاوم بە هەڤاڵی بارزانیی نەمر بۆ یەکێتی سۆڤیەتی جاران مام (مەلا ئەحمەد لێرەبیری) بەشداربووی شۆڕشی دووەمی بارزان وبەرگری کردن لە کۆماری کوردستان لە مەهاباد کەوت کە لە بیرەوەرییەکانیدا دەربارەی قازی محەمەد بەم شێوەیە بۆ ڕۆژنامەی خەبات هاتە ئاخەوتن:

پێشەوا قازی محەمەد و بارزانیی نەمر پەیوەندی و هەماهەنگییەکی زۆر بەهێزیان هەبووە ،هەمیشە ئەوان یەک بوون و بەرێز بوون، بارزانیی نەمر هەموکات پێشەوا قازی محەمەدی بە پێشەوای کوردان و سەرۆک کۆماری کوردستان لە مەهاباد تەماشا دەکرد، بە هەمان شێوە پێشەوای کوردان قازی محەمەد زۆر ڕێزی لە بارزانیی نەمر دەگرت کە فەرماندەی گشتی هێزدچەکدارەکان بوو. بارزانیی نەمر و پێشەوا قازی محەمەد هەردووکیان لە خانەوادەیەکی ئایینی وکوردپەروەر بوون و ئەوان ئامادە بوون هەموو کاتێک خزمەت بە میللەتی کورد بکەن. پێشەوای کوردان گەشبین بوو بە بارزانیی نەمر چونکە پاراستنی کۆماری کوردستان لە مەهاباد زیاتر لە دەستی بارزانییەکان دا بوو کە توانیمان ئیسپاتی بکەین دەتوانین بەرگری لە کوردستان بکەین. هەمیشە پێشەوا قازی محەمەد و بارزانیی نەمر پێکەوە دەهاتنە ناو بەڕەکانی شەڕ و ئێمەیان بەسەر دەکرد و ئێمەیان ئامۆژگاری دەکردەوە، ئێمەش لە ژێر فەرمانەکانی ئەوان دابووین و ڕێگامان بە دوژمنان نەدا یەک هەنگاو بەرەو پێش بێت و سەرکەوتنمان بە دەست هێنا.

سەروان (کیومەرس سالح)هەوالنێری ماهنامەی ئەرتەش لە ڕێزی شاە لە بیرەوەرییەکانی دا لە بارەی دادگای کردنی پێشەوا قازی محەمەد و هەڤاڵەکانی دا دەنووسێت: دەستەی دیاریکراوی دادگا، ڕۆژی **25-3-1947** لە تارانەوە بەرەو تەورێز و میاندواو هات و ڕۆژی **28-3-1947** گەیشتنە مەهاباد. شەوێک لە سەربازگە پشوومانداو و بەیانی ڕۆژی دوایی دادگا دەستی پێکرد، سەرەتا قازی محەمەدیان هێنا و هەمان تاوانی **12** ماددەییەکەیان بۆ خوێندەوە. دیسان قازی وتەکانی پێشووی دوپات کردەوە. لە دادگایی کردنی قازی محەمەد دا دەرکەوت کە ڕژێمی شا پتر هەوڵی بەدەستخستنی زانیاریی لەسەر ژنەڕاڵ مستەفا بارزانی دەدات، تا لێپێچینەوە لە قازییەکان، لەم بارەیەوە قازی محەمەد لەوەڵامی ئەم پرسیارەدا کە بۆچی مەلامستەفا بارزانییان هێناوتە مەهاباد، قازی محەمەد گوتی: "مەلامستەفا لە کوردستان بێگانە نەبووە و نییە کوردستان مالی هەموو کوردێکە! لەگەڵ ئەوەشدا هیچ کەس ئەوی نەهێناوە، بارودۆخ وایکردووە ئەو بێت بۆ بەشێکی تر لە مالەکەی خۆی، واتە لە بەشێکی مالەکەی خۆیەوە هاتووە بۆ بەشێکی تری مالەکەی و وەسەلام". لە بەشێکی تردا، کیومەرس سالح دەنوسێت: سەرهەنگ نیکوزادی دادوەر کە قازی محەمەد زۆر بە تونديی لە بەرامبەریدا ڕاوەستا بوو، وەکو مار پێچی دەخوارد، پارچە قوماشێکی لە هەگبەکەی دەرهێنا کە ڕەنگی سور و سپی و سەوز بوو، چەکوچ و داسێکی لەسەر کێشرابۆوە و بە قازی محەمەدی گوت: "ئەدی هەموو حکومەت و ئالا و تەشکیلاتت ئەوە نییە؟ قازی محەمەد لەبەرامبەر ئەو کردەیەی سەرهەنگدا گوتی: "یەکەم، ئەوە هەرگیز ئالای کوردستان نییە و نەبووە، چونکە ئالای ئێمە چەکوچ و داسی لە سەر نیە!. دووەم ئەو هەڵسوکەوتەتان نیشانی کەم عەقڵی و بێشعوری تۆ دەگەیێنێ!. دڵنیابن ئێوە دەستتان بە ئالای کوردستان ناگات کە بێڕێزی پێبکەن. ڕۆژێکیش دێ لە سەر ئەم بینایەی کە من تێدا دادگایی دەکرێم، ئالای کوردستان هەڵدەدرێ و دەشەکێتەوە!. ئالای کوردستانم بە مەلامستەفا بارزانی سپاردووە و لەسەر شانی ئەوە، لەو چیا بۆ ئەو چیا و لەو شار بۆ ئەو شار و لەو وڵات بۆ ئەو وڵات دەچێت، تا ڕۆژێک لە تەواوی بەرزاییەکانی کوردستان هەڵدەدرێ و دەشەکێتەوە!. ئالای کوردستانم بە مەلامستەفا بارزانی سپاردووە و بە قازی محەمەدی گوت: "بەڕاستی مەلامستەفا ئێوەی لە هەموو کەسێک باشتر ناسیوە، ئەو پێیگوتم: هیچ گەل و میللەتێک وەک وەک عەجەم خۆی مەزڵوم بکا و بپارێتەوە. لە کاتی بە هێزبشدا هەرچی لە دەستی دێ، دەیکا و لەکاتی بێدەسەڵاتیشدا هەر ڕێگایەک بۆ دەرباز بوونی تاقی دەکاتەوە، گوتی تۆ بە هیوای ئەوە مەبە کە عەجەم لێت خۆش ببێت".

لە گوندی بارزان چاوم بە هەڤاڵی بارزانیی نەمر بۆ یەکێتی سۆڤیەتی جاران مام(ڕەشید حەمۆ شنگێلی) بەشدار بووی بەرگری کردن لە کۆماری کوردستان کەوت، لە بارەی لە سێدارەدانی پێشەوا قازی محەمەد و هاوڕێیانی لە مەیدانی چوارچرای مەهابادا لە بیرەوەرییەکانی دا بۆ ڕۆژنامەی خەبات گوتی: هەرچەندە تەمەنی کۆماری کوردستان لە مەهاباد زۆری نەخایەند و کۆمارەکە بەرەو چارەنووسێکی نادیار ڕۆیشت، ئێمەی لەشکر بەبێ جیاوازی لەگەڵ ڕابەرمان بارزانیی نەمر بە تەوای پاڵپشتی کۆماری کوردستان لە مەهاباد بووین، لە چەندین شەڕدا وەک سەقز و نەلۆس و ئاللتون و میاندواو وهتد..پێشەوا قازی محەمەد لەگەڵ بارزانیی نەمر هەموو کاتێک سەردانی ئێمەیان چ لە کاتی شەڕ یان لە حاڵەتی پشوودان، باش لە یادمە بارزانیی نەمر جل و بەرگی ژەنراڵی و پێشەوا قازی محەمەد بەجل وبەرگی مەلایەتی دەهاتن و ماندووبوونیان لە ئێمە دەکرد و ئێمەیان هان دەدا بۆکوردایەتی. دوای تێکچوونی کۆماری کوردستان لەمەهاباد بارزانیی نەمر چەندین جار داوای لە پێشەوا قازی محەمەد کرد مەهاباد بەجێبهێڵێت، لەیادمە کە بارزانیی نەمر چەندین جار بە پێشەوا قازی محەمەدی فەرمووو: "خۆت ڕادەستی دوژمنەکان مەکە چونکە هەر دەتکوژن، بە خۆت و هاوڕێیانت لەگەڵمان وەرن"، بەڵام پێشەوا قازی محەمەد بە بارزانیی نەمری فەرموو: "ئێوە بڕۆن، کوردستانی ئازاد هەڵبکرێت"، دواتر هەردووکیان خواحافیزییان لە یەکتر کرد هەرچەندە بارزانیی نەمر دەیزانی پێشەوا قازی محەمەد دەکوژن و دواتر لە ڕادیۆ گوێمان لێبوو کە پێشەوا قازی محەمەد و هاوڕێکانی گیانی خۆیان کردۆتە قوربانی کورد و کوردستان .دوایی تێک چوونی کۆماری کوردستان لە مەهاباد و دا ئیدی ئەوە بوو من یەکێک لە هەڤاڵانی بارزانیی نەمر بووم کە بۆ ماوەی (**12**) ساڵ لە یەکیتی سۆڤیەتی جاران مابووینە دوایی بەشداریم لە شۆڕشی ئەیلوولی مەزن و گوڵان کرد. بۆیە پێویستە هەموو ساڵێک ئەم یادە مەزنە لە سیدارەدانی پێشەوای کوردان قازی محەمەد و هەڤاڵەکانی بە شکۆدارییەوە بکەینەوە چونکە ئەو دەستکەوتانەی کە ئەمڕۆ گەلی کوردستان پێ شاد بووە بەرهەمی خوێنی شەهیدانە و خەبات و تێکۆشانی پێشمەرگە قارەمانەکان و گەلی کوردستانە بۆیە دەبێ نرخی ئەم دەستکەوتانە بزانین وبە باشترین شێوە بیپارێزین. هەتادەمرم خۆم هەر بەپێشمەرگەی بارزانیی نەمر دەزانم.

سەروان کیومەرس سالح دوای خانەشین بوونی، لە ژێرنوسی کۆڤارێکی تردا نووسیویەتی: ئەو کاتە هەواڵنێری ماهنامەی ئەرتەش بووم، وەک هەواڵنێر، لە زۆربەی دادگای سەربازیی و مەدەنییەکاندا بەشدار بووم، بەڵام هەرگیز کەسێکم بە ڕادەی قازی محەمەد بەجەرگ و بوێر نەدیوە، هەرگیز لە کاتی دادگاکردنیدا نەترسا و زۆر بەبێ باکی قسەی دەکرد و وەڵامی پرسیارەکانی دەدایەوە، وەک ئەو دەچوو کە لە کۆڕی جەژن و داوەتدا دانیشتبێت. سەرەنجام قازی محەمەد و هەڤاڵانی بە فەرمانی ڕاستەوخۆی محەمەد ڕەزاشا، ڕۆژی **31-3-1947** هەر لەو شوێنەی کە کۆماری کوردستانیان لێ ڕاگەیاندبوو، لە سێدارەدران. سەروان کیومەرس سالحیش بە هۆی ئاشکرا کردنی نهێنییەکانی سوپا و جوڵانەوەی بە دژی ئەمنییەت وڵات درا بە دادگا و لە بڵاوکردنەوەی ماهنامەکەش خۆیان پاراست.

لە یادی **72**مین ساڵیادی لە سێدارەدانی پێشەوا قازی محەمەد و هەڤاڵەکانی هەزاران سڵاو لە گیانی ئەوان و گشت شەهیدانی ڕێگای ڕزگاری کوردستان و سەروەریان بارزانیی نەمر و کاک ئیدریسی هەردەم ساغ.

سەرچاوە:

- چاوپێکەوتنم بۆ ڕۆژنامەی خەبات لەگەڵ چەند هەڤاڵی بارزانیی نەمر بەشداربووی ڕووداوەکە.
- سود وەرگرتن لە پەرتووکی مستەفا بارزانی پێشمەرگە و سەرۆک لە نوسینی حامد گەوهەری.





ئەحمەد لێرەبیری — ڕەشید حەمۆ شنگێلی

ئانتۆلۆژی خەبات لە عەقڵی سیاسیی مستەفا بارزانیدا

خەبات بۆ سووژەی کوردی



1

شاهۆ حوسێنی/ فرانکفۆرت-ئەڵمانیا

لە هەر چاخ و سەردەمێکدا، ئایدیا و گوتارەکان خوێندنەوە و بۆچوونێکی تایبەتیان لەمەڕ مرۆڤ هەیە، واتە لەخۆگری ڕوانگەیەک لەمەڕ ئانتۆلۆژی مرۆڤەکانن. بێگومان ئەو ڕوانگە و بۆچوونانە لەئاستی سیاسیشدا ڕەنگ دەدەنەوە. لەسیاسەتی مۆدێرندا، واتە لە ناو ئەندێشەی سیاسی چاخی مۆدێرندا مرۆڤ بوونێکی ناوەندی و تەوەرەیی هەیە، بەو هۆکارە کە ئەساس و بنەمای مۆدێرنیتە و کاکڵ و ناوەرۆکی سەرەکی مۆدێرنیتە مرۆڤە، دەشێ بگوترێت کە مۆدێرنیتە چاخێکی مرۆڤ تەوەرە. مۆدێرنەی سیاسیش وەک ڕەهەندی سیاسی مۆدێرنیتە وڵامی سیاسی ئەو پرسیارە بنەڕەتییە دەداتەوە کە مرۆڤی سیاسی مۆدێرن کێیە و چیە؟


بێگومان مۆدێرنیتە دەرکەوتەیەکی مێژوویی، سیاسی و هزرییە کە ڕوانگەیەک، ئەندێشەیەک و شێوەیەک لەخوێندنەوە و شووناس لە مرۆڤەکان دێنێتە ئاراوە، لەئاستی فەلسەفەدا مۆدێرنیتە بە بەرهەمهێنانی سۆبژێکتویتە و ڕەوتی سۆبژە بوون، بەرهەمهێنی پێناسەیەک لە مرۆڤی مۆدێرن و وڵامێکی مۆدێرن□ن بۆ ئانتۆلۆژی مرۆڤی مۆدێرن بوو. لە فەلسەفەی مۆدێرندا بە پێناسەکردنی مرۆڤ وەک بوونێکی بیرمەند، خاوەن عەقڵ و بکەرێکی سەربەخۆی خۆبنیاتنەر، ئۆمانیزم وەک ئەندێشەیەکی کۆمەڵایەتی، ناسیونالیزم، پلۆڕالیزم و دیمۆکراسی وەک ئەندێشەی سیاسی و دەوڵەت-نەتەوەی مۆدێرنی دیموکراتیک وەک پێکهاتەی ڕوالەتی و ڕەنگدانەوەی سۆبژە و مرۆڤی ئاگا، سەربەخۆ و خۆپێناسەکەر بەرهەمهاتن. لەڕاستیدا بە حوکمی ئەوەیکە گەوهەری مۆدێرنیتە وەک دیسکۆرس "خود"ە، دەشێ بگوترێت کە مێژووی مۆدێرنیتە و مۆدێرنیتەی سیاسی شتێک نیە جگە لە سۆبژێکتویتە و گەشەی هەرچی زیاتری مرۆڤەکان. لەژێر تیشکی وەها عەقڵانییەتێک و دۆخێکی مەعریفی و هزریدا، ڕۆژئاوا لەپاش چاخی ڕەشی دەسەڵاتی کلیسا لە خەوێکی مێژوویی هەڵدەستێت و مرۆڤێک کە وەک ئۆبژە و بوونێکی ستراکتۆراڵ لە خزمەت گەشە و پەرەسەندنی ئایدۆلۆژی کلیسادا بوو، دەبێتەوە بە تەوەرە و ناوەندی سەرەکی ئەندێشە فەلسەفی، کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان. بوونێک کە لەئاستی سیاسیدا دەبێتە سەرچاوەی شەرعییەتی دەسەڵات(جهانبگلو، 1384/21 - 72).

مۆدێرنیتە و ئەندێشەی مەشرووتە لە عوسمانییدا

تێشک خستنەسەر خەباتی کورد لە باشووری کوردستان بە حوکمی ئەوەیکە بەشێک لە باکووری کوردستان بووە بەبێ تێشک خستنەسەر ئالۆگۆڕەکانی ئەو بەشە لەکوردستان، جۆرێک کەم وکوڕی لەگەڵدا دەبێت، هەر بۆیەش بە کورتی تێشک دەخرێتەسەر کورد لە سەردەمی عوسمانی لە سەدەی هەژدەهەمدا.

ئالۆگۆڕە هزری و ڕوالەتییەکان لە ڕۆژئاوا بەرە بەرە لەلایەن بیرمەندان و خوێندەوارانی کورد و تورکی زانکۆکانی ڕۆژئاوا دەگوازرێتەوە بۆ عوسمانی وەک ژێئۆپۆلەتیکێکی ڕوالەتی و هزری نەریتی. کۆتایی دەیەی یەکەمی سەدەی هەژدە(1718) تا سەرەتای سێیەمی ئەم وشەیە بە یاسای وشک و بێناوەڕۆک و بێ ڕۆح ئەڵێن.

- دیسکۆرس: گفتوگۆ، گوفتمان چوارچێوە.
- بڕۆکراسی: حکوومەت کردن لەلایەن کەسانی ئیداریەوە، یان بەواتای عەقڵانی کردنی تێکۆشانی گشتی، یان مانای سێیەمی ئەم وشەیە بە یاسای وشک و بێناوەڕۆک و بێ ڕۆح ئەڵێن.
- فۆرماسیۆن یان فۆرماسیۆنیز: شکڵ گێری، شکڵ گرتن، فۆرم گرتن،فۆرم دان، سازمان دان.



لەڕیشیفی کاروان محەمەد سینۆ

دەیەی سێیەمی(1730) سەدەی هەژدە کە هاوکاتە لەگەڵ سەردەمی حوکمرانی ئەحمەدی سێیەم وەک چاخی لالە پێناسە دەکرێت ، چاخ و سەردەمێک کە لەوڕا ڕەوتی ڕیفۆرمخوازی دەست پێدەکات و لەئاکامدا دەگاتە چاخی تەنزیمات و مەشرووتەی یەکەم و دووەم. لەڕاستیدا دەشێ بگوترێت کە چەخماخەی نوێبوونەوە و دەرکەوتنی ئەندێشە و ڕوانگەی مۆدێرن لە ئیمپراتوری عوسمانیدا لە سەرەتاکانی سەدەی هەژدەهەمڕا لێدرا، لە سەدەی نۆزدەهەم و لەچاخی تەنزیماتدا (1839)ڕیفۆرمخوازی بەشیوەیەکی قوڵتر و بەربڵاوتر لەلایەن ڕیفۆرمخوازانی(نەتەوەخوازانی) تورک بەدواداچوونی بۆ دەکرێت و ڕێکخراوە مۆدێرنەکان بەدی دێن، تورکە ڕیفۆرمخواز و بڕۆکراتەکان بەرپرسیارێتی سیستەمی بڕۆکراسی عوسمانی بەدەستەوە دەگرن و سوڵتان مەحمودی دووەم دەبێتە پێشەنگی ئەو ڕەوتە لە ریفۆرمخوازی. سالی 1876 مەشرووتەی یەکەم دێتە ئاراوە، یاسای بنەڕەتی ڕادەگەیەندرێت و پەرلەمان بەدی دێت و ئەوەش بۆیەکەم جارە کە لە وڵاتێکی ئیسلامی و بەگشتی لە جیهانی ئیسلامیدا یاسای بنەڕەتی دەنووسرێتەوە. سالی 1889 بزاڤی تورکە لاوەکان لەناو خوێندکارانی نیزامی سەرهەڵدەدات و هاوکات لەگەڵ پەرەئەستاندنی زیاتر لەناو چین و توێژەکانی دیکەی کۆمەڵگا دەبێتە بزاڤێکی گشتگیر دژبە سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم، تورکە لاوەکان وەک بزاڤێکی ناسیۆنالیستی لە سالی 1906 ڕێکخراوی ئیتحاد و تەرەقی بنیاد دەنێن و لەسالی 1908ڕا تا سالی 1918 کە ڕێکخراوەکە لێک بڵاو دەبێتەوە دەسەڵات بەدەستەوە دەگرن. نوامبری سالی 1918 شەڕی یەکەمی جیهانی کۆتایی دێت و ئیمپراتۆری عوسمانی کە لەو شەڕەدا شکست دەخوات، دەکەوێتە بەر هێرشی بریتانیا و هاوپەیمانانی، لەوەها دۆخێکدا تورکە ناسیونالیستەکان بە ڕێبەرایەتی مستەفا کەمال ئاتاتورک دەست بەسەر دەسەڵاتدا دەگرن و لەسالی 1923 کۆماری تورکیا دادەمەزرێنن(حچرتی،1390، ل 250،20).

چاوخشاندنێک بەسەر ئەو ئالۆگۆڕانەی کە لە ماوەی نزیک بە سێ سەدە لە تورکیا ڕووی داوە دەرخەری ئەو ڕاستییە حاشاهەڵنەگرەیە کە هیچ دەسەڵات، حکوومەت و بزاڤێکی گشتگیر بە ڕیفۆرمخواز و نەتەوەخوازەوە لە تورکیا هیچ کات دانی بە مافی نەتەوەی کوردا نەناوە و هەموو کات لە دەلاقەی سۆبژەیەکی هیژموون و خاوەن دەسەڵاتەوە هەوڵی داوە بوونێکی ستراکتۆرال، ملکەچ و گوێڕایەڵ لە کورد بەرهەم بهێنێت، ئۆبژەیەک کە شوونەناسی بوون و کەسایەتی لەلایەن تورکەکانەوە وەک سۆبژەیەک هیژموونی پێبەخشراوە، بەجۆرێک کە لە خزمەت بەرژەوەندی، پەرەپێدان بە ڕەوتی سۆبژەبوونی ئەوان و هیژموونی بەردەوامی دەسەڵاتی هزری و ڕوالەتی ئەواندا هەڵسوکەوت بکات. لەوەها دۆخێکدایە کە ناسیۆنالیزمی کوردی بە ئامانجی بنیاتنانی سۆبژەیەکی سەربەخۆی کوردی، بوونێکی سەربەخۆی خۆبنیاتنەر کە نە تەنیا ملکەچ و گوێڕایەڵی هیچ دەسەڵاتێک نەبێت، بەڕە بەڕە هەوڵ دەدات لە سەربەخۆیی "بوون" و "ئەندێشە"ڕا بەڕەو سەربەخۆیی "سیاسی" هەنگاو بنێت.

مانای وشەکان:

- ئانتۆلۆژی: هەستی ناسی یاخود بوون ناسی، یان زانستی ناسینی بوونەوەرەکان، بەواتایەکی دیکە باس لە بوونی ئەشیا، چۆنیەتی ئەشیاو سفەتی هاوبەشی ئەشیا دەکا.
- سووژە یان سۆبژە sujet: وشەیەکی فەرەنسییە لە بەرانبەر ئۆبژەدا، ئەوەیە کە تێ ئەفکرێ و هەست پێئەکا و پێئەزانێ. ... کەوابوو، ئۆبژە ئەبێتە ئەوەی کە بیری لێ ئەکرێتەوە و هەستی پێ ئەکرێ و پێ ئەزانرێ.
- ئۆمانیزم (Humanisme): مرۆڤگەرایی.
- سۆبژێکتیو یان سۆبژێکتیویتە: ناسکاری ، یاخود ڕەوتی ناسینی شتەکان.
- ناسیونالیزم: نەتەوەیی، نەتەوایەتی.
- پلۆڕالیزم: پێکەوە ژیان و فرەئاینی.
- ستراکتۆرال: ستروکتۆر یان ستراکتۆر: ساختار،

کۆڕەوی ملیۆنی گەلی کورد

ریفراندۆمی ڕەتکردنەوەی ژێردەستی بوو



ڕێبوار حەمەلاو شوانی

28 ساڵ لەمەوبەر و لەڕۆژێکی وەک ئەمڕۆدا، سەدان هەزار هاوواڵتیی کورد لەکوردستانی عیراق شار و شارۆچکەو گوند و ئاواییەکانیان بەجێهێشت، هەمووییان پێکەوە میژوویەکی پرشنگداریان بۆ خۆیان تۆمار کرد و بەیەک دەنگ وتیان نا بۆ گەڕانەوەی دەسەڵاتی زۆڵم و زۆرداری و ستەمکاریی. لەو ڕۆژەدا، هاوواڵتیانی کورد پێکەوە، پیر و گەنج، ژن و پیاو و منداڵ و پەککەوتە بەشداربیان لەهەڵوێستێکی نەتەوەیی یەکگرتوودا کرد و ڕوویان لەناوچە سنووربیەکان کرد.سەرەڕای دیوە سیاسییە گرنگەکەی، کۆڕەو دیوێکی مرۆیی کاریگەریی هەبوو.

نەهامەتی و ئێش و مەینەتی هاوواڵتیانی کورد هەموو سنوورەکانی بڕی و دەنگدانەوەیەکی گەورەی هەبوو، لەسەر ڕای گشتیی جیهانی و پشتیوانییەکی جەماوەری و ڕەسمیی گەورە بۆ ماف و داخوازییەکانی کورد دروست بوو.کۆڕەو، ڕووداوێکی ئاسایی ناو میژووی نزیکی کۆمەڵانی خەڵک نییە، بەڵکو کۆڕەو یادێکی لەیادنەچووی هەموومانە، ڕووداوێکی میژوویی پڕ لەپەند و وانەی میژووییە کە هەروا لەیادەوەریماندا ناسڕێتەوە. کۆڕەوی میلیۆنی کورد کە کۆتاییەکی ناخۆشی ڕاپەڕینی ئاداری 1991 بوو، بووە ڕیفراندۆمێکی جەماوەریی فراوان بۆ ڕەتکردنەوەی گەڕانەوەی دەسەڵاتی ڕەشی بەعسییەکان بۆ شارەکانی کوردستان. لەکۆڕەودا، یەکڕیزی و یەکدەنگیی کورد لەهەمبەر زۆرداری داگیرکەر و ستەمکار ڕوونتر لەجاران دەرکەوت و کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و وڵاتانی هەرێمایەتی ناچار بەوەرگرتنی هەڵوێست کرد و هەر کۆڕەویش بوو کە ڕای گشتیی جیهانی لەبەرژەوەندیی کورد خەملاند و بووە سەرەتای گەڵاڵەبوونی بیرۆکەی بڕیاری 688ی نەتەوە یەکگرتووەکان. هەرچەندە کۆڕەو کارەساتێکی مرۆیی بوو، بەڵام پەیامێکی سیاسیی گرنگیش بوو بۆ هەموو ئەو لایەنانەی لەو سەردەمەی دۆخی کوردستان و عێراق و ناوچەکەدا بوونیان هەبوو، لەڕێگەی ڕەشی بەعسییەکانەوە، بۆ وڵاتانی هاوپەیمان، کەدواجار بووە هۆی دروستکردنی ناوچەیەکی ئارامی دژە فڕین و دەستپێکردنی پڕۆسەی پڕۆفایلی کۆمفۆرت.

کۆڕەوی میلیۆنی گەلی کورد لە ساڵی 1991 لەگەڵ ئەوەی ڕیفراندۆمێکی هەموو ئەو لایەنانەی لەو سەردەمەی دۆخی کوردستان و عێراق و ناوچەکەدا بوونیان هەبوو، لەڕێگەی ڕەشی بەعسییەکانەوە، بۆ وڵاتانی هاوپەیمان، کەدواجار بووە هۆی دروستکردنی ناوچەیەکی ئارامی دژە فڕین و دەستپێکردنی پڕۆسەی پڕۆفایلی کۆمفۆرت.



کۆڕەوی میلیۆنی گەلی کورد لە ساڵی 1991 لەگەڵ ئەوەی ڕیفراندۆمێکی ڕەتکردنەوەی ژێردەستی بوو بوو لە هەمانکاتیشدا هێندەی دژایەتی هاتنەوەی داگیرکەران و بکوژانی کوردەواری بوو، چەند هێندەش ترس بوو لەو داگیرکار و بکوژانەی کە کوردەواری ئەزموونی تاڵ و ناخۆشی مەرگەساتی ئەنفال و سێدارە و ڕاگواستن و چەکی کیمیایی لەگەڵدا هەبوو، ئەگەر لایەنی سەرەکی یان دیمەنی گشتی کۆڕەو لەترس لەدڕندەیی و دڵڕەقی بەعس و سەدامدا دەردەکەوت، بەڵام ئەم ترسە گشتییە، یان ترسی سەراپای نەتەوەیەک کە دەبێتە کردار یان بەکۆمەڵ ڕەو دەکات، سەیر بکەن چ ئایاتێک لەخەبات و تێکۆشانیان هێنایەدی و چ کاریگەرییەکی گەورەیان لەسەرانسەری جیهاندا نەخشاند، مەترسی و کۆڕەوی کوردان بۆ هەڵاتن لەچنگی خوێناوی داگیرکار و دیکتاتۆر ئەو دەیە مەزنەی بۆ هەموو جیهان سەلماند: تەنانەت ترس و مەترسی بەکۆمەڵیش ئەگەر بکرێنە ئامرازی خەبات دەتوانن ژینگەیەکی گرنگ و شێوازێکی کاریگەر بۆ خەبات و تێکۆشان ئاوا بکەن، کۆڕەوی کوردان ئەوەی سەلماند کە مەرج نییە بۆ دژایەتی داگیرکاری و دڵڕەقی زاڵمان چەکمان پێبێت، یان بیرمەند و فەیلەسوف بین، یان پێشڕەو و جەنگاوەر بین یان سیاسی و سەرکردە بین، بەڵکو بە پێچەوانەوە کۆڕەو سەلماندی سەرەنجام مرۆڤە مەزڵومەکان دەتوانن ببنە بکەر و قارەمان و پاڵەوانی ئەم خەباتە کە کۆڕەو بوو. کۆڕەو تەنها ترس و هەڵاتن نەبوو لەداگیرکاری و دیکتاتۆری، یان تەنها پیشاندانی مەترسی نەبوو بەرامبەر دڕندەیی و دڵڕەقی بکوژانی کورد، بەڵکو ئەوپەڕی ئازایەتیش بوو کە هەمووان دەستیان لەماڵ و سامان بەرداو ڕوویان کردە نادیار و ناوچە شاخاوی و سنووربیەکان کە هەمووان دەیانزانی ژیان و مانیان دەکەوێتە مەترسییەوە، یان هیچ نەبێت بەڕەو نادیاری ملیان نا.ئەم ئازایەتییە بەکۆمەڵە لەهەردوو ئاڕاستەی وازهێنان لەماڵ و سامان، کۆچکردن بەڕەو نادیاری هێندە گرنگ و کاریگەر بوو کە هەمووان بوونە یەک چین و یەک ئاستی ژیان و گوزەران و هەمووان مااڵ و ژینگەو شوێنی حەسانەوەیان بووە شاخ و کێو و بن دارەکان، ئەمە ئەو ساتە گرنگەیە لەمرۆڤایەتی کە لەنەهامەتی و لەئەوپەڕی قوربانیدان و لەخۆبووردندا یەکسان بوون و ئەمجارە کوردستان سەلماندی کە یەکسانی چینایەتی و یەکسانی لەژیان و لەماڵ و سامان و شوێنی حەسانەوەدا ئەگەری بوونیان هەیە و کورد لەم کۆڕەوەدا بەپلەی باڵا یەکسانی کردە شێوازێک بۆ ژیان و بۆ خەبات، ئیتر بە هەموو جیهان گووترا کە گەلی کورد ئامادە نییە ژیانی داگیرکاری و ژێر دەستی قبوڵ بکاتەوە. بەر لەکۆڕەو، کورد دژی ستەمکارترین دەسەلات ڕاپەڕی کە ئەویش ڕژێمی بەعس بوو.ڕاپەڕین،لە بەروواری 5ی3ی 1991 ئەنجامدرا و کۆی ناوچەکانی باشووری کوردستان بەکەرکووک و خانەقینەوەش ڕزگارکرا. بەڵام ڕاپەڕینە مەزنەکەی 1991، ئەو دەستەواژەیەی بەزووترین کات لە ناو جەماوەر و میدیای کوردی بڵاوکرایەوە زوو دامرکایەوە. کە تەمەنی مانگێکی تێنەپەڕاند. ئەوەبوو لە بەرواری ڕۆژی 31ی مانگی 3ی ساڵی 1991 نەتەوەی کورد تووشی نسکۆ و کارەساتێکی مرۆیی گەورەبۆیەوە کە ئەویش کۆڕەو بوو.

مديرية تنفيذ سميل
العدد/١٢٧٩/ت/٢٠١٨
التاريخ ٢٠١٩/٣/٣١
م/الاخبار بقرار الحجز التنفيذي للاموال المنقولة
اسم المدين (محمد شريف جليك) المدير المفوض لشركة انجل اضافة لوظيفته
نخبرك بان مديريتنا قد قررت بوضع الحجز التنفيذي على المبالغ المودعة لدى مديريتنا البالغة (١٥٦٣٠٠٠٠) خمسة عشرة مليون وستمائة وثلاثون الف دينار والعائدة اليك في الاضبارة المرقمة (١١٠٩/ت/٢٠١٨) لقاء الدين المحكوم به مع المصاريف البالغة مجموعها (٢٣٧٣٦٤٢٢٥٠) مليارين وثلاثمائة وثلاثة وسبعون مليون وستمائة وثلاثة واربعون الف ومائتان وخمسون دينار عراقي فعليك اداء المبلغ المذكور اعلاه خلال مدة (ثلاثة) ايام من اليوم التالي من تاريخ النشر بهذا الاخبار والا فان المبلغ المحجوز سيتم دفعه الى الدائن (شيخ موس جيلان/ المدير المفوض لشركة جيلان اضافة لوظيفته/ لقاء الدين المترتب بذمتكم وفقا للقانون
المنفذ العدل / ريبر سلمان خالد
* * *
المديرية العامة للدوائر العدلية
مديرية تنفيذ زاخو
العدد/ ٥٨٨/تنفيذ/٢٠١٨
التاريخ/ ٢٠١٩/٣/٣١
اعلان
قررت هذه المديرية الاعلان عن بيع العقار المرقم ١٦١٢/٢ مقاطعة ٨٨ بيدار) الواقع في منطقه زاخو محلة (بيدار) و المسجيل باسم المدين (حكمت عبد رشيد) و المحجوز لقاء دين الدائن (عصمت خالد محمد) و البالغ (٣٥٠٠٠٠٠٠) خمسة و ثلاثون مليون دينار عراقي، فعلى الراغب بالشراء مراجعة هذه المديرية خلال مدة ٣٠ ثلاثون يوما من اليوم التالي للنشر مسطسحبا معه التامينات القانونية البالغة (١٠٪) من قيمة المقدرة البالغة (١٠٣,٢٠٠,٠٠٠) مائة و ثلاثة مليون و مائتان الف دينار عراقي، و كدلك جلب شهادة الجنسية العراقية علما ان رسم التسجيل.
المواصفات:
١- الموقع: زاخو – بيدار
٢- المساحة: ١٦١٢/٢ مقاطعة ٨٨ بيدار.
٣- الجنس و النوع: دارسكن.
٤- الحدود و الاوصاف: دارسكنى يشمل طابق واحد (استقبال و هول داخلى مع وجود سيراميك بطول (١٢٠ سم) و لبغ و غرفتى نوم بليغ و مطبخ و حمام و مرافق صحية بالسيراميك و درجة داخلية مبنية بالسيراميك و فى مدخل الدار وجود مرافق متكون بالسيراميك الدار مبنية من ابلوك و مقسفه بالكوستيك مع وجود كراج و حديقة و بيتون و الدارو مزودة بالخدمات كا لماء و الكهرباء)
٥- المساحة: ٢٠٠متر مربع.
المنفذ العدل
لقمان سامى جميل
* * *
پارێزگای هەولێر
بەڕێوەبەرایەتی خۆیەتی
ژمارە: ٧٢١
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٣/١٨
بۆ/ خاتوو (اغراء رمزى بطرس) فەرمانبەر لە بەڕێوەبەرایەتی ناحیەی عینکاوە
ئاگادارکردنەوە
لەبەر ئەوەی لە ڕێکەوتی (٢٠١٦/٢/٣) مۆلەتی بێ مووچەت کە ودرگرتبوو بۆ ماوەی ٣ سێ ساڵ وە لە ڕێکەوتی ٢٠١٩/٢/٣ دە بوایە دەست بەکاربێتەوە بەڵام تاکو ئێستا دەست بەکار نەبوێتەوە بۆیە ئاگادارت دەکەینەوە کە لە ماوەی ٧ حەوت ڕۆژ دەست بەکاربێتەوە ئەگەر لەناو عیراقیت وە ماوەی (١) یەک مانگ دەست بەکاربێتەوە ئەگەر لە دەرەوەی وڵاتیت ئەگەرنا کۆتایی بەڕاژەی دێت بەپێی یاسای ڕاژەی فەرمانبەران ژمارە ٢٤ ساڵی ١٩٦٠ مادەی ٣٧ لە یاسای ناوبراو.
نوزاد هادی مولود
پارێزگای هەولێر
* * *
فەرمانگەی دادنووسی (یەکەمی هەولێر)
ئاگاداری
بەروار: ٢٠١٩/٣/٣١
بەپێ ئەو داواکارییەی کە پێشکەش کراوە بۆ ئەم فەرمانگەیە لەلایەن (عمر صالح رشید) لە بەرواری ٢٠١٩/٣/٢٨ کە داوای تۆمارکردنی ئامێرەکانی کردووە دەگڕێتەوە بۆ خۆی وتیستا دانەراوە لە (ڕێگای کەسنەزان) و وسفەکانی لە خوارەوەدا دیاریکراوە، بۆیە ئەوکەسەی پەیوەندی بەمە و کەلوپەلە وەسفەکراوەکان هەیە پێویستە ڕێوشوێنی یاسایی بگرێتەبەر بۆ سەلماندنی و گەواهیەک پیشانی ئەم فەرمانگەیە بدات بەمەبەستی ڕاگرتنی تۆمارکردن لەماوەی پازدە ڕۆژدا, واتە ڕۆژێک دوای بڵاوکردنەوەکە, وە تۆمارکردنەکە بەدواکەوتوو دادەنرێت تاکاتی یەکلاکردنەوەی داواکەو نارازیبوون بۆماوەی حەوت ڕۆژ لەلایەن دادگای پەیوەندیدار, بە پێچەوانەوە کەلوپەلەکانی تۆمار دەگڕێت بەناوی داواکاری تۆمارکردنەکە بەگوێرەی یاسا دادنووسی ژمارە (٣٣)ی ساڵی ١٩٩٨ و بڕوانامەی تۆمارکردنیشی پێ دەدرێت.
دادنووس / شوان فوزی زکی
ئامێرەکان:
١- دوو نەقش و بڕینی کلینکس بێ ژمارە دروستکراوی سینی مۆدێل ٢٠١٧ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W١٣ * K.W٢.
٢- دروستکردنی لوکەی ئاو کلینکس بێ ژمارە دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠١٢ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٢,٢
٣- کەپس کردنی پاکەتی کلینکس بێ ژمارە دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠١٢ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٢
٤- نەقش کردن و چاپ و بڕینی کلینکس بێ ژمارە دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠١٢ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٣,٣
٥- نەقش و بڕینی کلینکس بێ ژمارە دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠١٢ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٣,٣
٦- بڕینی کلینکس و تێکردنی بۆ ناو کیسە بێ ژمارە دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠١٢ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W١٨
٧- هێلی تەواوی دروستکردنی کلینکسی توالێت و مطبخ شەش پارچەیی بێ ژمارە دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠١٢ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٣٣
٨- کۆمپرێسەری سێ پارچەیی ژمارە/ ١٧٠٩٠٨٢ دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠١٧ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٢٢
٩- مۆلیدەی کارەبایی ژمارە/ ٣٦٦٨ دروستکراوی ئینگلیزی کاتم + ٢٠١٩ جۆری سوتەمەنی گاز توانای K.V.A٣٠٠.
* * *
سەرۆکایەتی لێژنەی بریاری ٢٢٢
ساڵی ١٩٧٧
ژمارە: ٨٩
ڕێکەوت/ ٢٠١٩/٣/٣١
ئاگاداری
ئاگاداری خاوەن پارچە زەویەکانی ژمارە (١٤٦) کەرتی ٧٩/گراو هاوولاتیان (زیتو محمد مولود) دەکەینەوە کەوا لێژنەی (٢٢٢) ساڵی ١٩٧٧ هەڵدەستێت بە کوژاندنەوەی پارچە زەویە بۆ بەرژەوەندی سەرۆکایەتی شارەوانی سەری بلند جا بە خۆتان یان بریکاردارتان ئامادەبن لە ڕۆژی ٢٠١٩/٤/٣٠ بۆ کەشف بۆ سەر پارچە زەویەکە بەمەبەستی کوژانەوەی بە پێچەوانەوە لێژنە کاری یاسایی خۆی ئەنجام دەدات.
د.عبدالرحیم عمر مصطفی
سەرۆکی لێژنە
* * *
دادگای کەتن دوو
ژمارە: ٢١٧٤/ك/٢٠١٨
ڕۆژ: ٢٠١٩/٣/٤
بۆ/ تۆمەتباری ڕاکردوو: محمد ابوبکر محمد
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٤٥٣) لەیاسای سزادان لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (رزگاری) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە ڕۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەڕۆژی ٢٠١٩/٦/٢٤ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو ڕۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادوەر/ شیرین علی حمەسور
* * *
دادگای کەتن دوو
ژمارە: ٢٥١٠/ك/٢٠١٨
ڕۆژ: ٢٠١٩/٣/٤
بۆ/ تۆمەتباری ڕاکردوو: چۆمان جزاء عمر
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٤٥٣) لەیاسای سزادان لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (ڕاپەرین) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە ڕۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەڕۆژی ٢٠١٩/٦/٢٤ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو ڕۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادوەر/ شیرین علی حمەسور
* * *
دادگای تاوانەکانی سلێمانی/٣
ژمارە: ٢١٦/ت/٢٠١٨
ڕۆژ: ٢٠١٩/٣/٤
بۆ/ تۆمەتباری ڕاکردوو: پشتیوان حمە فتاح فارس
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٢ تیرۆر) لەیاسای سزادان لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (ئاسایشی ڕۆژئاوا چەمچەمال) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە ڕۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەڕۆژی ٢٠١٩/٨/٨ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو ڕۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادوەر/ بێخال محمد مصطفی
* * *
دادگای کەتن لە رانیە
ژمارە: ٥٢/ج/٢٠١٨
بەروار: ٢٠١٩/٢/١١
ئاگاداری
تاوانبار/ احمد داود سلیمان
ئەم دادگایە بەپێی داوای ژمارە ٥٢/ج/٢٠١٨ لە ڕۆژی ٢٠١٩/٢/١١ بڕیاریدا بەبەندکردنت بۆ ماوەی ٣ سێ مانگ بەپێی ماددەی (٤٥٣) لەیاسای سزادان بەو پێیەی کە لەڕۆژی دادگای کردندا ئامادە نەبوویت هەرچەندە بەهۆی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆوە ئاگادارکراویتەوە وە بەهۆی هەڵاتنت و نادیاری شوێنی نیشتەجێبوونت بڕیارمان دا بەئاگادار کردنەوەت بەم بڕیارە لەڕێگەی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆوە کە خۆت بدەیت بەدەست ئەم دادگایە یان نزیکترین بنکەی پۆلیس وە ئەگەر لەماوەی یاسایدا تانەو پێداچوونەوەی ئەم بڕیارە نەکەیت ئەوا بڕیارەکە پلەی کۆتایی وەردەگرێت بەپێی یاسا.
دادوەر/ عبدالقادر اسعد مامه
* * *
بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێکردنی سێمێل
ژمارە / ٢١١/ت/٢٠١٨
ڕێکەوت/ ٢٠١٩/٣/٣١
ئاگاداری
بۆ / قەرزار : ایمن فتاح درویش
لەبەر نەزانین ونەدیاری شوێنت بۆیە بەپێی ماده (٢٧)ی یاسای جێ بە جێ کردن بڕیاردرا لە ڕێی ڕۆژنامەیەکی ناوخۆوە پێت ڕابگەیەنین تا لە ماوەی (١٥) ڕۆژ لە ڕۆژی دوای بلاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە لە بەردەم ئەم بەڕێوەبەرایەتیە ئامادەبیت بۆ ئەنجامدانی ڕێکارەکانی جێ بەجێ کردنی دانەوەی قەرزی (حسین سلیم حسین) کە (١٧٢٢٥٠٠٠) هەفدە مەلیون ودوو سەد وبیست وپینج هزار دیناری عیراقی یە دنا بە پێی یاسا ناچاری دانەوەی دەکرێت
جێ بە جێ کاری داد/ ریبر سلمان خالد
* * *
سەروکاتیا باژێرڤانیا زاخو
ژمێریاری/بوودجە
ژمارە/١٤٣٢
ڕێکەفت/٢٠١٩/٣/٣١
ئاگەهداری
لپەی بەندێن مادا نەهێ برگە (٣) ژیاسا کرین و فروتنا مولکێن دەولەتێ ژمارە ٣٢ سالا ١٩٨٦ سەروکاتیا باژێرڤانیا زاخو رادگەهینت ژبو هوبونا سەرئیک زێدەکرنەکا ئاشکرا ژبو کریکرنا (کافتریا ٢٦ گولانێ) بەرامبەر پرا بەدرخان لتەنیشت نەخوشخانا ژیان یا ئەهلی ب ڕووبەرێ (٥٠٠م٢) بۆ ماوێ (٣) سالان ئەڤجا کەسێ بڤێت بەشداریێ د سەرئیک زێدەکرنا ئاشکرا دا بکەت پێتڤێ یە داخوازێن خو پشکێشی سەروکاتیا باژێرڤانیا زاخو بکەت لگەل داپنکرێن دەستپێکی (تامینات اولیە) ب بڕێ (٢٠٪) ژ بەرامبەریا پێشکێش کری (البدل المقدر) د ماوێ (١٥) ڕۆژا دا هەر ژ بەروارا بەلاڤکرنا ئاگەهداریێ د ڕوژنامە فەرمی دا و سەرئیک زێدەکرن دێ ل دیوانا سەروکاتیا باژێرڤانیا زاخو هێتە کرن پشتی بداوی هاتنا ماوێ بەلاڤکرنێ و هەرکەسێ سەرئیک زێدەکرن بگهەتێ دێ کرێن بەلاڤکرنێ و ئاگەهداریێ و گشت خەرجا سەرەدەرکت.
ئەندازیار/ بشار منیب محمود
سەرۆکی باژێرڤانیا زاخو
* * *
سەروکاتیا باژێرڤانیا زاخو
کارگێری و خۆیەتی
ژمارە/١٤٣٥
ڕێکەفت/٢٠١٩/٣/٣١
بو/ فەرمانبەر (یونس طوری دولز) ب ناڤ و نیشان (شوفێرێ سێن)
ترساندن
ژ ئەنجامێ نە پێگیریا تە ب دەوامایا فەرمی هەر ژ بەروارا (٢٠١٩/٣/٢٥)ێ ئەم تە ئاگەهدار دکەین پێتڤێ یە سەرەدانا فەرمانگەهێ بکی دماوێ (٧) حەفت ڕوژان دا هەکەر تو دناڤ هەرێما کوردستانێ دا بی و (٣٠) سیە ڕوژان هەکەر ل دەرڤەی هەرێمێ بی هەر ژ بەروارا بەلاڤکرنا ڤێ ترساندنێ د ڕوژنامە فەرمی دا و بەروڤاژی دێ سزایێن یاسایی دژی تە هێنە وەرگرتن.
ئەندازیار/ بشار منیب محمود
سەرۆکی باژێرڤانیا زاخو
* * *
دادگای بەرایی هەولێر/١
ژمارە/ ٣٣٨٢/ب/٢٠١٨
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٣/٢٦
جاردان
بۆ/ داوالێکراو (مصطفى نعمة يونس)
داواکار (قاسم ابراهیم صالح) داوای ژمارە (٣٣٨٢/ب/٢٠١٨)ی لەم دادگایە تۆمارکردووە لە سەرتان وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنی نادیارە بەپێی اشعاری مختاری (گەرەکی سەربەستی و ڕویال تاوەر و گوندی ایتالی) لە ٢٠١٨/١/٢٢ بۆیە ئەم دادگایە بریاری دا بە پێڕاگەیاندنت لە ڕێگای دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەی ناوخۆیی بەمەبەستی ئامادە بوونت لەبەردەم ئەم دادگایە بۆ ڕۆژی دادبینی (٢٠١٩/٤/٢٨) کات (٩)ی بەیانی بە پێچەوانەوە دادبینی بە پاشملە ئەنجام دەدرێت.
دادوەری یەکەم / مجید سعید برادۆستی
* * *
سەرۆکایەتی دادگای تاوانی سێیەم لە هەولێر
ژمارە: ١٦٣/ج/٢٠١٨/٣
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٣/٦
بۆ/ سزادراوی هەڵاتوو: محمد عولا سعید
ئاگادارکردنەوەی سزا
دادگای تاوانی سێیەم لە هەولێر لە داوای ژمارە ١٦٣/ج/٢٠١٨/٣ وە پاش دادگایی کردنی پاشملە غیابی ڕۆژی ٢٠١٩/٢/٥ بریاری دەرکرد بە سزادانت بە (لەسێدارەدان تاکو مردن) بەپێی ماددە (٤٠٦/١-أ) لەیاسای سزایی بۆیە بەگوێرەی یاسا پێت ڕادەگەیەنین کە خۆت ڕادەستی ئەم دادگایە یان هەر بنکەیەکی پۆلیس بکە دوای تێپەربوونی ئەم ئاگادارییە بەسەر ڕۆژی بلاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە بێ ئەوەی نارازی بی، بە پێچەوانەوە بریاری تۆمەتبارکردنت و سزادانت دەبێتە بریاری ئامادە حکم الوجاهی پاڵپشت بە مادەی (١٤٣ و ٢٤٣/ أ) لەیاسای بنەماکانی دادگایکردن (اصول محاکمات الجزائیە).
دادوەر/ زرار محمود مرادخان
* * *
سەرۆکایەتی دادگای تاوانی سێیەم لە هەولێر
ژمارە/ ٢٦٤/ج/٢٠١٨/٣
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٣/٢٤
بۆ/ تۆمەتباری هەڵاتوو (حنين مصطفى محمد)
ئاگادارکردنەوە
لەبەر ئەوەی تۆ تۆمەتباری بەپێی مادده ٢٩٨ لەیاسای سزایی وە سەلماندنی هەڵاتنت و نادیاری جیگاکەت لەکاتی ئێستادا بۆیە بریاردرا و پاڵپشت بەمادەی ١٤٣ لەیاسای بنەما دادگاییەکانی سزایی بەپێی ڕاگەیاندنت لە دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی بۆ ئامادەبوونت لەبەردەم دادگای تاوانی سێیەم لە هەولێر لەڕۆژی ٢٠١٩/٦/١٨ وە بەپێچەوانەوە دادگایی کردنەکە ئەنجام دەدرێت دەرهەقت بەشێوەی پاشملە بەپێی یاسا.
دادوەر/ زرار محمود مرادخان
* * *
دادگای کەتنی عەنکاوە
ژمارە:١٠٦/ك/٢٠١٩
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٣/٣١
ئاگادارکردنەوە
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو (ابنيان محمد ذياب)
لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێت نادیارە بۆیە پشت بەستن بە ماددە (١٤٣/ج) لەیاسای بنەماکانی دادگایی کردنی سزایی دادگاکەمان بڕیاری دا لەڕێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی هەرێم ئاگادارت بکاتەوە بەمەبەستی ئامادە بوونت لەبەردەم ئەم دادگایە بۆ ڕۆژی دادبینی (٢٠١٩/٤/٢٨) کات (٩)ی بەیانی بە پێچەوانەوە دادبینی بە پاشملە ئەنجام دەدرێت.
دادوەری یەکەم / مجید سعید برادۆستی
* * *
سەرۆکایەتی دادگای تاوانی سێیەم لە هەولێر
ژمارە: ١٦٣/ج/٢٠١٨/٣
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٣/٦
بۆ/ سزادراوی هەڵاتوو: محمد عولا سعید
ئاگادارکردنەوەی سزا
دادگای تاوانی سێیەم لە هەولێر لە داوای ژمارە ١٦٣/ج/٢٠١٨/٣ وە پاش دادگایی کردنی پاشملە غیابی ڕۆژی ٢٠١٩/٢/٥ بریاری دەرکرد بە سزادانت بە (لەسێدارەدان تاکو مردن) بەپێی ماددە (٤٠٦/١-أ) لەیاسای سزایی بۆیە بەگوێرەی یاسا پێت ڕادەگەیەنین کە خۆت ڕادەستی ئەم دادگایە یان هەر بنکەیەکی پۆلیس بکە دوای تێپەربوونی ئەم ئاگادارییە بەسەر ڕۆژی بلاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە بێ ئەوەی نارازی بی، بە پێچەوانەوە بریاری تۆمەتبارکردنت و سزادانت دەبێتە بریاری ئامادە حکم الوجاهی پاڵپشت بە مادەی (١٤٣ و ٢٤٣/ أ) لەیاسای بنەماکانی دادگایکردن (اصول محاکمات الجزائیە).
دادوەر/ زرار محمود مرادخان
* * *
دادگای کەتنی عەنکاوە
ژمارە:١٠٦/ك/٢٠١٩
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٣/٣١
ئاگادارکردنەوە
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو (ابنيان محمد ذياب)
لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێت نادیارە بۆیە پشت بەستن بە ماددە (١٤٣/ج) لەیاسای بنەماکانی دادگایی کردنی سزایی دادگاکەمان بڕیاری دا لەڕێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی هەرێم ئاگادارت بکاتەوە بەمەبەستی ئامادە بوونت لەبەردەم ئەم دادگایە بۆ ڕۆژی دادبینی (٢٠١٩/٤/٢٨) کات (٩)ی بەیانی بە پێچەوانەوە دادبینی بە پاشملە ئەنجام دەدرێت.
دادوەری یەکەم / مجید سعید برادۆستی
* * *
سەرۆکایەتی دادگای تاوانی سێیەم لە هەولێر
ژمارە: ٢٦٤/ج/٢٠١٨/٣
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٣/٢٤
بۆ/ تۆمەتباری هەڵاتوو (حنين مصطفى محمد)
ئاگادارکردنەوە
لەبەر ئەوەی تۆ تۆمەتباری بەپێی مادده ٢٩٨ لەیاسای سزایی وە سەلماندنی هەڵاتنت و نادیاری جیگاکەت لەکاتی ئێستادا بۆیە بریاردرا و پاڵپشت بەمادەی ١٤٣ لەیاسای بنەما دادگاییەکانی سزایی بەپێی ڕاگەیاندنت لە دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی هەرێم ئاگادارت بکاتەوە بەمەبەستی ئامادە بوونت لەبەردەم ئەم دادگایە بۆ ڕۆژی دادبینی (٢٠١٩/٤/٢٨) کات (٩)ی بەیانی بە پێچەوانەوە دادبینی بە پاشملە ئەنجام دەدرێت بەشێوەی پاشملە بەپێی یاسا.
دادوەر/ عبدالقادر اسعد مامه
* * *
بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێکردنی سێمێل
ژمارە / ٢١١/ت/٢٠١٨
ڕێکەوت/ ٢٠١٩/٣/٣١
ئاگاداری
بۆ / قەرزار : ایمن فتاح درویش
لەبەر نەزانین ونەدیاری شوێنت بۆیە بەپێی ماده (٢٧)ی یاسای جێ بە جێ کردن بڕیاردرا لە ڕێی ڕۆژنامەیەکی ناوخۆوە پێت ڕابگەیەنین تا لە ماوەی (١٥) ڕۆژ لە ڕۆژی دوای بلاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە لە بەردەم ئەم بەڕێوەبەرایەتیە ئامادەبیت بۆ ئەنجامدانی ڕێکارەکانی جێ بەجێ کردنی دانەوەی قەرزی (حسین سلیم حسین) کە (١٧٢٢٥٠٠٠) هەفدە مەلیون ودوو سەد وبیست وپینج هزار دیناری عیراقی یە دنا بە پێی یاسا ناچاری دانەوەی دەکرێت
جێ بە جێ کاری داد/ ریبر سلمان خالد
* * *
سەروکاتیا باژێرڤانیا زاخو
ژمێریاری/بوودجە
ژمارە/١٤٣٢
ڕێکەفت/٢٠١٩/٣/٣١
ئاگەهداری
لپەی بەندێن مادا نەهێ برگە (٣) ژیاسا کرین و فروتنا مولکێن دەولەتێ ژمارە ٣٢ سالا ١٩٨٦ سەروکاتیا باژێرڤانیا زاخو رادگەهینت ژبو هوبونا سەرئیک زێدەکرنەکا ئاشکرا ژبو کریکرنا (کافتریا ٢٦ گولانێ) بەرامبەر پرا بەدرخان لتەنیشت نەخوشخانا ژیان یا ئەهلی ب ڕووبەرێ (٥٠٠م٢) بۆ ماوێ (٣) سالان ئەڤجا کەسێ بڤێت بەشداریێ د سەرئیک زێدەکرنا ئاشکرا دا بکەت پێتڤێ یە داخوازێن خو پشکێشی سەروکاتیا باژێرڤانیا زاخو بکەت لگەل داپنکرێن دەستپێکی (تامینات اولیە) ب بڕێ (٢٠٪) ژ بەرامبەریا پێشکێش کری (البدل المقدر) د ماوێ (١٥) ڕۆژا دا هەر ژ بەروارا بەلاڤکرنا ئاگەهداریێ د ڕوژنامە فەرمی دا و سەرئیک زێدەکرن دێ ل دیوانا سەروکاتیا باژێرڤانیا زاخو هێتە کرن پشتی بداوی هاتنا ماوێ بەلاڤکرنێ و هەرکەسێ سەرئیک زێدەکرن بگهەتێ دێ کرێن بەلاڤکرنێ و ئاگەهداریێ و گشت خەرجا سەرەدەرکت.
ئەندازیار/ بشار منیب محمود
سەرۆکی باژێرڤانیا زاخو
* * *
دادگای بەرایی هەولێر/١
ژمارە/ ٣٣٨٢/ب/٢٠١٨
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٣/٢٦
جاردان
بۆ/ داوالێکراو (مصطفى نعمة يونس)
داواکار (قاسم ابراهیم صالح) داوای ژمارە (٣٣٨٢/ب/٢٠١٨)ی لەم دادگایە تۆمارکردووە لە سەرتان وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنی نادیارە بەپێی اشعاری مختاری (گەرەکی سەربەستی و ڕویال تاوەر و گوندی ایتالی) لە ٢٠١٨/١/٢٢ بۆیە ئەم دادگایە بریاری دا بە پێڕاگەیاندنت لە دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەی ناوخۆیی بۆ ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە بۆ ڕۆژی دادبینی (٢٠١٩/٤/٢٨) کات (٩)ی بەیانی بە پێچەوانەوە دادبینی بە پاشملە ئەنجام دەدرێت بەشێوەی پاشملە بەپێی یاسا.

ئاگاداری
ئاگاداری گشت لایەك دەكە ینەوە كۆمپانیای (PAIR OF GLOVES) بۆ بازرگانی دەرمان و پێداویستی پزیشكی/ سنوردار) بریاری گۆرینی ناوی كۆمپانیای داوە لە كۆمپانیای (PAIR OF GLOVES) بۆ كۆمپانیا (QUINCE) بۆیە هەر كەسێك نارەزایی یان هەر مافێكی لە سەر كۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی سەردانی بەریوە بەرایەتی گشتی تومارکردنی كۆمپانیان بكاتەوە لە (شاری هەولێر - شەقامی ٦٠ م - كۆمەڵگای وەزارەتی بازرگانی وپیشەسازی)
ئاراس ڕۆوف عارف
بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی كۆمپانیاكان / بەوەكالەت

ئاگاداری
ئاگاداری گشت لایەك دەكە ینەوە كۆمپانیای (K.J.A) بۆ بازرگانی دەرمان و پێداویستی پزیشكی/ سنوردار) بریاری گۆرینی ناوی كۆمپانیای داوە لە كۆمپانیای (K.J.A) بۆ كۆمپانیا (MONO CARE) بۆیە هەر كەسێك نارەزایی یان هەر مافێكی لە سەر كۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی سەردانی بەریوە بەرایەتی گشتی تومارکردنی كۆمپانیان بكاتەوە لە (شاری هەولێر - شەقامی ٦٠ م - كۆمەڵگای وەزارەتی بازرگانی وپیشەسازی)
ئاراس ڕۆوف عارف
بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی كۆمپانیاكان / بەوەكالەت

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی كۆمپانیاكان
بەڕێوەبەرایەتی پشكنین و بەدواداچوون
ژمارە: ٢٢٤٩
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٣/٣١
بڕیاری سرینەوەی كۆمپانیا سنووردار
دوای تەواو كردنی سەرجەم ڕێكارەكانی پاكتاوكردنی كۆمپانیای (الغصون/ بۆ بازرگانی گشتی/ سنوردار) وە پاڵپشت بە ئەحكامی ماددەی ١٧٧ لەیاسای تۆمارکردنی كۆمپانیاكان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ هەموارکراو.
من تۆمارکاری كۆمپانیاكان بڕیارمدا بە سرینەوەی ناوی كۆمپانیای ناوبراوی سەرەوە لە تۆمارەكانمان بەمەرجێ ئەم بڕیارە بڵاوبكرێتەوە بەپێی ئەحكامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی كۆمپانیاكان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
ئاراس ڕۆوف عارف
بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی كۆمپانیاكان/ بەوەكالەت

ئاگاداری
ئاگاداری گشت لایەك دەكەینەوە كە كۆمپانیای (ئەمازون) بۆ بڕینی پلیتی فرۆكەوانی/ سنوردار) بریاری پاكتاوكردنی كۆمپانیای داوە، بۆیە هەر كەسێك یان هەر لایەنێك مافێكی لەسەر كۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری پاكتاوكار بكاتەوە لە (پارێزگای هەولێر)
پاكتاوكار/ یاسین عبدالله قادر
ناونیشان/ هەولێری نوێ

تیشکێک بۆ سەر مێژووی (1) ئەشکەوتی کورِو کچ

کەمال نوری مەعروف

کوردستانی باشوور لانکەی شارستانیەتو مێژووی دێرینە ، بەهەر ناوچەیەکدا بگەڕێیت دەوڵەمەندە بە پاشماوەی شوێنەواری لە گردو تەپۆلکەو ئەشکەوتو پەنا بەردین کە پاشماوەکانیان لە ئاسەوار داستانی مێژوویەکی دێرینی ناوچەکە دەگێڕنەوە. نموونەی لەبەرچاویش بۆ ئەو شوێنەوارانە زۆرن کە لە پێشیانەوە ئەشکەوتی شانەدەرو هەزارمێردو قەلاچەرموو ناوچەی چەمچەماڵ دێن. بۆیە گرنگیدان بە شوێنەوارەکان و سەردانیان لەلایەن شوێنەوار ناسانی کوردەوە ئەرکێکی نیشتیمانی گەورەیە کە دەبێتە هۆی فراوانکردنی زانیاریان لە سەریان، لەهەمان کاتیشدا کاریگەری دەبێت بۆ زیاتر پاراستنیان لە دەستدرێژی بازرگانەکانی شوێنەوار.

شوێنی ئەشکەوتەکە:-

شوێنەواری کورِو کچ دەکەوێتە پشت گوندی شۆڕناخ لە ناوچەی سورداش (2) کە دەتوانین بەرێگەی گوندی (گەورەدێ) لە ناوچەی تەینااڵ(3) بیگەینێ. شوێنەوارەکەش دەکەوێتە خۆرهەڵاتییەوەو دەڕوانێت بەسەر شیوی چەمی ڕێزان.

ناولێنانی:-

ناسینی شوێنەوارەکە بە ئەشکەوتی (کورِو کچ) دەگەڕێتەوە بۆ دەماودەم کە وتنی چیرۆکێک لەسەر زمانی دانیشتوانی ناوچەکە، هەروەکو دەڵێن: کورو کچێک لەدوو تیرەی جیاواز بەرلە ڕۆژگاری ئەمڕۆ یەکتریان خۆش ویستووە. بۆیە بڕیاریان داوە پێکەوە خێزان دروست بکەن، بۆ ئەمەش هۆزەو هەیوانێکیان دروست کردووە بۆ ئەوەی بەخۆشی ژیانی تێدا بەسەر بەرن(4).

ئەشکەوتەکە لە ڕووی شاخەکە لە بەرزی 2مەتر لە زەویەکەی هەڵکۆڵراوە. ئەو کەسەی بیەوێت دیدەنی شوێنەوارەکە بکات، دەبێت لە گۆشەی لای چەپییەوە بۆی سەربکەوێت لەبەرئەوەی دەتوانێت بەئاسانی بۆی سەربکەوێت بێئەوەی پێویستی بە هۆکاری سەرکەوتن هەبێت.

وەسفی ئەشکەوتەکە:-

ئەشکەوتەکە پێکهاتووە لە هەیوانێکو ژوورێکی هەڵکۆڵراو لەبەردی شاخەکە، درێژی هەیوانەکە 10.5 مەترەو پانییەکەی 20.20 مەترەو بەجوانی دەڕهێنراون. لەبەشی سەرەوەی هەیوانەکەدا بەمانا لەبنمیچەکەیدا دووکۆڵەکە بەرچاو دەکەون لە بەردەکەی دەڕهێنراون، تەریبن و بۆ پێشەوەی هەیوانەکە هاتوون، درێژی هەریەکێکیان 2.5 مەترەو پانییەکەی 60سانتیمەترە و ئەستوریان 50سانتیمەترەو لە بنمیچەکە دەڕهێنراون و پێویی نووساون، نێوانی هەردوو کۆڵەکەکەش 1.80 مەترە. لەبەشی دواوەی دووکۆڵەکە هاوتەریبەکەدا پاشماوەی دووکۆڵەکەکەی بنک خڕی هاوشێوە بەرچاو دەکەون کە هەریەکێکیان بەبنکی کۆڵەکەی بنمیچەکەوە نووساوە، واتە لە بەردی هەیوانەکە دەڕهێنراون، تیرەی هەریەکێکیان 60 سانتیمەترە. وادیارە لە ڕۆژگاری خۆیدا ئەو دووکۆڵەکەیە گەیشتوونەتە تەختی هەیوانەکە، بەڵام لەسەردەمێکی تردا شکێنراون بێئەوەی پاشماوەیان مابێت جگە لە پاشماوەی ئەو دووبنکە ، کە بەبەرزییەوە لەبەرچاو دیارن.

لە نێوان ئەو دوو کۆمەڵەکەیەداو لەبەشی خوارەوەی هەیوانەکەدا دەرگایەک لەبەردی شاخەکە دەڕهێنراوە کە بەهۆیەوە بە ژوورێک دەگەیت، بەرزی دەرگاکە 1.15مەترەو پانییەکەی 80 سانتیمەترە. لەبەردەمی ناوەوەی دەرگاکەدا قاڵدرمەیەک لە بەردەکە دەڕهێنراوەو لە شێوەی هێڵێکدا ڕاکێشراوە درێژییەکەی 1.40مەترەو پانییەکەی 75 سانتیمەترە لە شێوەیدا دەچێتەوە سەر ئەوەی لەبەردەم دەرگا بەکردنەوەی دەرگای گۆڕەکە ئەنجام دراوە هەروەکو لەسەردەمی ئەشکانییەکاندا (250پ.ز- 227ز) پەیەرِو کراوە، ئەوەنەش بۆ ئەمە گۆڕەکەی دەشتی کۆیسنجەقە کە بەخشتی سوور دروستکرابوو (6).

ڕای ئێمە بەرامبەر ئەشکەوتی کورِو کچ:

هەروەکو لای شارەزایانی شوێنەوار دیارە لە ناوچەی سلێمانیدا گۆڕی بەردینی هەڵکۆڵراو زۆرە کە پسپۆڕان ڕۆژگاریان بۆ سەردەمە جیاجیاکان دەبەنەوە، لەوانە گۆڕە بەردینەکەی قزقاپانو ئەوانەی بازیانو شاخی باوە شاسوار لە کفری و بانی خێڵان و (نەوێ) لە ناوچەی خورمال. بۆیە بەباشی دەزانین بەراوردێک لە نێوان گۆڕی ئەشکەوتی کورِو کچو ئەوانی تردا بکەین بۆئەوەی بگەینە ئەنجامێک لەوە تێبگەین وەکو سەردەم کامیان کۆنترن.

بەراوردێک لە نێوان هەیوانەکەی ئەشکەوتی کورِو کچ لەگەڵ هەیوانەکەی ئەشکەوتی قزقاپان(7) دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە لەهەندێ پێوانەدا ڕوو بەڕوو دەبنەوەو دەچنەوە سەریەک،

هەروەها لەڕووی هەڵکۆڵین و دەرهێنانیاندا هاوشێوەن، وادیارە شارەزایی کەلتوری سەردەمێکیان پێوە دیارە کە لەژێر کاریگەری مەزهبی ئایینی میترابیدا دروستکراون. جگە لەوانەش هەروەکو ئاماژەمدا لە هەندێ پێوانەشدا یەکدەگرنەوە، نموونەش بۆ ئەمە لەهەردوولادا بەرزی هەیوانەکە چوار مەترەیە. بەڵام لەڕووی درێژیو پانیانەوە جیاوازن واتا هەیوانەکەی کورو کچ بچوکتر دەرهێنراوە.

ئەم جیاوازییەش پێدەچێت پەیوەندی بە کەسایەتی ناوگۆڕەکەوە هەبێت.


ئەو دوو کۆڵەکەیەی کە بە بنمیچی هەیوانی ئەشکەوتی (کورِو کچ)بەرجاو دەکەون کە هەریەکێکیان پاشماوەی بنکی کۆڵەکەیەکی لەژێرەوە پێوەلکاوە لەشێوەدا ناچنەوە سەر کۆڵەکەکانی بنمیچی ئەشکەوتی قزقاپان لەبەر ئەوەی ئەمەی دوایی بەشێوەی سیانی لە بنمیچەکەی دەرهێنراوە کە لەدوولای بەرامبەری یەکتری لەسەر تاجی دووکۆڵەکە ئایونیەکە دانراون و شێوەیەک لە خانوبەرەی کوردی لە کوردستان نیشان دەدات. ئەوشێوە تەرزە خانووە لەسەردەمی (ماد)(8)ە وە (قزقاپان)(10) دا بکەین، بەو هۆیەوە دەگەینە ئەو ڕایەی کە دەتوانین بڵێین هاوشێوەنو وەکو یەک دەرهێنراون، بەڵام لەڕووی پێوانەیاندا لەهەندێ سەرەوە یەکدەگرنەوەو لە هەندێکی تردا جوداوەبنەوە؛ واتا، لە قوواڵیو پانییاندا یەکسانن و لە درێژییاندا جیاوەبنەوە، لەوەش دەگەڕێنەوە بەڵام دابنو نەریتی مردو ناشتنەکە بەپێی ئاینزاکە بەردەوامی هەبووە.

2- دانانی دەرگا ڕووەو خۆر لەهەردوو قسنەکەدا پێدەچێت شێوەیەکی تری دیاردەکانی پەرستنی سروشت نیشانبدات بەوشێوەیەی کە مردووەکەی ناو گۆڕی (کـــورو کچ)، یـــان (قـزقاپان) خۆر پەرست بووە، واتە میترایی، ئەمە بەهەمان شێوە کەسی ناو گۆڕەکەی زوحاکیش، لە گوندی (نەوێ)، دەگرێتەوە. ئەمەش پێچەوانەی ئەو ڕایانەیە کە هەیە لە پسپۆڕان سەردەمی ئەو دووگۆڕە بەوەی زیندانی زوحاکیشەوە بۆ سەردەمی مەزداپەرستی، واتە ئایینی زەردەشتی، دەبەنەوە کەبەڵای منەوە دوورکەوتنەوەیە لە ڕستی ئاینزای خاوەنی ئەو پاشماوانەو میترووە کۆنەکانیان، هەرچەندە ئایینی زەردەشتیش لەئایینی خۆر پەرستییەوە وەرگیراوە کە سەرچاوەکەی ئایینی ڤیدایی هیندییە.

3- بەراوردێکی تر لەنێوان پاشماوەی ئەو کۆمە کردنەی دەرگای ئەشکەوتی (کورِو کچ)و دەرگای ئەشکەوتی (قزقاپان)و پاشماوەی کڵۆم کردنی دەرگای زیندانی زوحاک لە ناوەوە وادیارە هەرسێکیان پاشماوەی کەلتورێکیان پێوە دیاربێت. ئەو جۆرە داخستنەی دەرگاش لە ئێستادا تەنیا لە لادێکانی کوردستانا بەرچاو دەکەوێت.


زیندانی زوحاک لە گوندی نەوێی ناوچەی خورمال
(وێنەی ژمارە ١)


گۆڕی ناو نەشکەوتەکە
(وێنەی ژمارە ٢)


دەرگای نەشکەوتەکە
(وێنەی ژمارە ٣)


هەیوانی نەشکەوتەکە
(وێنەی ژمارە ٤)

وێنەی گوندی گەورەدێ
(وێنەی ژمارە ٥)

بەوەڕەی کە هونەری دروستکردنیان لە سکایی، یان ئۆرارتییەوە وەرگیرابن. بۆیە بەپێی ئەو دیاریکردنە دەتوانین دروسکردنیان بکەین بە 3 بەشەوە:

1-گۆڕە هەڵکۆڵراوە بەردینەکانی سکاییو ئۆراتی.

2- گۆڕە بەردینەکانی سەردەمی (ماد) کەلە قزقاپانو (کورِو کچ) و (زیندانی زوحاک) لە ناوچەی سلێمانی خۆیان دەبینەوە، هەروەها گۆڕە بەردینەکانی (دوکان داود)و (سورخ دە)و (شیرین و فەرهاد)و گەلێی تریش سەرچاوە هەڵدەگرن و کاریگەری شارستانیتی یەکەمیان بەسەرەوەیە.

3- گۆڕە بەردینەکانی سەردەمی هاخامەنشی (550-331 پ.ز) لە ئێراندا کە لەناویانا گۆڕەکەی داریۆشی یەکەم دێت، کە دروستکردنەکەی لە کەلتوری (ماد)ەوە گوێزراوەتەوە.

بەودابەشکردنەش دەتوانین بڵێین سەردەمی هەڵکۆڵینی گۆڕی کورو کچ دەگەڕێتەوە بۆ نیوەی دووەمی سەدەی حەوتەمی پ.ز، واتە بۆ ئەو ڕۆژگارەی دەسەڵاتی سەربازیو شارستانیەتی ماد لە کوردستانی ئێران لە ناوچەی بۆکان بڵاوبووە. بۆیە وەکو قۆناغ گۆڕەکەی (کورِو کچ) بەر لە گۆڕەکەی (قزقاپان) دادەنێین، واتە دروستکردنەکەی دەبەستینەوە بە گۆڕە بەردینەکانی (نەوێ) یان (دوکان داود)ی ناوچەی کرماشان(16).

سەرئەنجام:-

بەم شێوەیە سەبارەت بە ناسنامەو سەردەمی ئەو پاشماوە شوێنەوارییە دەتوانین بڵێین:

ئەشکەوتی (کورِو کچ) گۆڕێکی بەردینی هاوشێوەی ئەشکەوتی (قزقاپان)و فەقرەقاو (دوکان داود)و (سۆرخ دە)و گەلێکی تر، پێدەچێت بۆ سەرەتای سەرهەڵدانی دەستەڵێتی (ماد) بگەڕێتەوە، یان کەمێک دواتر لەنیوەی دووەمی سەدەی حەوتەمی پ.ز هەروەکو ئاماژەم دا. لەوانەشە هەروەکو شارەزایان دەڵێن گۆڕی (فراوەرتیس)(17)ی پادشای ماد بێت، کە باوکی (کەیخوسرەو)ی گەورە پادشای ناوداری ماددە، هەروەکو (هێرۆدۆت)ی باوکی مێژوو دەڵی لە هێرشێکدا بۆسەر ولاتی ئاشوور کوژرا، پێدەچێت لەو شوێنەدا خرابێتە گۆڕەوە.

پەراوێزەکان:

1- بەمەبەستی وەرگرتنی زانیاری لەسەر ئەو پاشماوە دێرینەی سەردەمی ماد لەماوەی کارکردنمدا لە شوێنەوار چەند جارێک سەردانی ناوبراوم کردووە، دواجاریان دەگەڕێتەوە بۆ زستانی 2008بە کامیراش لەلایەن بەڕێز دلێر حمە عەلی وێنەی زۆری گیرا.

2-شیکردنەوەی ناوەکە واهاتووە کە بنەچەکەی (سورئاش)دو بەمانای (ئاشی سوور) دێت لە زمانی کوردیدا، یان (سوولی تاش) وشەی (تەینااڵ)دە دەڵێ : ناوێکی مەغۆلییەو گوندەکەو ڕوبارەکەش بەناوی یەکێک لەو مەغۆلانەوە ناونراوە، لەوانەشە هەر ئەو مەغۆلە خۆی خاوەنی ناوچەی بازیانیش بوبێت. بۆئەمە (جۆینی) وەبیرمان دێنێتەوە کە دەڵێ : سەرکردەیەکی مەغۆلی ناوی (تاینااڵ نوین) بوو بەمانا میر تەینااڵ کە بە سوپایەکەوە هێرشی بردۆتە سەر خوارزم لەسااڵی 1220ز.

4-ئەم چیرۆکەم لەدەمی بەڕێزحاجی حەکیمی (گەورەدێ) وەرگرتووە کە ئێستا لەژیاندا نەماوە، وەکو ناو پەیوەندی بە شوێنەوارەکەوە هەیە، بەڵام وەکو مێژوو دورە لە ڕاستییەوە.

5- بۆ شیکردنەوەی ناوی خورماڵ بۆ چوونی زۆر هەیە بەڵام لەناویاندا بۆچوونەکەی مامۆستایان بشیر فەرەنسیسو کورگیس عەواد وەردەگرین هەروەکو دەڵێن بنەچەی ناوی خورماڵ لە (گوڵ عەنبەر)دوە هاتووە کە مانای (گوڵی عەنبەر) دەگرێتەوە. (سپایزەر)یش هەمان ڕای هەیەو وا بۆ یچووە کە (گوڵ عەنبەر)دو گۆڕانی بەسەردا هاتووەو لە (گورمیاڵ)و (گورماڵ)دوە گۆڕاوە بۆ خورماڵ هەروەکو لە (ئەربیل) یشدا دەڕەکەوێت. المحامی جمال بابان. نفس المصدر السابق ص .106

6- کەمال نوری مەعروف. هەندێک شوێنەواری دێرینی بەرلەمێژو و مێژوویی کوردستان، بەڕێوبەرێتی چاپو بڵاوکردنەوەی سلێمانی 2010 لا .379

7-کمال نوری معروف. مجلە سومر. عدد .1982 / 38ص.309

8- بەڵگەی دکتۆر سافراستیان، کەدەڵێ گەلێک نەبووە بەناوی (ماد) بەهۆی ئەوە بووە کە لە مۆرە لوولەییە میخییەکاندا وشەی (میدا) لەبنەڕەتدا بەمانای خاک یان ولێت دێت، هەروەکو دەگوترێت (میدا گۆتیۆم) بەمانای ولاتی (گوتو)، یان (مید ئیلام) بەمانای ولاتی (ئیلام). بابلیەکانیش هەر بەو جۆرە کەوتونەتە هەڵەوە بەهۆی ئەوەی زانیاریەکانیان لە سۆمەریەکان وەرگرتووە. سەبارەت بە وشەی (میدا) وایان زانیوە کە ناوی ولێتێکی ناسراوە، یان گەلێکە لە گەلەکان، لەکۆ ئەوەشدا نەیان توانیوە سنووری ئەو ولێتە دابنێن، یان دەستنیشانی ئەو گەلە بکەن. ئاشوریەکانیش بە هەمان شێوە ئەو هەڵەیان لە بابلیەکانەوە گواستۆتەوە، ئیترایەکانیش هەروەکو خۆی لە ئاشوریەکانیان وەرگرتوو. نووسەرە ئەوروپیەکانیش بەهەمان دەستوور لە نووسەرە یۆنانیە کۆنەکانیان وەرگرتووە.

9- بڕوانە : د. تقی الدباغ . محاضرات علی طلاب کلیە الادب. قسم الاثار القدیم. التاریخ الیونانی. السنە الثالثە -1967 1968.

10- قزقاپان: ناوێکی تورکییە بەمانای کێ ڕفاندن دێت. وادیارە ناولێنانەکەی بەوشێوەیە بۆ سەردەمی دەستەڵاتی تورک دەگەڕێتەوە لەکوردستاندا کەماوەی 400ساڵی خایاندووەو لەجەنگی جیهانی یەکەمدا لەساڵی 1918ئەو دەسەڵاتەیان کۆتایی هاتووە.

11- زوحاک: لەداستانی کاوەی ئاسنگەردا ناوی هاتووە بەوشێوەیەی کە پادشایەکی زۆردار بووە. ئەو ناولێنانەی مەبەستە لە (ئاستیاگس)ی دواپادشای (ماده)و سەرچاوەکانی ئەرمەنی بۆ میژووی کۆن بە بااڵیانا بڕیوە.

12- قەرەداخ : لەزمانی تورکیدا بە شاخی ڕەش هاتووە کە بەاڵی مامۆستایان (تەها باقر فوئاد سەفەر) بەڵگەی بوونی دارستانی ڕەش دەگرێتەوە کە شاخەکەی داپۆشیوە. بۆ ئەمە بڕوانە: المرشد الی مواطن الاثار والحضارە. نفس المصدر السابق ص.22

13- کفری : نزیکە لە وشەی (کفر) کە جۆرێک لە(قیرە) بە زمانی عەرەبی، یان لە وشەی (کبرو) وەرگیراوە کەمانای قیر دەگرێتەوە لە زمانی بابلیو ئاشووریدا. بۆیە بەو ناوە ناسراوە لەبەر ئەوەی قیری تێدایە.

14- اردشیر خدادادیان. اریاها ومادها. نشر بە دید .1379 ص.184

15- عباس قدیانی. تاریخ ادیان و مذاهب درایران. تهران .1374 ص.71

سکا : لقێکن لە گەلانی ئاری نەژاد، لە زمانەکانی ئەوروپادا بە گەلی (سیت) ناسراوە. لەسەرەتادا لەگەڵ گەلانی هیندو ئەوروپیدا ژیاون بەاڵم دوایی کۆچیان کردوە. ڕووسەکانی ئێستا بە باپیرە گەورەی خۆیانی دادەنێن.

16-گور دخمەهای کرماشان. سازمان میراپ فرهنگی کشور .1379ص.23

17- مجلە الکتاب. العدد الثانی. تموز .1958السنە الاولی ص.8

ئێران و کۆریای باکوور.. یەک ئامانج و دوو ستراتیژییەت

بۆ رزگارکردنی خۆ پاڵاوتنی بۆ دووبارە هەڵبژاردنەوەی، یان بۆ دابینکردنی دەستکەوتێکی بەرچاوی میراتەکەی لە سیاسەتی دەرەوەدا، ئەگەر بۆ یەک ماوە سەرۆک بێت، تەرمپ دەتوانێت پەنا بۆ چارەسەریی بنەڕەتی لە دبلۆماسیەتی ئەتۆمی ببات (جەنگکردن لەگەڵ ئێران، یان رێکەوتن لەگەڵ کۆریای باکوور)

مایکل ماکفول

لە میژە سەرۆک ترەمپ و کارگێڕییەکەی، بە جۆرە دووفاقییەکی دبلۆماسی و نا لۆجیکی مامەڵە لەگەڵ رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و کۆریای باکووردا دەکەن. ئامانجی ئاشکرا و راگەیاندراوی سیاسەتی کارگێڕییەکەی ترەمپ لە هەردوو حاڵەتدا یەکە، ئەویش: دامالێنی چەکی ئەتۆمییە. بەڵام ستراتیژیەتی پەیڕەوکراو، بۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانجە گرنگە، لە ئامانجەکانی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا، پێچەوانەن و بە گوێرەی وڵاتەکە دەگۆڕێن.

لە هەوڵی خراوەگەڕی بۆ بەربەست خستنە بەردەم بەرنامەی ئەتۆمی ئێران (کە بە گوێرەی زانیارییەکان، تاکو ئێستا هیچ چەکێکی سەرکەوتووی بەرهەم نەهێناوە)، کارگێڕییەکەی ترەمپ، ستراتیژیەتێک پەیڕەو دەکات، کە پشت بە گوشار و رووبەڕووبوونەوە دەبەستێت، بەڵکو ئامازە بۆ ئەوەش هەیە، هەندێ کەس لە کارگێڕیەکەی ئێستادا، پێیان وایە، گەورەترین ئامانج دەبێت گۆڕینی رژێم بێت. وەلێ لە پێناو بەدیهێنانی ئامانجی دامالێنی چەکی ئەتۆمی لە کۆریای باکووردا، ترەمپ، ستراتیژیەتی گفتوگۆکردنی چڕوپڕ پەیڕەو دەکات. پێشتر قەت رووی نەداوە، هیچ سەرۆکێکی ئەمریکا چاوی بە دیکتاتۆری کۆریای باکوور کەوتبێت، وەکو چۆن ترەمپ دووجار، لەگەڵ (هاورێیەکەی) کیم جۆنگ ئون، لەسەر یەک مێزی نانخواردن دانیشت. بەڵام تاکو ئێستا، هەردوو ستراتیژییەت هیچیان بە هیچ نەکردووە. نزیکبوونەوەی ترەمپ، کە لەسەر بەرجەستەکردنی ئەوپەڕی گوشار لە هەمبەر ئێران بەرپا بووە، بە شێوەیەکی تایبەت، بە نا لۆجیکی دادەنرێت، کاتێک بە هەوڵەکانی نزیک کەوتنە لە کیم بەراورد دەکرێت. ستراتیژیەتی سەرۆکی ئەمریکا، لەسەر گەشەپێدانی پەیوەندی تایبەتی راستەوخۆ، لە نێوان سەرۆکی هەردوو وڵات بەرپابووە، وەکو رێگایەکی یارمەتیدەر بۆ گەیشتن بە ئامانجی دامالێنی چەکی ئۆباما لە هەمبەر ئێران کردی، ئەوەش ئەو رێچکەیەیە کە ترەمپ لەمێژە رەخنەی لێ گرتووە. بۆ گەیشتن بە رێکەوتنی ئەتۆمی، دەبێت ئەمریکا سزاکان لەسەر بیژنگ یانگ هەڵگرێت و، کۆمەکی ئابووری پێشکەشی دیکتاتۆرێک بکات، کە بەزەیی بەکەس نایێتەوە. بە مەرجێک گۆڕینی رژێم بەشێک لەو رۆژەڤە نەبێت. سەرنج دەدرێت ترەمپ بە پەرۆشەوە باسی لەوە کرد، کیم توانای هەیە، کۆریای باکوور بکاتە هێزێکی ئابووری هەرێمایەتی، ئەوەش وا دەکات دەستگرتنی بە دەسەڵات زیاتر بێت. راستییەکەی گرمانەیەکی دیکە، سەبارەت بە ستراتیژیەتی ترەمپ، بۆ بەرەنگاربوونەوەی بلاوبوونەوەی چەکی ئەتۆمی هەیە، کە مەتەڵی ئەو دوو سیاسەتە بەرچاوە هەڵدێنێت. ئەویش ئەوەیە، پێشبینی نادات لە کاتی ئێستادا). ئەگەر هەوڵ بۆ گۆڕینی رژێم دەدرێت، هیچ بەرژەوەندییەکت لە گفتوگۆکردن یان دبلۆماسییەتدا نابێت، بەڵکو بە پێچەوانەوەیە، چونکە تۆ هەوڵ بۆ ئاشکراکردنی ستەمکارانی دەسەڵات دەدەیت، بۆ ئەوەی پاساو بۆ کەواندنیان بهێنیتەوە. هەرچی کۆریای باکوورە، هەڵوەشاندنەوەی بەشێک لە بەرنامەی تایبەت بە موشەکی بالیستی کیشوەربڕ، بە مەبەستی کەمکردنەوەی هەڕەشەی راستەوخۆ بۆ ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا. ئەو ئامانجە بچووکترە، لەوانەیە یارمەتی ئەوە بدات تێبگەین لەوەی، لەبەرچی ترەمپ ئامادەیە لەگەڵ کۆریای باکوور، سازان بکات و لەگەڵی پێک بێتەوە، رازیش نییە چیتر فشاری بخاتە سەر، هەتا ئەو کاتەشی کیم هیچ ئاماژەیەکی نیشان نەدا، کە دەری بخات، ئامادەیە پابەندی دامالینی تەواوی چەکی ئەتۆمی وڵاتەکەی بێت.وەلێ لە هەردوو سیناریۆدا، وا پێ دەچێت، کات لە بەرژەوەندی ترەمپدا نەبێت. با ئەو سیناریۆیە بخەینەڕوو، کە بە کارەسات دێتە بەرچاو: لە سالی **2020**دا، ترەمپ بە **10** تاکو **15** لەسەدا لە راپرسییەکان لە دواوەیە. بۆ رزگارکردنی خۆ پاڵاوتنی بۆ دووبارە هەڵبژاردنەوەی، یان بۆ دابینکردنی دەستکەوتێکی بەرچاوی میراتەکەی لە سیاسەتی دەرەوەدا، ئەگەر بۆ یەک ماوە سەرۆک بێت، ترەمپ دەتوانێت پەنا بۆ چارەسەریی بنەڕەتی لە دبلۆماسیەتی ئەتۆمی ببات (جەنگکردن لەگەڵ ئێران، یان رێکەوتن لەگەڵ کۆریای باکوور، بۆ دامالێنی تەواوی چەکی ئەتۆمی)، لەبەرئەوەی ترەمپ لەو جۆرە سەرۆکانەیە، کە ئەو شێوە ئەنجامەیان پێ بنەڕەتی و نا باوی چەورە. بە گوێرەی ئەمەش، دەبێت کۆنگرێس، راگەیاندنەکانی ئەمریکا، کۆمەڵگەی پسپۆڕانی سیاسەتی دەرەوە و جەماوەر بە گشتی، هەموو هەوڵێک بۆ کەمکردنەوەی ئەگەرەکان بدەن و لێنەگەڕێن هیچ لەو سیناریۆیانە روو بدەن.

و: ڕەمزی میرەکانی
سەرچاوە: www.alittihad.ae



راستییەکەی گرمانەیەکی دیکە، سەبارەت بە ستراتیژیەتی ترەمپ، بۆ بەرەنگاربوونەوەی بلاوبوونەوەی چەکی ئەتۆمی هەیە، کە مەتەڵی ئەو دوو سیاسەتە بەرچاوە هەڵدێنێت

کاریکاتێر



زەمانی ژمارە



وڵاتانی جیهان و کاڵاوە ئەتۆمییەکان

ئەمڕۆ لە سەرتاسەری جیهاندا **9**وڵات بە وڵاتی ئەتۆمی ناودەبرێن و خاوەنی ئەم جۆرە چەکە وێرانکەرەن .
ئەم **9** وڵاتە پێکەوە خاوەنی **14465** کاڵاوەی ئەتۆمین .
ڕووسیا بە پلەی یەکەم دێت و **6850** کاڵاوەی هەیە.
ئەمەریکا **6450** کاڵاوە .
فەرەنسا **300** کاڵاوە .
چین **280** کاڵاوە .
بەریتانیا **215** کاڵاوە .
پاکستان **140**تا **150** کاڵاوە .
هیند **130**تا **140** کاڵاوە .
ئیسرائیل **80** کاڵاوە .
کۆریای باکور **10**تا **20** کاڵاوە .

ئەمڕۆ لە مێژوودا



سالی **1948**:
دانیمارک مافی ئۆتۆنۆمی بە دوورگەکانی فارۆ بەخشی .



سالی **1986**:
لە گەشتێکیدا لە نیۆیۆرک ، فرۆکەیەکی ئەمەریکی کەوتە خوار و چوار کەس گیانیان لەدەست دا و **100** کەسی دیکە بریندار بوون .



سالی **1989**:
یاسر عەرەفات وەک سەرۆکی فەلەستین سوێندی یاسایی خوارد .



سالی **2001**:
بە تۆمەتی ئەنجامدانی کۆمەڵکوژی ، پۆلیسی یوگسلافیا میلۆسۆڤیچی سەرۆکی پێشووی دەستگیر کرد .



سالی **2009**:
کرواتیا و ئەلبانیا بوونە ئەندامی ناتۆ .



سالی **2017**:
رووچونی زەوی لە ڕۆژئاوای کۆزمۆبیا بووە هۆی کوژرانی زیاتر لە **250** کەس .

www.xebat.net
دووشەممە 2019/4/1 ژمارە (5721)
خەبات

بڕیاری ناساندنی بەرزاییەکانی جۆلان وەک بەشێک لە خاکی ئیسرائیل و هەڵوێستی دەوڵەتانی هەرێمی و جیهانی

تەحسین زراری(*)

بەرزاییەکانی جۆلان لە دوای شەڕی عەرەب – ئیسرائیل لە ساڵی 1967 (شەڕی شەش ڕۆژە) وەک کێشەیەکی سەرەکی لە نێوان ئیسرائیل و سوریا کاریگەری زۆری هەبووە لەسەر پەیوەندی نێوان عەرەب و ئیسرائیل لەلایەکەوە لەلایەکی تریشەوە دوای ئەوەی ئیسرائیل لە ئەنجامی شەڕی شەش ڕۆژە توانی دەسەلاتی خۆی بەسەر ئەو ناوچەیە بسەپێنێت، بەڵام ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لەو کاتەوە تاوەکو ئێستا (ئیدارەی دۆنالد ترامپ) سەروەری ئیسرائیلی بەسەر ئەو ناوچەیە بە شێوەیەکی ڕەسمی رانەگەیاندبوو، بەڵام سەرۆکی ئەمریکا دۆنالد ترامپ لە دوا بڕیاریدا سەروەری ئیسرائیلی بەسەر بەرزاییەکانی جۆلان بە شێوەیەکی فەرمی ڕاگەیاند، واتە بەرزاییەکانی جۆلانی وەک بەشێک لە خاکی ئیسرائیل بە شێوەیەکی فەرمی ڕاگەیاند سەرەڕای ناڕەزایەتییەکانی وڵاتانی ناوچەکە لە بەرامبەر ئەم بڕیارەی ترامپ، بە پێی لێکدانەوەکان ئەم بڕیارەی ترامپ کاریگەری دەکاتە سەر هاوکێشە سیاسییەکان لە ناوچەکە، چونکە هەر دوای بڕیارەکە وڵاتانی ناوچەکە دژی بڕیارەکە وەستانەوە و دژایەتی خۆیان ڕاگەیاند.



جوگرافیای بەرزاییەکانی جۆلان

بەرزاییەکانی جۆلان دەکەونە نێو خاکی وڵاتی سوریا، ڕووبەری ئەم ناوچەیە 1.800 کیلۆمەتر دووجایە، بەرزییەکەی 1226مەترە، سەر بەپارێزگای قونەیتیرەیە، 60 کیلۆمەتر دوورە لەشاری دیمەشقی پایتەختی سوریا. بەرزاییەکانی جۆلان لە نێوان ڕووبارێ یەرموک لە باشور و چیای ئەلشێخ لە باکورە. ئەم ناوچەیە وەک سەرچاوەیەکی سەرەکی ئاوی دەریای تەبەریایە کە وەک سەرچاوەی سەرەکی ئاوی ئیسرائیل و فەلەستین هەژمار دەکرێت ئەمەش گرنگی ناوچەکەی زیاتر کردووە.

شەڕی شەش ڕۆژە و بەرزاییەکانی جۆلان

لە دوای دروست بوونی دەوڵەتی ئیسرائیل لە ساڵی 1948، دەوڵەتانی عەرەبی ئیسرائیلیان بە مەترسیەکی گەورە هەژمار کرد لەسەر بەرژەوەندییەکانی و ئاسایشی نیشتیمانیان ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە مللمانێی توند دروست بێت لە نێوان ئیسرائیل و عەرەب. ئەمەش دەرگای کردەوە بۆ ئەوەی ئاستی مللمانێیەکان تەنها لە چوار چێوەی مەترسی و هەڕەشە نەمێننەوە بەڵکو مللمانێیەکان گواستراوە بۆ مەیدانی جەنگ، لە دوای دروست بوونی ئیسرائیل تاوەکو 1967 چەندین پێکدادان لە نێوان ئیسرائیل و عەرەب ڕوویاندا، بەڵام لە ناوەڕاستی 1967 شەڕێک ڕوویدا لە نێوان ئیسرائیل و چەند وڵاتێکی عەرەبی کە هەر یەکە لە (میسر، سوریا، ئوردن، عێراق و لوبنان) هەروەها لە پاڵ ئەمانەش وڵاتانی (جەزائیر، کوەیت، لیبیا، مەغریب، پاکستان، سعودیە، سودان، تونس و ڕێکخراوی ڕزگاریخوازی فەلەستینی) وەک وڵاتی پاڵپشتیکەر لە هاوپەیمانی عەرەبی، ئەم شەڕە بە شەڕی شەش ڕۆژە ناسراوە، ئەم شەڕە بۆ ئیسرائیل بە سەرکەوتنێکی بێ وێنە دادەنرێت لە میژووی ئیسرائیلیەکان لەبەرامبەردا بۆ عەرەبەکان شکستێکی ئەوەند مەزنە کە مایەی شەرمەزاریەکی زۆری بۆیان بەجێ هێشتووە، چونکە لە ماوەی تەنها شەش ڕۆژ دا ئیسرائیل بەو قەبارە بچووکەی توانی بەسەر سوپایەکی زەبەلاحی عەرەب دا سەر بکەوێت و وەرچەرخان لە ململانێیەکانی نێوان عەرەب و ئیسرائیل دروست بکات لە بەرژەوەندی ئیسرائیلیەکان. لە ئەنجامی شەڕی شەش ڕۆژە ئیسرائیل توانی لە ڕێگەی هێزەوە دەسەلاتی خۆی بەسەر ناوچەکە بسەپێنێت و وەک بەشێک لەخاکی خۆی هەژمار کرد، بەمەش لە دوای شەڕی 1967 بەرزاییەکانی جۆلان لە خاکی سوریا دابڕێنراوە و داگیر کراوە لەلایەن ئیسرائیل. ئەگەرچی ئەم بارودۆخەی بەرزاییەکانی جۆلان کە لەلایەن سوپای ئیسرائیل داگیرکراوبوو، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی سەروەری ئیسرائیلی بەسەر ناوچەکە ڕەت دەکردەوە و وەک خاکی داگیرکراوی سوریای لە قەڵەمدا. سەرەڕای دژایەتی دەوڵەتانی عەرەبی و ناوچەی، ڕەت کردنەوەی سەروەری ئسرائیل بەسەر ناوچەکە بەڵام ئیسرائیل هەمیشە بەشێک لەخاکی خۆی هەژمار کردووە. کەواتە شەڕی شەش ڕۆژە بووە هۆی خاڵی وەرچەرخان بۆ ئیسرائیلیەکان و بەرزاییەکانی جۆلانیشی بە شێوەیەکی دیفاکتۆ کردە بەشێک لە خاکی ئیسرائیل.

بڕیاری کنیستی ئیسرائیل لە 1981 لەبارەی بەرزاییەکانی جۆلان

لە 14ی تشرینی دووەمی ساڵی 1981 کنیستی ئیسرائیلی (ئەنجومەنی نیشتمانی- پەرلەمان) یاسایەکی دەرکرد بەناوی "یاسای بەرزاییەکانی جۆلان"، بە پێی ئەم یاسایە بەرزاییەکانی جۆلان بە شێوەیەکی یاسایی کردە بەشێک لە خاکی ئیسرائیل، ئەم بڕیارەی کنیستی ئیسرائیلیش لەلایەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ڕەت کرایەوە، ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەنەوە یەکگرتووەکان لەبارەی ئەم بڕیارەی ئیسرائیل لە 17ی تشرینی دووەمی 1981 کۆبوونەوەیەکی تایبەتی گرێدا و لە ئەنجامی کۆبوونەوەکە بڕیاری کنیستی ئیسرائیل سەبارەت بەبەرزاییەکانی جۆلان ڕەت کرایەوە و بەرزاییەکانی جۆلانی وەک خاکی داگیرکراوی سوریا لەلایەن ئیسرائیلەوە ناساند و هەموو جۆرە دەسەلاتێکی ئیسرائیلی لە ناوچەکە ڕەت کردەوە.

سەردانەکەی ناتانیاهۆ و بڕیارەکەی ترامپ

سەرۆک وەزیرانی ئیسرائیل بنیامین ناتانیاهۆ لە دوا سەردانی بۆ واشنتۆن کە لە ڕۆژی دووشەمە 25ئادارای 2019 ئەنجامیدا، دوای کۆبوونەوە لەگەڵ سەرۆکی ئەمریکا هەردوولا ڕەشنووسێکیان لەبارەی بەرزاییەکانی جۆلان ئیمزا کرد، لەئەنجامدا بڕیاری ناساندنی سەروەری ئیسرائیلی بەسەر بەرزاییەکانی جۆلان بە شێوەیەکی فەرمی ڕاگەیاند، واتە بەرزاییەکانی جۆلانی وەک بەشێک لە خاکی ئیسرائیل بە شێوەیەکی فەرمی ڕاگەیاند سەرەڕای ناڕەزایەتییەکانی وڵاتانی ناوچەکە لە بەرامبەر ئەم بڕیارەی ترامپ، بە پێی لێکدانەوەکان ئەم بڕیارەی ترامپ کاریگەری دەکاتە سەر هاوکێشە سیاسییەکان لە ناوچەکە، چونکە هەر دوای بڕیارەکە وڵاتانی ناوچەکە دژی بڕیارەکە وەستانەوە و دژایەتی خۆیان ڕاگەیاند.

سەرۆک وەزیرانی ئیسرائیل وتی: ئیسرائیلیەکان دۆستێکی باشتر لە ئێوەی نییە کە مەبەستی ئەمریکابوو، سەرۆکی ئەمریکاش دۆنالد ترامپ وتی : ئەمەڕۆ بۆ ئیسرائیلیەکان و ئاسایشی دەوڵەتی ئیسرائیل ڕۆژێکی مێژوویی زۆر گرنگە.

ترامپ ..پیاوی بڕیارە قورسەکان

سەرۆکی ئەمریکا لە کاتی بانگەشەی هەڵبژاردنەکان لە ساڵی 2016 کۆمەڵێک بەڵێنی زۆر گەورە و گرنگی بە ئیسرائیل دا، بەشێک ئەم بەڵێنانەی ترامپیان بە شێوەیەکی زۆر سادە لێک دەدایەوە و وایان وێنا دەکرد کە ترامپ توانای ئەوەی نیە ئەم بەڵێنانە بخاتە بواری جێ بەجێ کردنەوە. بەڵام بە پێچەوانەوە لە دوای ئەوەی لە هەڵبژاردنەکان سەرکەوتنی بەدەست هێنا و دووپاتی کردەوە کە مەترسی و هەڕەشە لەسەر بەرژەوەندییەکانی ئیسرائیل لە ناوچەکە بۆ ئیدارەکەی هێڵی سوورە. یەکێک لە بەڵێنە گرنگەکانی ترامپ سەبارەت بە ئیسرائیل گواستنەوەی باڵیۆزخانەی ئەمریکا بوو لە تەل ئەبیبەوە بۆ ئۆرشەلیم (قودس) کە لە مایسی ساڵی ڕابردوو خستیە بواری جێ بەجێ کردنەوە، سەرەڕای ناڕەزایەتییەکان ناوچەکە و جیهان بەڵام ترامپ بڕیارەکەی جێ بەجێ کرد. دووەم بڕیاری گرنگی ئیدارەی ترامپ بۆ ئیسرائیل بڕیاری دانان بوو بە سەروەری ئیسرائیل لەسەر بەرزاییەکانی جۆلان، کە تائێستا ئەم دوو بڕیارە بە دوو بڕیاری زۆر هەستیار و گرنگ دادەنرێت کە ئەمریکا لەبەرامبەر ئیسرائیل دەری کردوون، بۆیە ترامپ بۆ ئیسرائیلیەکان وەک پێداوی بڕیارە قورس وهەستیارەکان هەژمار دەکرێت. سەرۆکی ئەمریکا لە میانەی کۆنگرە ڕۆژنامەوانییەکە ئەوەی ڕاگەیاند ئەو کارە مێژوویی لە پێناو پشتیوانی کردنی توانا بەرگرییەکانی ئیسرائیلە بۆ ئەوەی ئاسایشی ئیسرائیل پارێزراو بێت لە بەرامبەر هەڕەشەکانی ئێران و گرووپە تیرۆریستیەکان لە ناوچەکە.

هەڵوێستی دەوڵەتان لە بەرامبەر بڕیارەکە

هەر لە دوای دەرکردنی بڕیارەکە لەلایەن ترامپەوە هەم لەسەر ئاستی ناوچەکە هەمیش لەسەر ئاستی جیهانیش و نەتەوە یەکگرتووەکان هەڵوێستی جۆراو جۆر ڕاگەیەنران، هەڵوێستی هەندێک لە دەوڵەتانی جیهان و ناوچەکە:

ڕووسیا

لە دوای دەرکردنی بڕیارەکە وەزارەتی دەرەوەی ڕوسیا ڕایگەیاند کە بڕیارەکەی ترامپ لەبارەی ناساندنی سەروەری ئیسرائیل لەسەر بەرزاییەکانی جۆلان پێچەوانەی یاسا و ڕێسا نێودەوڵەتییەکانە لە هەمان کاتیشدا ئەم بڕیارە ئالۆزییەکان و ناکۆکییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست زیاتر دەکات.

نەتەوە یەکگرتووەکان

لەهەمبەر ئەم بڕیارەی سەرۆکی ئەمریکا نەتەوە یەکگرتووەکانیش هەڵوێستی خۆی ڕاگەیاند و دووپاتی لە نەگۆڕی بارودۆخی بەرزاییەکانی جۆلان کردەوە و سیاسەتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە چوارچێوەی بڕیارەکانی ئەنجومەنی ئایشە کە پێشتر لەبارەی ئەم ناوچەیە داویەتی.

بەریتانیا

بەریتانیاش هەڵوێستی نەرێنی خۆی دووپات کردەوە و ئەوەی ڕاگەیاند کە بەرزاییەکانی جۆلان وەک خاکێکی داگیرکراو لەلایەن ئیسرائیلەوە دەبینن. هەروەها دووپات کرایەوە کە بەریتانیا دانی بە بڕیارەکەی کنیست لە ساڵی 1981 لەبارەی بەرزاییەکانی جۆلان نەناوە و هیچ پلانێکیشیان نیە لەو بارەوە.

یەکێتی ئەورووپا

دوای نەتەوە یەکگرتووەکان یەکێتی ئەورووپاش ڕایگەیاند کە هەڵوێستیان نەگۆڕە لە بەرامبەر بەرزاییەکانی جۆلان و ئەو ناوچەیە لە دوای 1967 وەک ناوچەیەکی داگیرکراو لەلایەن ئیسرائیلەوە دەبینن.

ئێران

ئێران بەهۆی ئەوەی هەمیشە ئیسرائیل بە مەترسیەکی گەورە دەبینێت لەسەر بەرژەوەندییەکانی خۆی لە ناوچەکە بۆیە هەر هەنگاوێکی ئیجابی بۆ ئیسرائیل بەلای ئێرانەوە بەمەترسیەکی گەورە هەژمار دەکرێت، ئەم بڕیارەی ئەمریکا لەبارەی ناساندنی سەروەری ئیسرائیل لەسەر بەرزاییەکانی جۆلان لەلایەن ئێرانەوە بەتوندی ڕەت کرایەوە و دووپاتی ئەوە کرایەوە کەئەم بڕیارە جارێکی تر ناوچەکە بەرەو ڕووی ئاڵۆزی و قوڵبوونەوەی کێشەکان دەبات.

تورکیا

تورکیا بەهۆی ئەوەی لەلایەکەوە ئاستی پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئیسرائیل لە حالەتێکی نائاسایی دایە لە لایەکی تریشەوە بەردەوام لێدوانی توند لە نێوان سەرکردەکانی تورکیا و ئیسرائیل دەبینرێت ئەم بڕیارەی ئەمریکاش بەلای تورکیاوە بڕیارێکی هەڵەیە و پێچەوانەی یاسا نێودەوڵەتییەکانە. تورکیا ڕایگەیاند ئەم بڕیارە جارێکی تر دووپاتی ئەوە دەکاتەوە کە یاسای نێودەوڵەتی هیچ بایەخ و بوونی نیە، بە هیچ شێوەیەک تورکیا دان بەو بڕیارە دانانێت و هیچ مەشروعیەتێکی نییە. لەهەمان کاتیشدا دوای بڕیارەکە هێزە ئاسمانییەکانی ئیسرائیل دەستیان بە بۆردومانکردنی بارەگاکانی حەماس لە کەرتی غەزە کرد و کە ئەمەش کاریگەری نەرێنی دەکاتە سەر پرۆسەی ئاشتی لە نێوان ئیسرائیل و فەلەستین.

سعودیە

ئاژانسی هەواڵی فەرمی وڵاتی سعودیە پەیامێکی لەبارەی بڕیارەکەی سەرۆکی ئەمریکا ڕاگەیاند و لە پەیامە ڕاگەیەنراوەکەی سعودیە ئەوە هاتووە کە هەوڵدان بۆ سەپاندنی ئەمری واقیع هیچ لە ڕاستییەکان ناگۆڕێت و بەرزاییەکانی جۆلان بەگوێرەی یاسا نێودەوڵەتییەکان خاکێکی داگیرکراوی عەرەبە و ئەو بڕیارەی ترامپ کاریگەری نەرێنی دەکاتە سەر سەقامگیری لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

سوریا و لوبنان

دەوڵەتی سورياش ئەم بڕیارەی ئەمریکا وەک هێرشێکی ڕوون و ئاشکرا بۆ سەر خاک و سەروەری سوریا دەبینێت. لوبنانیش ڕایگەیاند سەرەڕای ئەوەی ئەم بڕیارەی ترامپ لەبارەی بەرزاییەکانی جۆلان دژی یاسا و ڕێسا نێودەوڵەتییەکانە هاوکات دەبێتە هۆی لەناوبردنی پرۆسەیەکی ئاشتی گونجاو بۆ چارەسەرکردنی ئەم پرسە.

(*)ماستەر لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان/ زانکۆی سەلاحەدین



مانشێت



سکای نیوز:
لە خولی دووەمی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی سلۆڤاکیا، زوزانا کابۆتۆڤا 58.35% دەنگدەرانی وەدەست هێنا.



ڕۆژنامەی حەیات:
پۆلیسی ئەڵمانیا 10 کەسی بە تۆمەتی پلاندانان بۆ ئەنجامدانی کردەوەی تیرۆرستی دەستگیر کرد.



ئەلشەرقولئەوسەت:
بە بیانووی کارنەکردن بۆ وەستاندنی هەڵۆژانی کۆچبەران، واشنتۆن یارمەتی دارایی لە ژمارەیەک وڵاتی ئەمەریکای ناوەڕاست بڕی.



ئیلاف:
لە نزیک سنوورەکانی ئیرلەندا و بەمەبەستی دابڕینی ناڕەزایی بەرامبەر بریکزت، چەند سەد کەسێک هەڵۆژانە سەر شەقامەکان.



ئەی ئێف پی:
عەبدولرەشید دۆستەمی جێگری سەرۆکی ئەفغانستان لە هەوڵێکی تیرۆرستی چەکدارانی تاڵیبان ڕزگاری بوو.



ڕۆیتەرز:
بە سەردانێک کە دوو ڕۆژ دەخایەنێ، پاپای ڤاتیکان گەیشتە مەغریب.

(خولی نوێکردنەوەی زانیارییەکانی کەشناسی) لە هەولێردا ئەنجامدرا





بەیانی رۆژی پێنجشەممەی رابردوو 2019.3.28 و بە ئامادەبوونی بەڕێز (فازڵ ئیبراهیم خدر) بەڕێوەبەری گشتی (کەشناسی و بوومەلەرزەزانی هەرێمی کوردستان)، وە هەر یەکە لە بەڕێزان، بەڕێوەبەری گشتی کەشناسی هەولێرو بەرپرسی وێستگەی کەشناسی کلاسیکی هەولێر، وە لە رێوڕەسمێکی خنجیلانەدا، (بڕوانامەی بەشداربوون) بەسەر 24 بەشداربووی (خولی نوێکردنەوەی زانیارییەکانی کەشناسی) دابەشکرا کە پێکهاتبوون لە کارمەندانی (بەڕێوەبەرایەتی گشتی کەشناسی و بوومەلەرزەزانی هەرێم) و (وێستگەی کەشناسی کلاسیکی هەولێر)، لە پێشبینیکاران و روانگەکارانی کەشناسی.

وانەی خولەکە لەلایەن پسپۆڕی کەشناسی عێراقی، بەڕێز (ریاز سەعید موسا) و بەشێوەیەکی تیۆری و کردارى گوترایەوەو ماوەی پێنج رۆژی خایاند، واتە لە ماوەی نێوان رۆژانی یەکشەممە، 2019.3.24تا پێنجشەممە 2019.3.28 لە (هۆڵی سیمینارەکان) ی تایبەت بە (سەنتەری راهێنانی کەشناسی) دا ئەنجامدرا کە تایبەت بوو بە چۆنییەتی ئەنجامدانی باشترین و وردترین خوێندنەوە بۆ ردگەزەکانی کەشناسی رۆژانەو چۆنییەتی بە (کۆد) کردنی داتایەکان و دەرخستنی باشترین بلاوکراوەی پێشبینی کەشناسی لەسەر بنەمایەکی زانستیانەی هاوچەرخدا.


تەواوی بەشداربووان سوپاسگوزاری خۆیان ئاراستەی تەواوی ستافی ئامادەکردن و ئەنجامدانی ئەم خولەیان کردو هیوایان خواست کەوا ئەم جۆرە چالاکییانە بەردەوام بێت، لە پێناو بەرەودانی زیاتر بە توانا زانستییەکانیان و فراوانترکردنی ئاستێ زانیاریان بۆ گەیشتن بە باشترین دەرئەنجام لە بواری پێشبینییەکانی کەشناسی لە هەرێمی کوردستاندا.

ماسی چاڵاکی و تەندروستی مێشک بەهێز دەکات



(ئەنجوومەنی ئەڵمانی بۆ مەشقی هزریی) ئاشکرایکرد، کە خواردنی ماسیی یارمەتی باشکردنی توانای مێشک دەدات، ئەوەش بە پێی لێکۆڵینەوەیەک کە لە وڵاتی (چین) ئەنجام درابوو و زیاتر لە 1500 کەسی لەخۆ گرتبوو. لێکۆڵینەوەکە سەلماندی کە خواردنی بەلایەنی کەم 100 گرام ماسی لە حەفتەیەکدا، کاریگەری ئەرێنی لەسەر توانا هزرییەکاندا دەبێت وەک هۆشیاری و وەبیرهاتنەوە کورت خایەن و درێژ خایەن، هەروەها لێکۆڵینەوەکە گەیشتە ئەو راستییەی کە کەمکردنەوەی خواردنی ماسیی لە بڕی 100 گرام لە حەفتەیەکدا دەبێتە هۆی سستی توانای هزریی. ئەوەو هەندێک جۆرە ماسی وەک ماسی (سەلەمۆن و ماسی سەردین) خواردنیان باشترە بۆ پێکاندنی ئەو ئامانجە، چونکە بڕێکی زیاتر چەوریی (ئۆمیگا 3) یان تێدایە.

هێشتا وەڵامی پرسیارێکی فەلەکیی - مێژوویی نەدرایتەوە!



لە 10.12.2014 تیمی کەشتی ئاسمانیی پێشووتری (رۆزیتا) رایانگەیاندبوو کەوا کەشتییەکەیان جۆرە هەڵمێکی دیکەی ئاوی دۆزیبۆوە کە زۆر جیاوازبووە لەوەی لەسەر زەویدا هەیە، ئەمەش لەلای خۆیەوە ببووە هۆکارێک بۆ گەرمترکردنی ئاستی گفت و گۆ مقۆمقۆیە دوورو درێژەکان دەربارەی یەکێ لە نهێنییە هەرە گەورەکانە، ئەویش مێژووی سەرهەڵدان و بوونی ئاوە لەسەر زەویدا.

ئەم دەرئەنجامە نوێیەی کەشتی رۆزیتا کە سەرەتا لە 6.8.2014 بۆ کلکداری 67P/ Gerasimenko –Churyumov وەرگیرابوو زۆر خێراتر بوو لەوەی پێشبینی بۆ دەکرا بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارێکی زۆر لەمێژینە دەربارەی مێژووی بوونی ئاو لەسەر زەویدا کە تا ئێستا بەشێوەیەک لە شێوەکان بە وەڵام نەدراوەیی ماوەتەوە.

لە قۆناغی یەکێ لەبیردۆزە هەرە قبووڵکراوەکانی دروستبوونی زەویدا هاتووە کەوا کاتێک زەوی بەر لە نزیکەی 4.6ملیار ساڵ پێش ئێستا دروستبوو ئەوا یەگجار زۆر گەرم بووەو ئەمەش بێ گومان ببووە هۆی کوڵاندنی هەموو بارستەکانی ئاو لەسەر رووی زەوی ئەو سەردەمەدا.

پرسیارەکە لێرەدا ئەویە: دوای ساردبوونەوەی هەسارەکەمان، ئەو بارستە مەزنەی ئاو لە کوێوە دووبارە سەریهەڵداوەتەوە؟

هەر بەپێی ئەو تیۆرە، دوای ساردبوونەوەی زەوی، ئەو بارستە ئاوییە لە رێگەی بەرکەوتنی کلکدارەکان (کە هەڵبتە پێکهاتەی سەرەکییەکەیان ئاوە) لەگەڵ هەندێ هەسارۆکەی دەوڵەمەند بە ئاون بەیەکەوە بوونەتە هۆی دووبارە پەیدابوونەوەی ئاو لەسەر زەویدا، کە ئەوەشیان هێشتا جێگای گفت و گۆیەکی زۆرە.

بەڕای زۆرێک لە پسپۆڕان، سەرچاوەی سەرەکی حاڵی بوونمان لە سەرەتای سەرهەڵدانی ئاو لەسەر زەوی بریتییە لە گەڕان بەدوای (بۆن و بەرامەکەی) و بۆ ئەو مەبەستەش پێکهاتەی (دیوتیریۆم – Deuterium) کە ئەویش جۆرێکە لە جۆرەکانی (هایدرۆجینی خاوەن نیوترۆنێکی زیادە)، بۆماوەیەکی دوورو درێژە بۆتە گومانلێکراوێکی سەرەکیی.

گرنگترین ئامانج لێرەدا ئەنجامدانی بەراوردێکە لەنێوان پێکهاتەی جۆربی جیاجیای بەشەکانی پێکهاتیی دۆزراوەی نیو کلکدارەکان لەگەڵ پێکهاتەی ئاوی زەریاکانی زەوی، بۆ ئەوەی حاڵی ببین لەوەی کەوا چۆن هەر یەکە لەو پێکهاتانە کاتی خۆی رۆڵیان هەبووە لە پەیدابوونی ئاو لەسەر هەسارەکەماندا.

لە رووی زانستیشەوە، کلکدارەکان بریتین لە کەرەستەی یەگجار نایاب بۆ بەکارهێنانیان لەبارەی دۆزینەوەی سەرەتای دروستبوونی سیستەمی خۆر بەشێوەیەکی گشتی، بە تایبەتیش ناسینەوەی مادەی هەرە گرنگی ناسراو بە (دیسکی هەسارە سەرتاییەکان – protoplanetary disc) کە لەو مادەیەوە تەواوی هەسارەکان و پاشکۆ تەنەکانی دیکەی نێو سیستەمی خۆر لە دایکبوونە.

ناسا دەگەڕێتەوە سەر مانگ



لە لێدوانێکیدا، بەڕێوەبەری (ئاژانسی ناسا) رایگەیاند کەوا لەلایەن سەرۆکی ئەمریکا (ترامپ) و جێگری سەرۆک (مایک بنس) داوامان لێکراوە دەبێت تا ساڵی 2024 مرۆڤ بگاتەوە بە سەر مانگ، هەربۆیە لەگەڵ (ئەنجوومەنی بۆشاییگەری نیشتمانیی) گفتوگۆ کرا سەبارەت بە خێرا گەڕانەوەمان بۆ سەر مانگ، لەمەوە دەبێت کارەکان دەست بێبکرێت بۆ بە ئەنجام گەیاندنی و دەڵنیاشم، وەک بەڕێوەبەری (ناسا) دەڵێ کەوا، ئاژانسی (ناسا) ئامادەیە بۆ ئەم سەرکێشییە هەروەک چۆن لەرابردوو پێی ناوەتە سەر رووی مانگ.

لەلایەکی دیکەوەو ئەمجارەیان لە نوێترین راگەیاندراودا، گوتەبێژی (ئاژانسی روس کۆسمۆس) ئاشکرایکرد کە پلانیان بۆ ناردنی مرۆڤ بۆ سەر مانگ لە داهاتوویەکی زۆر نزیک دەبێت، ئەمەش لەمیانی (کۆنگرەی رۆژنامەوانی مۆسکۆ) بوو بە بۆنەی تاقیکردنەوەی (تیمی SIRIUS) ی نیودەوڵەتی بۆ مانگ هات کە لە شەش کەس پێکهاتوون و بۆ ماوەی 120 رۆژ بۆ شوێنگەیەکی ئامادەکراوی وەک سەر مانگ دوردەخرینەوە و لە وێدا دەست بە لیکۆڵینەوە دەکەن.

لە لێدوانێکی تردا گوتەبێژی ئاژانسی (ناسا) رایگەیاند کە (رووسیا و ئەمریکا) بە شێوەیەکی نافەرمی رێکەوتوون لەسەر هەنگاونان بۆ گەشتەکانیان بۆ سەر مانگ.

ئاخۆ دەبێ هەنگاوەکان لەسالانی داهاتوو خێرابکرێن تا مرۆڤ دووبارە بگەڕێتەوە سەر مانگ؟ بێگومان لە داهاتوودا وەڵامە راستەقینەکە بەدی دەکەین.

چاندن لە ئەفریقیا ڕێگایە بۆ پاراستنی زەوی

لە راپۆرتێکی زانستیدا هاتووە، مرۆڤایەتی 4 پلە لە 8 پلە لە پێوەری دانداراوە بۆ مانەوەی لەسەر گۆی زەوی بڕیوە، بەردەوامیشە لە پێشیلکردن و زیدەڕۆیی کردن لەسەر بڕەکانی دیکەی پێوەرەکە.

(رۆژنامەی ئیندیپێندنت) بڵاویکردۆتەوە، زانا (یۆهان ڕیگستروّم) توێژینەوەیەکی بڵاوکردۆتەوە لە گۆڤاری زانست، تیایدا ئاشکرای کردووە کە مرۆڤایەتی زنجیرەیەک هەڵەی ئەنجام داوە وەک گۆڕینی کەشوهەواو لەناوبردنی هەندێک توخم و زیدەکردنی هەندێک توخمی دیکە بۆ ژینگە وەک فۆسفۆرو نایترۆجین و کارکردن بۆ بە بیابان بوونی زەوی کشتوکاڵی.

هەروەها گوتی: گۆی زەوی هاوڕێیەکی باش بوو بۆ مرۆڤایەتی و هێڵێکی پاراستن بوو بۆی، بەڵام ئێمە ئەو هاوڕێیەمان کرد بە دوژمن.

لەهەمان کاتدا ئەو توێژەرە گەشبینی خۆی نەشاردەوە و ئاشکرای کرد کە تاکو ئێستا توانای باشکردنی ڕەوشەکەمان لەبەر دەستە بە چاککردنەوەی کردەوەکانمان، ئەویش بە کەمکردنەوەی دەردانی گازی دووانە ئۆکسیدی کاربۆن و پەرەپێدانی کشتوکاڵ و بەرهەمهێنانی ڕووەکیی، بە تایبەتی لە کیشوەری ئەفریقیادا بۆ کەمکردنەوەی ڕووبەری بیابان و هەمەجۆری بایۆلۆجی لەم کیشوەردا.

ئەمڕۆ لەدەستپێکی خولی نایابی باسکەی کوردستاندا، دەربەندیخان رووبەڕووی قەڵا دەبێتەوە



ئا: سەرهەنگ نەجمەدین
فۆتۆ: ئاردەلان هەولێری

ئەمڕۆ کاروانی وەرزی سالی 2019ی خولی نایابی کوردستان بەبەشداری 9یانە لەسەرتاسەری کوردستان بەڕێوەدەچێت.

ئەمڕۆ دووشەمە لەشارۆچکەی دەربەندیخان لەیەکەمین یارییدا هەردوو تیپی باسکەی دەربەندیخان و باسکەی قەڵا لەیارییەکی بەهێز و جەماوەریدا بەیەک دەگەن، هەردوو یانەکە ئامادەکارییەکی تەواویان بۆ ئەنجامدانی ئەو یارییە کردووە و بردنەوەو کۆکردنەوەی زۆرترین خاڵ لەخولەکەدا، تیپەکەی دەکاتە پاڵەوانی خولی نایابی کوردستان، بۆ ئەم مەبەستە وەرگرتنی زانیاری لەبارەی چۆنییەتی ئامادەکاری تیپی باسکەی قەڵا بۆ یارییەکەی ئەمڕۆ بەتایبەتی و بۆ خولەکەیش بەگشتی، عەبدولخالق عەبدولقادر بەڕێوەبەری هونەری تیپی باسکەی قەڵا بۆ لایەڕەی وەرزشی خەبات گوتی: ئامادەکارییەکی تەواومان بۆ یارییەکەی ئەمڕۆ بەرامبەر دەربەندیخان کردووە و متمانەم بەتیپەکەم زۆرە کەبتوانن بەئەنجامێکی شایستە سەرکەوتوبن، سەبارەت بەچۆنییەتی خۆئامادەکرنمان بۆ خولەکە بەگشتی ئەوەیان بۆ یانەکان و بۆ یانەکەی ئێمەش کەمێک ناخۆش و قورس بوو، چونکە هەر تیپێک پێش دەستپێکردنی خول پێویستە دوو مانگ ئامادەکاریی تەواوی بۆ بکات، بەڵام ئێمە پێش چەند رۆژێک ئاگادار کراینەوە کە خولی باسکەی کوردستان دەستپێدەکات، بۆیە هەر بەپەلە توانیمان تیپێکی ڕێکوپێک پێک و دامەزراو پێک بهێنین و چەند یاریزانێکی ئاست بەرز و بەتوانا لەشارەکانی هەولێر و زاخۆ و دهۆک و کەرکوک لەتیپەکە کۆبکەینەوە و تیپێکی گونجاو وبەهێزمان بەسەرپەرشتی ڕاهێنەر سەردار سالح پێکهێناوە بۆئەنجامدانی یارییەکانی خولی باسکەی کوردستان.

عەبدولخالق زیاتر گوتی: سیستەمی خولەکە بەشێوەی یەک قۆناخ بەڕێوەدەچێت، 3یانە بۆ یانەپلە یەکەکان دادەبەزێ و دوو یانەش لەپلەیەکەکان سەردەکەوێت بۆ ڕێزی یانەنایابەکان، پاشان دووبارە بۆ وەرزی داهاتوو واتە وەرزی 2019 - 2020 خولێکی دیکە بۆ ئەو نۆ یانەیە سازدەدرێت.

سەبارەت بەو یارییانەی کەباسکەی قەڵا تێدا یاری دەکات عەبدولخالق عەبدولقادر بۆ ئەم پرسەیش وەڵامی خۆی هەبوو ناوبراو گوتی: تیپەکەمان 8یاری لەخولەکە ئەنجام دەدات، یەکەم یارمان بەرامبەر دەربەندیخان دەبێت ، بەڵام یارییەکانی دیکەی تیپەکەمان بەرانبەر هەر یەک لەم یانانە دەبێت : سۆلاف *قەڵا ، قەڵا*دبس، دهۆک*قەڵا ، قەڵا*زاخۆ،قەڵا *پێشمەرگە،ئاسۆ *قەڵا ، ئەکاد*قەڵا

دواجار ئەو بەڕێوەبەرە هونەرییەی یانەی قەڵا گلەیی وگازاندەی لەبەرپرسانی وەرزشی کوردستان دەکات و دەڵێت: تائێستا یانەیەکی وەک قەڵا خاوەن هۆڵێکی وەرزشی نییە، ئەوەی ئێمەی نیگەران کردووە نەبوونی هۆڵ شوێنی مەشق کردنمانە، بەسوپاسەوە بۆ کۆڵێژی پەروەردەی وەرزشی و یانەی وەرزشی ئەکاد کە دەرگای هۆڵەکەیان بەڕووی تیپەکەمان کردۆتەوە بۆ ئەنجامدانی مەشق وڕاهێنان.

سوکایەتی بە ئیسپانیۆڵ دەکات

پیکێ: سامانی خۆم لە بودجەی ئیسپانیۆڵ زیاترە

جیرارد پیکێ ئەستێرەی یانەی بەرشلۆنە جاریکی دیکە بۆوە قسەو باس و مقۆ مقۆی تۆرە کۆمەڵایەتییەکان، کاتێک لە دیمانەیەکی بەرنامەی لا رسیستنسیای کەنالی مۆفی ستار پلاس رایگەیاند کە سەروەت و سامانی ئەو لە بودجەی یانەی ئیسپانیۆڵ زیاترە.

ئەم قسەیەی پیکێ بووە مایەی بێزاری هاندەرانی یانەی ئیسپانیۆڵ و لە تۆرە کۆمەڵایەتییەکان هێرشێکی تونديان کردە سەری و بە سوکایەتی کردن لێکیاندایەوە، لەبەرامبەر ئەو هێرشانەی هەوادارانی ئیسپانیۆڵ، پیکێ هەر بەمە نەوەستا و وینەیەکی خۆی بەکاتژمێرەکەی دەستی بلاوکردەوە کە بەهاکەی 40هەزار یورۆیە و لەگەڵ وێنەکش رایگەیاندبوو کە سامانی ئەو لە بانکەکان 57 ملیۆن یورۆیە.



سیمۆنا: راهینەرەکەم ئامۆژگاری کردم پەلە نەکەم



دوای ئەوەی سیمۆنا هالیپ کچە تێنسزانی ڕۆمانی لە خولی میامی توانی لە وانگ کیانگی کچە تێنسزانی چینی بباتەوە، نزیک بۆتەوە لەوەی جارێکی تر لیستی ریزبەندی یاریزانانی تێنس نزیک بێتەوە.

سیمۆنا هۆکاری ئەوەی بۆ گۆڕینی شێوازی یاریکردنی لەم دواییە گێڕایەوە کە ڕاهێنەرەکەی ئامۆژگاری کردووە بەوەی هێندە پەلە نەکات، سیمۆنای تەمەن 27ساڵ دەڵێت: لەو پاڵەوانێتییەدا ڕاهێنەرەکەم چەند ئامۆژگارییەکی کردم و خۆشبەختانە توانیم ئامۆژگارییەکانی لە یارییدا جێبەجێ بکەم، ئەمجارە داوار لێکردم کە زۆر پەلە نەکەم، ئەوەبوو لە یارییەکاندا کەمیک بەهیمنی دەردەکەوتم.

ڕادۆ بلێندەرینکۆ ڕاهێنەری تۆپی پێی ئەکادیمیای تۆپی پێی نێودەوڵەتی:

پلانمان هەیە تیمێکی وا ئامادە بکەین کە لە دەرەوەی کوردستان یاری بکات

دیانە: کارزان کانەبی

لە ناحیەی عەنکاوەی سەر بە پارێزگای هەولێر ئەکادیمیای تۆپی پێی نێودەوڵەتی ماوەیەکی زۆرە خەریکی ئامادەکاری و ڕاهێنانە بۆ ئاستەکانی تەمەن، لەم قوتابخانەیەش چەندین یاریزانی بەتوانا دروووست بووە کە پاشەڕۆژێکی باش چاوەڕوانیان دەکات، یەکێک لەم ڕاهێنەرانەش کە شوێن دەستی دیاری کاپتن ڕادۆ بلێندەرینکۆی بەڕۆگەزرۆمانیە، لەم ئەکادیمیایە وەکو ڕاهێنەر کار دەکات، لە بارەی ئەم پرۆژەیە ڕۆژنامەی خەبات دیانەیەکی لەگەڵ ئەنجامدا.

*** مەبەست چیبە لە دامەزراندنی ئەم ئەکادیمیایە؟**

– ئەکادیمیای نێودەوڵەتی یەبۆ تۆپی پێ، کە دریژەپێدەراوی ئەکادیمیای بەرازیلییە کە لەلایەن ڕاهێنەرێکی بەرازیلی کلاودیۆ مۆزیس دامەزرابوو کە ڕاهێنەرێکی زۆر باش بوو، وە تیمێکی زۆر باشی هەبوو ، ئەو منی بانگێیشت کرد کە ببم بە یاریدەدەری بۆ ماوەی سالێک تا بەرنامەکەی ئەو کوتایی هات و دوای ئەو من دەستم بەم ئەکادیمیایە کرد و ئێستا بەردەوامین.

ئامانجی سەرکیمان لە کردنەوەی ئەم ئەکادیمیایە کە بانی منداڵ بدەین کە وەرزش بکەن چونکە وەرزش کردن زۆر گرنگە بۆ تەندروستی و باری دەرونی مرۆڤ بە تایبەتی تۆپی پێ کە منداڵ فێتردەکەێن چۆن بەیەکەوە یاری بکەن و یارمەتی یەکتر بدەن و پەیوەندی خۆشەویستیان لەگەڵ یەت هەبێت و برادەرایەتیان بەیز بێت وە هەروەما بە شێوەیەکی پرۆفیشنالانە و سەردەمانە یاری بکەن بە گوێرەی ستاندرداتی نێودەوڵەتی.

*** چەند ئاستی یاریزانانتان هەیە؟**

– ئێمە بە گشتی ٤٥ یاریزانمان هەیە بۆ ٣ ئاست بە گوێرەی تەمەن ئەوانیش لە ٨ تا ١٠ ساڵی و لە ١٠ تا ١٢ ساڵی وە لە ١٣ بۆ ١٥ ساڵی لە نێوان ئەم قوتابیانە یاریزانی زۆرباشمان هەیە کە بە ئاستێکی زۆر بەرز یاری دەکەن.

*** ئێوە بۆ مەبەستی بەرێوەبردنی و خەرجیاتی پێویستی ئەکادیمیاکەتان پارە لە بەشداربوان وەردەگرن، ئایا بیرتان لەوە نەکردۆتەوە کە پەرە بە کارەکەتان بدەن و وەبەرهێنان بکەن لەم بوارە؟**

– پرسیارەکەت زۆر بەجێیە ، بەڵام خۆت دەزانی کە بنەمای دامەزراندنی یانەیەکی گەورە لەسەر بوونی قوتابی بەندە وە زۆریش زەحمەتە هەڵسوکەوت کردن لەگەڵ منداڵ بۆ کاتی ئێستا ئەم کارە ئاسان نییە ، بەڵام بۆ داهاتوو نازانم چۆن دەبێت بەڵام من ئەوە دەزانم کە ئێمە بۆ داهاتوو پلانی گەورەترمان هەیە بۆ بەرەوپێشبردنی ئەکادیمیاکەمان هێواش هێواش وەک خۆتان دەڵێن وە هەروەما بەتەماین ڕاهێنەری باش دروست بکەین و یاریزانی باشیش کە بتوانن لە یانە ناوخۆکان یاری بکەن وە هەروەما ئەگەری ئەوەشمان هەیە کە یاریزانانی کوردستان بۆ دەرەوە ببەین کە لە یانە جیانی یەکان یاری بکەن.

*** پرۆژەتان هەیە کچانیش بگرێتەوە؟**

–بێگومان بەرنامەی وامان لەپێشە بەڵام کێشەی ڕاهێنەرمان هەیە ، من تەنیا یەک یاریدەدەرم هەیە و سیوادارم چەند ڕاهێنەریک دروست بکەم کە هەمان بیرۆکەی منیان هەبێت و پرۆفیشنالّ بن کە چۆن لەگەل کچ هەڵسوکەوت بکەن.

*** بریارتان داوە لە دەرەوەی کوردستان یاری بکەن؟**

– بەڵێ ئەمە خەونی منە و پێویستم بە یارمەتی باوک ودایکان هەیە چونکە خۆت دەزانی بەتەنیا هیچ ناکرێت بەڵام پلانمان هەیە کە تیمێکی وا ئامادە بکەین کە لە دەرەوەی کوردستان یاری بکەین، هەرچەندە ئێستا هەموو ڕۆژانی شەمە یاریمان هەیە لەگەڵ قوتابخانە ناوشێوەکانمان و یانەکانی ناو هەولێرو دەوروبەری وە پلانی زیاتریشمان هەیە .



ئینێستا: ژاپۆنییەکان وایان لێکردووم بەهەمان گیانی پێشوو یاری بکەم

ئینێستای یاریزانی پێشووی یانەی بەرشلۆنە و ئێستای یانەی ڤیسێل کوبی ژاپۆنی ڕایگەیاند کە لە خولی ژاپۆنی زۆر ئاسودەیەو شوێن جیاوازە و کات جیاوازە و پرۆژەش جیاوازە، بەڵام هیچ لەمانە کاری نەکردۆتە سەری و هەروەک جاران خۆشەویستی بۆ تۆپی پێ هەیە و هەست بە بەرپرسیاریتی دەکات.

ئینێستا لە لێدوانێکیدا کە ئاژانسەکانی ئیسپانیا بلاویان کردەوە گوتی: بردنەوەی یاری لەهەرشوێنێکدا ئاسان نییە، دەتوانم بڵێم لە ژاپۆن زەحمەتترە، چونکە لێرە ئاستی یانەکان هەموویان لەیەک نزیکن و هەموان بۆ بردنەوە یاری دەکەن، هەروەها گوتی: کاتێ هاتمە ژاپۆن شێوازی یاریکردنی یاریزانانم بینی و زۆر پێیان سەرسام بووم بەتایبەتیش لە خێرایی دینامیکی تواناکانیان، من لێرە ڕاهاتووم و زۆر ئاسوودەم، خۆشەویستی جەماوەر بۆ من گەوهەرێکە و هانم دەدەن کە بەهەمان گیانی جاران یاری بکەم.

بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:
0750 906 9595
یان ئیمەیلی:
reklam@xebat.net
بەشی ئاگادارییەکان:
0750 588 1616

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
tel: 0750 445 9940 selam@xebat.net
0770 2969696
بەڕێوەبەری هونەری
شکار نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

KHABAT Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla
Editor-in-chief: Salam Abdulla
info@xebat.net
www.xebat.net

خەبات XEBAT
Mon, 1. Apr. 2019 No: (5721)
ناونیشان: هەولێر- شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە . میدیا سەنتەر

دڵشاد مستەفا وەسانی

بەرەو یادی 60 ساڵەی

خەبات

(14)

قۆناغی دوای 2003

3-2

بەو پێیەی دەرچوونی ڕۆژنامەیەک بە زمانی عەرەبی لە بەغدا بە پێویست زاندرا، ستافی ڕۆژنامەی (خەبات) کە هەفتانە لە هەولێر بە عەرەبی دەردەچوو، لە 1ی ئاداری 2003 چووە بە غدا، بۆیە ئەو ستافە دوا ژمارەی (خەبات) ی عەرەبییان بە ژمارە 1127 لە ڕۆژی پێنج شەمە ڕێکەوتی 1/5/2003 دەرکرد، هەرچەندە ڕۆژنامەکە ڕۆژانی هەینی دەردەچوو، بەڵام بەهۆی ئەوەی دەبوو ستافەکە لە 1ی ئایار بۆ بەغدا بەڕێبکەون، دوا ژمارەیان لە هەمان ڕۆژ دەرکرد، ئەو ستافەی (خەبات) ڕۆژی شەمە ڕێکەوتی 10/5/ 2003 یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەی (التاخی)یان بە ژمارە 3982 دەرکرد و فەلەکەدین کاکەیی سەرنووسەری بوو، واتە دریژەپێدەری ڕۆژنامەی ڕۆژانەی برایەتی بوو کە لە هەولێر بە کوردی دەردەچوو، دوا ژمارەی برایەتی بە کوردی ڕۆژی پێنج شەمە ڕێکەوتی 1/5/ 2003 بە ژمارە 3981دەرچوو، دوا ژمارەی (خەبات)ی عەرەبی هەفتانە بە ژمارە 1127 لە هەولێر دەرچوو، ڕۆژی شەمە ڕێکەوتی 3/5/ 2003 هەمان ستافی ڕۆژنامەی برایەتی کە سەرنووسەرەکەی ئاریان فەرەج بوو، ژمارەی یەکەمی (خەبات)یان بە کوردی و بە ژمارە 1128 دەرکرد، بەو هۆیەشەوە ئەرکی (دەزگای ڕۆژنامەنووسیی برایەتی و خەبات) کۆتایی هات، کە دوا بەرپرسی ئەو دەزگایە عەبدولسەلام بەرواری بوو.

بەم شێوەیە، دوای ئەوەی 10ساڵ بوو (2003-1993) خەبات ببووە عەرەبی و هەفتانە دەردەچوو، لە 3ی ئایاری 2003بووە ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانە بە زمانی کوردی، ئەگەر سەیری میژووی ئەو ڕۆژنامەیە بکەین، دەبینین لە ماوەی 60 ساڵدا، لە نیوەی یەکەمی ئەو ماوەیەدا بە عەرەبی و کوردی دەرچووە، لە چەند شۆینێکیش دەرچووە لە بەغداوە تا دەگاتە ناوچە جیاجیاکانی کوردستان لە هەردوو شۆڕشی ئەیلوول و گوڵاندا، بەڵام لە نیوەی دووەمی ئەو ئەو ماوەیە، خەبات لەو ڕووەوە جێگیری پێوە دیارە، هەرچەندە 10ساڵ 1993-2003بە عەرەبی بووە، بەڵام لە 2003 بەولاوە بووەتە کوردی، لە لایەکی دیکەشەوە لە 1993ەوە خەبات لە هەولێر دەردەچێت.

دوای 2003کە (دەزگای ڕۆژنامەنووسیی برایەتی و خەبات) نەما، ئاریان فەرەج بە سەرنووسەری خەبات مایەوە، تا ڕۆژی دووشەمە ڕێکەوتی 26/7/2004نەژاد عەزیز سورمێ بووە سەرنووسەر، پێویستە بۆ وەبیرهێنانەوە باسی ئەوە بکەین، کە نەژاد عەزیز سورمێ لە 20/2/2000تا 5/12/2001وەک بەرپرسی دەزگای ڕۆژنامەنووسیی برایەتی و خەبات دەست بەکاربووە، جارێکی لە 26ی تەمموزی 2004وەک سەرنووسەری خەبات کاری کردووە و تا 6ی ئایاری 2012 ماوەتەوە، لەم ماوەیەدا ڕۆژنامەی خەبات هەر حەوت ڕۆژی هەفتە دەرچووە، تەنیا ڕۆژانی هەینی پشووی ڕۆژنامەنووس و کارمەندەکان بووە، بەڵام لەو ڕۆژەیش ڕۆژنامە دەردەچوو، لەبەرئەوەی ڕۆژانی هەینی پشوو بوو، ڕۆژانی شەمە دەرنەدەچوو، بۆیە بۆ ئەوەی ئەو ڕۆژەیش ڕۆژنامە دەربچێت، ستافێکی تایبەت بۆ ژمارەی شەمووان پێکهێندرا بوو، کە کاریان بۆ ژمارەی ڕۆژی شەمە دەکرد، ڕۆژی هەینی تا درەنگ دەمانەوە بۆ ئەوەی ژمارەی شەمە وەک ڕۆژانی دی ڕوومالێ هەموو ڕووداوەکانی هەینی بکات.

لە ساڵەوە دەزگای ڕۆژنامەنووسیی برایەتی و خەبات ماوەی فەرهاد عەونی 2000-1993 بۆ یەکەمجار ڕۆژنامەی برایەتی پاشکۆی ئەدەب و هونەر و وەرزشی دەرکرد، لاپەڕەی ڕۆشنبیری گشتی هەبوو کە چەند بوارێک بوو ڕۆژانە دەگۆڕان دوای نەمانی دەزگا پاشکۆکان نەمان، بەڵام بۆ ماوەیەک لە ساڵەوە سەرنووسەر ئاریان فەرەج ڕۆژنامەی خەبات پاشکۆی وەرزشی هەبوو، پاشان لە ساڵەوە سەرنووسەر نەژاد عەزیز سورمێ، جارێکی دی خەبات چەندپاشکۆیەکی دەرکرد، وەک خەباتی وەرزش کە هەفتانە بوو لە 15/ 5/ 2005 دەستی پێکرد، هەفتانە لاپەڕەیەکی ڕۆژنامە تایبەت بە مندالان دەردەچوو، دواتر کرایە گۆڤارێکی مانگانە بەناوی (هێلانەی منداڵان)، هەروەها تایبەت بوو بە فۆتۆ، سەرەتا وەک پاشکۆی ڕۆژنامەی خەبات 13ژمارەی لێ دەرچوو، دواتر تاو بووە دەزگایەک و تاوی کۆمەڵایەتیشی دەرکرد.

لە ماوەی 2004 تا 2012 گرنگی زیاتر بە بواری جیاجیاکان دراوە و لاپەڕەی هەفتانەی بۆ تەرخان کراوە، زۆر بابەت هەبوو یەکەم جار بوو لە ڕۆژنامەگەریی کوردیدا لاپەڕەی بۆ تەرخان بکرێت،لاپەڕەکانیش بریتی بوون لە:(پایتەخت، ئاوەدانکردنەوە و ژیانی لادێ، گەشتوگوزار، لاوان، کۆمەڵایەتی، کشتوکاڵ، زانست، ئای تی، هونەر، ئافرەت، پەروەردە و خوێندن، ئابووری و بازاڕ، ژینگە، کاروباری خەڵک، میژوو). هەر لەو ماوەیەدا، لە مانگی تشرینی دووەمی ساڵی 2006 ژمارەی لاپەڕەکانی خەبات لە 12 لاپەڕەوە بووە 16 لاپەڕە، کە ئەوکات هەندێ ناوەندی میدیایی بە گرنگیان زانی و بۆ ئەم مەبەستەش ڕۆژنامەی ئاسۆ کە ئەوکات دەردەچوو لێدوانی لە سکرتێری نووسین کەریم قادر وەرگرت.



تۆڕێنەوەیەک بووە مایەی بە دۆکیومێنکردنی ڕووەکی کوردستان

هاوار مورتکەیی

د. کاردۆ نوردین کەریم، قوتابی دکتۆرا لە بەشی ئەندازیاری تەلارسازی لە زانکۆی پۆلیتەکنیکی پۆزنان لە پۆڵەندا، توانی بە پلەی نایاب لە بواریکی ناوازەدا تێزێنەوەی دکتۆراکەی تەواو بکات.

تێزێنەوەکەی د. کاردۆ دۆکیومینتکردنی باخچەی ڕووەکی کوردستانە لە نیو لیستی باخچە ڕووەکە جیهانییەکان وەک باخچەی ڕووەکی (ژاپۆنی، ئینگلیزی، عوسمانی، ئیتاڵی، ئیرانی...هتد). گرنگی تێزێنەوەکە لەوەدایە کە ئێستا لەمەودوا باخچەی ڕووەکی کوردستان ناوی دەچێتە ناو لیستی ئەو وڵاتانەی کە خاوەنی باخچەی ڕووەکی تایبەت بە خۆیانن، تێزێنەوەکەی د. کاردۆ پشتی بەستووە بە باخچەی ڕووەکی هەولیر کە ئێستا بەردەستە و کار بۆ ئەوە دەکات نەهێڵێت چیدی ڕووەکە تایبەتەکانی کوردستان لەناوبچن و گەشەیان پێبدەدات، لە کۆتایی تێزێنەوەکەدا بە شێوەیەکی بەرچاو دەردەکەوێت کە باخچەی ڕووەکی کوردستان تایبەتمەندی خۆی هەیە و جیای دەکاتەوە لە باخچە ڕووەکەکانی وڵاتانی تر، ئەم هەنگاوەش دەوڵەمەندی جوگرافیا و ئاو و هەوای کوردستان پیشان دەدات، نوسینی ئەم جۆرە تێزێنەوانە وا دەکات هەموو جیهان گەواهی ئەوە بدات کە گوڵی (شلێر، شیلان، کنێر، نێرگز... هتد.) مۆرکی کوردایەتیان پێوەیە و بۆنی کوردستانیان لێدێت.

لەبەرامبەر ئەمەدا زیاد ڕەئووف نوینەری حکومەتی هەرێمی کوردستان لە پۆڵەندا، دەستخۆشی لە د.کاردۆ کرد بۆ پیشاندانی جوانییەکانی کوردستان بە جیهان و هیوای سەرکەوتنی زیاتری بۆ خواست لە کایەکانی ژیانیدا.

هونەرمەند شەهریار: هەرکات میللەت و خاکەکەم پێویستیان پێم بێیت سەرم لەڕێدایە



وریشە عومەر

هونەرمەندی لاو شەهریار کە ئێستا لەدەرەوەی وڵات ژیان بەسەر دەبات لەلاپەڕەی تایبەتی خۆی لەتۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوک وێنەیەکی خۆی داناوە کەئالایەکی کوردستانی بەدەستەوەیە پارچەهەڵبەستێکی جوانی باوکی بلاوکردۆتەوە

بە دایم سەرم بۆ میلەت پردە
لە دڵی منیش ناسکتر کورە
بە زبانی کوردی چەن خۆشە شینم
بەوشەرت بە کوردیش بکەن تەڵقینم
خامۆش لەو شینە بەهرە وەر دەگرێت
تا حەشری لەگەڵ کوردانا ئەکرێت.

لەلێدوانێکدا شەهریار بەخەباتی گوت:ئەم شیعرە هی (مامۆستا خامۆشی باوکم)ە، بەڵام من لەسەر ئەو هەستەی باوکم پەروەردە کراوم لەهەرشۆێنێک میللەت و خاکەکەم پێویستی پێم بێیت سەرم لەڕێیە و ئامادەم بەرگری بکەم، لەڕێی هونەرەکەشم درێخی ناکەم لەخزمەت کردنی هونەری ڕەسەنی کوردی.



هەوری سوپەرسێل لە ئاسمانی هەولێر

فۆتۆ: کوردۆ ئەنوەر

تیپی شانۆی خورماڵ داوای پشتیوانی و هاوکاری دەکات



خەبات/عەلی پانیشاری

تیپی شانۆی شارۆچکەی خورماڵ کە نزیکەی 8 ساڵە دامەزراوە داوای هاوکاری لە ڕۆشنبیری حکوومەتی هەرێم کردووە بۆ ئەوەی بتوانێت بەردەوام بێت لە چالاکییەکانی.

سەرپەرشتیاری تیپەکە دەڵێ" ئەندامانی تیپەکە خۆیان خەرجی بەشێک لە چالاکییەکان دەگرنە ئەستۆ، چونکە مانگانە وەزارەتی حکوومەتی هەرێم هیچ بڕە پارەیەکمان بۆ دابین نەکردنمان نەبووەتە هۆی ئەوەی چالاکییەکانمان بوەستێنین".

سەنعان فایەق هانەدنی، سەرپەرشتیاری تیپی شانۆی خورماڵ بە(خەبات)ی گوت" لەماوەی چوار مانگی ئەمسالدا نزیکەی 15 چالاکی جۆراو جۆرمان لە سنوری پارێزگای هەڵەبجە و سلێمانی ئەنجامداوە، ئەمەش بۆ تیپێکی شانۆیی کە هیچ هاوکارییەکی مادی نەکرێت زۆرە". گوتیشی" ئەگەر دەستگیرۆیان بکەن چالاکییەکانمان زیاتر فراوان دەکەن". ناوبراو دەشڵێت" جیاوازتر لە تیپە شانۆییەکانی دیکە بەشێک لە چالاکییەکانمان بردووەتە گوندەکانی سنوری پارێزگای هەڵەبجە، ئەمەش دڵخۆشی دانیشتوانی گوندەکانی لێکەوتووەتەوە".سەرپەرشتیار ی تیپی شانۆی خورماڵ نیگەرانە لەوەی وەکو پێویست هاوکاری شانۆ و شانۆکاران ناکرێت و لەوبارەیەوە دەڵێ" لەسەر ئاستی پارێزگای هەڵەبجە هۆڵێکی شیاو نییە تا تیپە شانۆییەکان چالاکییەکانی تێدا ئەنجام بدەن، ئەمە لە کاتێکدایە دەیان ساڵە تیپ و چالاکی شانۆیی لە سنورەکەدا بوونی هەیە و چەندین شانۆکاری بەتوانا لەناوچەکەدا هەڵکەوتوون". سەنعان فایەق هەروەها دەشڵێت" نەبوونی هۆڵی وایکردووە بەشێک لە کارەکانمان لەسەر شەقامەکان ئەنجام بدەین". ناوبراو سوپاسی بەشی ڕۆشنبیری و هونەری شارۆچکەی خورماڵ و بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕۆشنبیری و هونەری پارێزگای هەڵەبجەی کرد کە چەندین جار پشتیوان و هاوکاریان بوون.

تیپی شانۆی خورماڵ لە 11/11/ 2011 دامەزراوە. 25 کەس ئەندامی دامەزرێنەری تیپەکەن و خاوەنی موڵەتی فەرمییە. بەوتەی شانۆکارانی ناوچەکە تیپەکە لەسەر ئاستی پارێزگای هەڵەبجە چالاکترین تیپی شانۆییە.